# قەڵەم

# فەرهەنگی لە وشە دێنێتەگۆ

نووسینی

فوئاد قەرەداغی

بەرایی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# سێ بەش ... سێ چەپکە تیشک

دەڵێن : نووسین ناسنامەی نووسەرەو ، بەرهەمی هەر نووسەرێک کاکڵەی جیهانبینی و هزرو هەڵوێست و رەوتی ژیانێتی.

دەڵێن : بۆ ناسینی کەسایەتیی هەر نووسەرێک ، بۆ شارەزابوون لە خەون و هیواکانی ،دەبێت سەرجەمی نووسینەکانی بخوێنیتەوە.

من خەسڵەتی (راستگۆیی) دەدەمە پاڵ وشەی نووسەرو ئەو راستییانەی سەرەوە بۆ نووسەری راستگۆ دەسەلمێنم ، چونکە دەشێت نووسەر هەبێت ، لە کایەی وشە فرۆشیدا ، بە زەبری وشەی رەنگاو ڕەنگ خەڵک چەواشە بکات و نووسینەکانی حەقیقەتی کەسایەتی و ژیانی تایبەتیی دەرنەبڕن.

دیارە ئەوە خەڵکە سەرپشکی ئەوە دەبن بژاری راستی و ناڕاستی و ، هەق و ناهەق و ، راستگۆیی و چەواشەکاریی بکەن و ، دوا بڕیار بەسەر قەڵەمی نووسەرەکاندا بدەن.

لەو باری سەرنجەوە ئەم کۆمەڵە وتارەم کۆکردەوە کە تێکڕا هەموویان لە چرکە ساتەکانی هەژانی ناخمدا گەڵاڵە بوون و قەڵەمیش راشکاوانە ، لە سنووری هەلومەرجی خۆیاندا ، بەگۆی هێناون.

ئەم رەوتەی نووسین ، بەدەر لەو هەلومەرجانەش هێشتا بەردەوامە ، ئێستاش ناخی نووسەر قوڵپدەداو پەیتا پەیتا ژانەکانی دەخواتەوەو ، ئەوەندەی دەرفەتی بۆ بڕەخسێ ، هەڵدەچێت و چیرۆکی نامۆ بوونی ئەم قەڵەمە بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕێتەوە.

ئەم وتارانە لە سێ بەشدا ریزبەندیکراون . بابەتەکان ، زادەی بیرو هەڵوێست و کارلێکی گیانی نووسەرو رووداو و دیاردە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵە.

نووسەر بۆ چڕکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانی ، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی روون و ئاشکرای نامۆبوونی و ، ئەو ژانە بە سوێیانەی کە بەرئەنجامین، نمایش بکات ، بۆ ئەوەی لەنێوان دێڕەکانەوە راستگۆیانە ، بروسکە ئاسا ، ئەزموونی خەم و خەونەکانی ئەم

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

چەند ساڵەی دوایی ژیانی لە چەند سەرخەتێکدا بەیان بکات ، بۆ هەر بەشێک چەپکێ تیشکی کۆکردۆتەوەو ئاڕاستەی زامەکانی کردووە ، بەمەش زەمینەی بۆ قەڵەم خۆشکردووە تا بە ڕووناکی ئەسپی خۆی تاو بدات و بابەتەکانی نامۆیی خاوەنەکەی لە ناخەوە بۆ سەر کاغەز دەربهاوێژێت.

یەکەم چەپک لە سۆزی وشە خەماوییەکاندا ، لە بەڕێکردنی مامۆستاو براو هاوڕێ ئازیزەکانیدا ، نامۆیی ئەو خۆشەویستانەی بەرجەستە کردووە کە بۆ ژیان مەرگیان هەڵبژارد ، یان مەرگ یەخەی گرتن و ژیانی پڕ بەهای گوڵتەمەنیان نەمریی بۆ تۆمارکردن.

کاتێک نووسەر ژان و سوێی مەرگی ئازیزانی رادەژەنێ ، ژیانی راستەقینە ، ژیاندۆستی ، بە نەوەکان دەگەیەنێت و تۆمەتی (مەرگدۆستی) ی لە ئاستی یادو بیرەوەریی ئەو گیانبەختکردووانەدا پووچەڵدەکاتەوە ، یەکبینەیی ژیان و خەبات جەختدەکاتەوەو ، لەم جیهانە جەنجاڵ وئاڵۆزو پڕ لە ململانێیەدا ، تێزی (مرۆڤ هەڵوێستە) دەکاتە دروشمی مرۆکان و ، لەو روانگەیەوە بۆ مەزنی ئەو خۆشەویستانەی دەڕوانێت و لە توێی وشەکانیدا بەرزترین جێگەیان بۆ دەکاتەوە.

دووەم چەپک رووی لە تەلاری خاوەنشکۆیە تا لەبەر رۆشناییەکەیدا گوڵبارانی خەونەکانی بکات و دواڕۆژی ئەو تەلارە بڕازێنێتەوە.

ئەگەرچی سیی ساڵ زێترە نووسەر لە خزمەتی پایەداریی ئەو تەلارەو نیازە بێگەردەکانی خاوەنشکۆدایە ، بەڵام هەرگیز لافی ئەوەی لێنەداوە هەڵسووڕاوێکی کارامەی نێو ئەو تەلارە بوو بێت بەڵکو بێفیزانە ، ئەوەندەی تواناکانی خۆی ، ئەوەندەی پانتایی بوارو قەبارەی ئەو هەلە دیاریکراوانەی بەردەمی ، بۆ بەرزو بەرزترکردنەوەی کەمتەرخەمیی نەکردووەو ، ئەگەر چەند گوڵێکی لەبەردەستدا بووبێت ، بێ سێ و دووکردن ، رێژنەگوڵی کەژاوەکەی پێکردووە و هەوڵیداوە نوێترو رازاوەترو جوانتر بنوێنێت.

ئەمێستا نووسەر لە پەراوێزی ئەو تەلارەدا ، بە چاوی هیواوە ، بۆ ئەو خونچە گوڵانە دەڕوانێت کە لە باخچەی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا دەگەشێنەوەو گوڵاوپرژێنی دڵمان دەکەن و ئارامی بە گیانی خاوەنشکۆ دەبەخشن . ئێمە چاوی چاوەڕوانیمان لەو رێڕەوە بە گوڵ چنراوانەیە کە بەبۆنی خۆشیان مەستمان دەکەن و ، بە ڕەنگی ئاڵ و واڵای بریسکەداریان قەڵەمە تەڵخەکان و ژەهرنامەکانیان لە نێو رەشنامەکانی سەردەمی قادسیەو ئەنفال

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

و کیمیابــاران و شــۆڤێنیزمی ئێــستادا رادەمــاڵن و باخچەکــانی خاوەنشکۆیان لێپاکدەکەنەوە .

سێیەم چەپک ئاوازێکی رەنگاڵەیی ژێیەکانی ناخە ، رەنگدانەوەی خواســت و ئــاوات و ئامانجەکــانی قەڵەمێکــی نــامۆیە ، ژانــی بێکۆتـایی کۆمەڵــگایەکی نـامۆیە لە هـزری جگەرگۆشــەیەکیدا ، زنجیرەیەکی بێپەیە لە خەم و پەژارە کە دڵـی دەگوشــن و شــەوو رۆژ هەراسانی دەکەن ، بەڵام بەرەو ئەستێرەکان بەکێـشیدەکەن تـا خەونە دێرینەکـانی نـوێبکەنەوەو ، بە ئاوازەکـانی بەهەشــتی ئایندە لایلایەی بۆ بکەن .

ئاوازەکان هەمەڕەنگن ، بەرزو نزمن ، خاوو خێران . . .

ئاوازەکان ئاوێتەی ترپەی دڵێکی زامدارن و بە دیار چڵـێ نەمـامی هیــواوە شــەپۆل دەدەن و نــۆتەی ســروودێکی جیهــانیی نــوێ دەنەخــشێنن و ، پــڕ بە پــڕی گیــانی ســەرڕێژ لە بەهــای مــرۆ شەیداکانی ژیان ، لەسەر ژێیە لەریوەکـانی نـاخ بانگەوازێـک : لە عیشقی گوڵ وپەپـوولە ، لە ئـاوێزانی هـاژەو جریـوە ، لە تـریفەی مانگ و ئارامیی ، لە چرپەی ئەڤینی مرۆڤـــ و سروشــت ، بەرەو دواڕۆژی ئازادی و خەونی یەکسانیی مرۆڤـــ ، دەچڕن و دیـسان بە دەنــگە گەشــبینەکەی (یــۆژین پــۆتیە) (1) و(گــۆڕان) پەیـامی دێرینی سروودی :(( هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان ، دیلانـی برسـێتی دنیـا . . . . . )) و ((دەمـی راپەڕیـنە)) بە دوا خـاڵی گـۆی زەوی دەگەیەنن . .

فوئاد قەرەداغی

شوباتی ٢٠١٣

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەشی یەکەم

# سۆزی پەیقە خەماوییەکان

## بۆ یادی هاوڕێی کۆچکردووم مامۆستا محەمەد نوری توفیق

سەرەتا بەر لەوەی بیبینم ، مامۆستا حەمە نوریم ناسی . کاتێک ناسیم کە ئەوو کاک تەهای برای لە ( نوگرەتولسەلمان ) زیندانی بوون . ئەو ناسینە بۆ هاوینی ساڵی 1962 دەگەڕێتەوە ، ئەو کاتە من ئەندامی لیژنەی شاری سلێمانیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم ، کاک عومەری برای مامۆستا حەمە نوری (

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

یادی هەمیشە زیندوو بێت ) لێپرسراومان بوو ، بۆیە کە دواتر ئازادکران و هاتنە سلێمانی ، من یەکێک بووم لەو کەسانەی لێیان نزیک بم و ناسینە دوورەکەمان بە پەیوەندی دۆستانە وەرچەرخێت . ئەم یەکترناسینەمان ، بەهۆی کاری سیاسی لەگەڵ کاک تەهاو کاری رێکخراوەیی لەنێو یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا لەگەڵ مامۆستا حەمە نوری پتەوتر بوو ، بەتایبەتی دوای سێیەم کۆنگرەی یەکێتیی لە ساڵی 1968 دا ؛ کارکردنی هەردووکیشمان پێکەوە وەک دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی ( ئامانج ) ئۆرگانی یەکێتیی مامۆستایان زێتر پەیوەندی نێوانمانی خۆشتر کرد ، هەر لەو سەروبەندەدا کارکردنمان لە گۆڤاری ( رزگاری ) دا ئەوەندەیتر لە یەکتری نزیک خستینەوە . ئەم نزیکییە بووە برادەرایەتی و هاورێیەتییەکی بەردەوام .

لەڕاستیدا پەیوەندیمان هەندێک جار دابڕانی تێدەکەوت ، ئەوەش بەهۆی رووداوەکانی ئەو کاتەی کوردستانەوە ، جارێ بە هۆی دوورخستنەوەم بۆ باشووری عێراق ، جارێک بە هۆی پەیوەستبوونی ئەو بە شۆڕشەوە لە ساڵی 1974 دا ، جارێکیدیکە بەهۆی دوورخستنەوەی ئەوەوە بۆ شاری ( دیوانییە ) لەناوەڕاستی عێراقدا ، جارێکیشیان بەهۆی چوونی من بەماڵەوە بۆ بەغدا بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ؛ بەڵام ئەم دابڕانانە کاریان لە هاورێیەتیمان نەکرد ، بەڵکو بەپێچەوانەوە توندتریکردو لەهەر یەکتر بینینەوەیەکدا نوێدەبۆوەو ، ئەو پەیوەندییەی سەرەتا بە ناسینی دوور بە دوورو دواتر بە کاری رێکخراوەیی دەستیپێکرد بوو بە هاورێیەتی شەخسی و ئیتر ئێمە بەدەر لە سیاسەت هەمیشە هاورێ و براو خۆشەویستی یەکتر بووین .

<u>مرۆڤێکی دڵسۆز</u>

هەر لەو کاتەوە مامۆستا حەمە نوریم ناسی تا ئەو کاتەی مەرگ لێی سەندینەوە ، یەکێک لە و سیفەتانەی تیادا بەدیتدەکرد دڵسۆزی بوو . دڵسۆزی بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوەی هەبوو ، یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی بوو . مامۆستا نموونەی مرۆڤێکی دڵسۆزو پاک و جیددی بوو لەو کارانەشدا کە دەیکرد یان پێیدەسپێردرا ، ئەوەندەی لە سنووری توانایدا بووبێ و لەکارەکانیدا دەسەڵاتی هەبووبێت ، بێ ماندووبوون ، بێ چاوەڕێکردنی ئافەرین و پاداشت ، خۆنەویستانە کاریدەکرد ، ئەوەش سەرچاوەی سەرکەوتنی بوو لە هەموو ئەو کارانەدا کە لە ئەستۆی دەگرت . من وەک خۆم شاهیدی دڵسۆزی ئەوم لە خەباتی رێکخراوەیی یەکێتیی مامۆستایاندا ، چ وەک ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزی و سکرتارییەت و ، چ وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی ( ئامانج ) ؛ ئەو مامۆستایانەش کە لە قوتابخانەکاندا هاوپیشەی بوون ، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانەی چوارباخی سەرەتایی لە سلێمانی کە مامۆستا حەمە نوری بەڕێوەبەریان بوو ، شاهیدی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سەرکەوتوویی و ژیری و کارامەیی ئیداریی ئەون . لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا ، ئەوە با هاوکارەکانی لە ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ ) شاهید بن کە چۆن سەرباری ئەوەی بەتەمەن لە ستافی ڕۆژنامەکە گەورەتر بوو ، بەڵام وەک گەنجێک ڕۆژانە بە حەماسەتەوە کاریدەکردو ، بەردەوام لە ژوورەکەی خۆیدا دەبینراو کاتەکەشی بە خوێندنەوەو نووسین بەسەر دەبرد . ئەم هەڵسوکەوتە دڵسۆزانەیەی مامۆستا حەمە نوری لە دەرکردنی گۆڤاری ( سلێمانی ) شدا ڕەنگیدایەوەو کەسێک نییە ڕادەی ماندووبوونی لەو گۆڤارەدا ، لەدووتوێی پەڕەکانیدا ، بەدینەکات . هەر لەڕێی ئەم گۆڤارەشەوە کەسانێکی زۆر لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و کەسایەتییە ناسراوو کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی ئەم سەربازە گومناوەی ڕۆژنامەگەرییان ناسی و ، خەمی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی گۆڤارەکەیان لە کاری بێ پسانەوەی ئەودا بەدیدەکرد .

<u>کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی</u>

مامۆستا حەمە نوری پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی فراوانی هەبوو . لەم پەیوەندییەدا هەمیشە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیی کەسوکارو دراوسێ و هاوڕێکانیدا بوو . لەناو خێزان و بنەماڵەکەیاندا ڕێزێکی لە ڕادەبەدەری هەبوو ، سەرچاوەی پرس وڕاو ڕێزی براو ئامۆزا و خزمەکانی بوو ، بۆ هاوڕێکانیشی هەر بەو شێوەیە بوو . بۆ خۆم چەند نموونەیەکی ئەو مشوورخواردن و بەتەنگەوەهاتنەی مامۆستام لەلایە کە لە گشت خۆشی و بەتایبەتی ناخۆشییەکانمدا ئامادە دەبوو و فەرامۆشی نەدەکردم . یەکێک لەو هەڵوێستە شەخسییانەی وەک نموونە بیهێنمەوە ئەوەبوو کە لە ساڵەکانی 1980 و 1981 دا ، کاتێک فەهمی برام لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە بێ سەروشوێنکرا ، چەند جار کارەکانی خۆی بەجێدەهێشت و بە ئوتومبیلی خۆی دەیبردمە کەرکوک و لەڕێی هەندێک لە ناسیاوەکانییەوە سۆراخی فەهمی بۆ دەکردم تا هەواڵ و چارەنووسی بزانین ، بەبێ ئەوەی گوێبداتە مەترسی ئەو کارەو سیاسەتە شۆڤێنیستی و فاشستییەکەی بەعس ، لەسەردەمێکدا کە ئاشکرابوونی هەوڵێکی وەها بەر گومانی پەیوەندیبوون بە شۆڕشەوە دەکەوت ، ئەو گومانەش بەس بوو بۆ تیاچوونی هەرکەسێک .

<u>مامۆستاو سیاسەت</u>

ڕەنگە زۆر جار کەسانێک دوور بە دوور مامۆستا حەمە نورییان بە سیاسی یان حزبی و تەنانەت حزبییەکی گەورە زانیبێت ، بەڵام لەڕاستیدا نە سیاسی بوو وەک مانای کاری سیاسی و خولیای سیاسەتکردن و نە حزبیش بوو . من لەوەتەی مامۆستا دەناسم کەسێکی حزبی نەبووەو هیچ ئیلتیزامێک بە حزبەوە گرێینەداوە . پەیوەندی ئەو لەسەر بنچینەی دڵسۆزی بۆ خاک و نیشتمان و ئیلتیزامێکی ئەخلاقی بووە بەرامبەر ئەو هاوڕێ و کەسایەتییانەی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بۆ مەودایەکی مێژوویی ناسیونی و سەردەمانێک پێکەوە هاوخەبات و هاوخەمی پرسی کورد بوون . ئەو کەسێک بوو بە بیروباوەڕ نەتەوەیی و دیموکرات . لەسەروبەندی کەرتبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، کە ئەو کاتە پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتی دەکرد ، بۆ هەردوو باڵی بارزانی و مەکتەبی سیاسی ، ئەگەرچی بەلای باڵی مەکتەبی سیاسیدا و پاشان یەکێتیی نیشتمانیدا شکایەوە ، بەڵام لە سەرانسەری مێژووی ئەو ململانێیەدا ، کەسێکی میانەڕەو بوو ، دژی کاری توندوتیژی و توندڕەویی بوو . من بۆ خۆم لایەنگیرێکی توندڕەوی لایەنێکیان بووم ، بۆیە چەند جار لەگەڵ مامۆستا حەمە نوریدا مشتومڕمان بووە ، هەموو جارێک و هەمیشە ئامۆژگاری دەکردم کە هەڵوێستی توندڕەوی وەرنەگرم و بەرژەوەندی گشتی و دوارۆژی بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتیمان لەبەرچاو بگرم ، لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانیشدا ساڵی 1968 بەگەرمی پشتیوانی لەو بڕیارەی کۆنگرە کرد کە بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەوڵێک لەلایەن یەکێتیی مامۆستایانەوە بدرێت و وەفدێک سەردانی هەردوو مەکتەبی سیاسی هەردوو باڵەکەی پارتی بکات ، هەمان ئەم هەڵوێستەشی لە دوا شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی هەبوو ، ئەگەرچی لە دەزگای راگەیاندنی یەکێتیدا کاریدەکرد .

بە مەرگی مامۆستا حەمە نوری نووسەرێک ، رۆشنبیرێک ، رۆژنامەنووسێک ، کەسایەتییەکی پاک و دڵسۆزو سەوداسەرێکی ئازادی کوردو رزگاریی کوردستانمان لەدەستچوو . سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستاو یادی هەمیشە زیندوو بێت .

<u>تێبینی</u>

مامۆستا حەمە نوری لە 8 ی حوزەیرانی 2011 دا ، دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندەدا گەیشتە کاروانی نووسەران و ئەدیبانی کۆچکردووی گەلەکەمان . رۆژی 14 ی تەمموزی 2011 لە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی یادی چلەی کۆچکردنی بۆ کرا ، من وەک یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەم وتارەم بۆ ئەو بۆنەیە ئامادەکردبوو ، بەڵام راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی پەیوەندییان پێوەنەکردم و بۆنەکەیان بۆ خۆیان قۆرخکرد ، بۆیە وتارەکەم شەوی ١٥ ی تەموز لە فەیسبوک بڵاو کردەوە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ئەستێرەیەکی ئاوابوو

ئەستێرەیەک ، ناوی ئەستێرەی (گۆران) بوو . . . لە پڕ کشاو ، لەبەردیدەمان ئاوابوو . . .

دیسان ئەمساڵ ، تشرینی خەم ، چەخماخەبارانی کردم . . .

دیسان ، گەواڵەی هەورتار ، ڕووناکیی لێشاردمەوەو ، بینایی لێ سپی کردم . . .

دیسان ، ڕەشە بروسکەی هەواڵێک ، سەرتاپای هۆش و گیانمی سمی و ، مەرگی خۆشەویستێکی دی پێگەیاندم . . .

دیسان ئەمساڵ ، تشرینەکەی ژان و فرمێسک ، کسپەی لەناخم هەڵگیرساند . . .

کسپە ، چزچز ،تەنییەوە ، بەناخمدا شۆڕبووەوەو ، هەتا سەرمۆخ ، هەتا دوا خانەی هەست و هۆش ، زامێکی دیکەی

تێکردم . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

چ زامێک بوو ، زامێکی تیژو بەپەلە . . .

چ زامێک بوو ، زامێکی لێوان لێو ئاخن ، لە پشکۆو ژیلەمۆو کرپە . . .

زامی مەرگی (گۆران)ی هاوڕێم و برا . . .

(گۆران)ی مرۆڤـــــ و بڕوا . . .

(گۆران)ی شەیدای ئازادی و ، ژیانی سەرڕێژ بە هیوا . . .

هاوڕێم . . . برام

ئەم مەرگەی تۆ ، چ مەرگێکی بە خورپە بوو . . .

ئەم کۆچەی تۆ ، چ کۆچێکی ناوادە بوو . . .

ئەمە ، چ ((چارەنووسـێکی)) نەنـگ بـوو ، تـۆی بـۆ سـەیوان بەکێشکردو ، بۆ ئێمەش ئەوە چل رۆژە ،

ئەو هەواڵە شۆکهاوەرە ، بە ئیفلیجی بە جێیهێشتووین : دەست و پەنجەمان ئیفلیج و ، زمان لاڵ ومێشک بەستوو و ، قەڵەم وشک و بێبەرهەمی کردووین . . .

ئەی هاوڕێی گیانی بە گیانیم

لێمببـوورە ، لێمیمەگـرە ، ئـابەم دەسـت و پەنجـانەوە رابمێـنم . . . ئـاخر قەڵەم دەستەوسـانەو ، هەرچەنـد دەکـات ، بـۆ ئەم ((رێکەوت)) ەی مەرگی تۆ ، بەپەنجەمەوە بەنگنابێ . . . ئەوە

سـەریهەڵگرتووەو بـۆ چەنـد وشـەیەک دەگەڕێ ، دەگەڕێـت و هەڵدەنووتێ و بۆم رامنابێ . . .

ئەوەتا ورد ورد دەڕوانێ ، پەیتا پەیتا ، بەنگکێشانە ، وردەبێت و بە چۆکدادێ ، بۆ چەند دێڕێک

لەوشەی سووری زام و گڕ ، بە دیار ناخی سـەرخوێن کەوتـووم ، وادۆشداماوەو نابزوێ . . .

ئایا ئێـوە : ئەی ئازیزەکـانی گـۆران ، دەزانـن قەڵەم بـۆ نووسـەر ، جەوهەری پرۆژەی بوونە؟ دەزانن

قەڵەمی نووسەر ، رۆحی گەرمی دەهەژێنێ ، راستگۆیانە ، شارا بە شاری وشەکان شەندەکات و ،

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بەگۆدێنیێ . . .

بەڵام . . . کوا نووسەرو ، کوا قەڵەم و ، کامەتا رۆح ؟

ئەوەتـانێ ، رۆحێـک تاسـاو ، رۆحێـک رامـاو ، رۆحێکـی تەواو لە هۆشچووو ، رۆحێکی تەواو نامۆبوو

بەدەوروبەر ، وەکـو رۆحـی نـامۆی (گـۆران) ، لەو جەسـتەیەی خامۆشکرا ، (گوایا) بەدەستی نهێنیی

قەدەر . . .

ئەی ئازیزان . . . ماتەمگێڕان

ئایا ئێوە ، رۆحی (گۆران)تان دەناسی ؟

ئایا ئێوە ، دەتانزانی : (گۆران) چ کانزایەک لە مرۆڤـــ بوو ؟

ئایا ئێوە ، شۆڕشی بەردەوامتان بیستووە ؟

ئایا ئێوە ، یەکبینەیی ورەی شۆڕشگێڕانەتان دیوە ؟

ئەوە (گۆران) نموونەی بەردەوامیی بوو :

بڕوای بەردەوام بە ژیان . . .

پاکی و بێگەردیی بەردەوام . . .

خۆشەویستیی خاک و خەڵک و ، دڵسۆزییەکی بەردەوام . . .

خەونی ئازادیی بەردەوام . . .

گەشبینییەکی بەردەوام . . .

خەمخۆرییەکی بەردەوام . . .

خۆشگوفتاری و بزەی هەمیشە بەردەوام . . .

بەردەوامیی . . . بەردەوامیی

بەردەوامیی رەوتە نەپساوەکەی مرۆڤـــ بەرەو ژیان ، ئەوە بـڕواو فەلسەفەی بوو . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بەردەوامیی ، ئۆرگـانیکی گیـان و هەسـتی ئەو بـوو ، خەسـڵەتی ڕەسەنی ئەو بوو ، بۆیە وا لە چلەی

مەرگی ئەودا ، بۆ جەوهەری بەردەوامیی ئەو دەگەڕێم . . .

کامە جەوهەر ؟ جەوهەری ڕۆح :

ئەو جەوهەرەی ، بێناز پرزەی لێبڕابوو . . .

ئەو جەوهەرەی ، کاتیک هاتمەسەری ، لێینەمابوو ، لێیزەوتکرابوو تەنهاو تەنها جەستەی

مابوو . . .

ئەو (گۆران)ە ئاوەدانە ، گفت و لفت و گۆشیرینە . . .

ئەو (گۆران)ە سەرشار لە چالاکیی و ورەی ژینە . . .

ئەو (گۆران)ە هەمیشە گەشبینە . . .

لە سپێدەی ئەو ڕۆژە پاییزییەدا ، جەستەیەک بوو ، بێ هەناسـە ، بێ گیان ، داماڵراو لە بەرگی

ژیان ، مات مات ، کپ کپ ، ڕاکشابوو . . .

گیانێکی سارد ، جەستە هەرسارد :

سـارد سـارد ، وەکـو ڕۆحـی سـاردەوەبووی نێـو ئـارامگەی دڵ و هۆشم . . .

سارد سارد ، وەکو داخ و پەژارەو حەسرەتی هاوڕێکانی . . .

سارد سارد ، وەکو نا ئومێدیی کیژەکانی : بێری ، پەیام ، ئاڤان ، بۆ بینینەوەی باوکیان ، تاجی

سەریان . . .

سارد سـارد ، وەکـو تـامی تفتـی ژیـان ، لە دوای مەرگـی ، مـامە (گۆران)ەکەی : ژیار ، ژوان . .

سارد سارد ، وەکو دەنگی دوورو ، چرپەی بابەبابەی ئەڤین . .

سـارد سـارد ، وەک هەناسـەی شـوکری ، هاوسـەری ڕۆژانـی سەختی دێرین . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سارد سارد وەک ئاوات و خەونی بێنازکەوتووی پەروین . . .

گۆران ، ئەی (گۆران)ە تێکۆشەرە دێرینەکەی کوردەواری ، هاوڕێ (کامل)ەکەی (ئارام ) ،

پارتیزانی سەرەتایی . . .

ئەی خەمخــۆری بە ئەمەکــی پرنــسیپی : مــافی مرۆڤـــــــ و چارەنووس ،

دڵنیابە :

لەو تەنهایی و دنیا خامۆشەتدا . . .

لەو بێدەنگی و ماتی و گیانی بێ سروەتدا . .

لەو خەوتنە بێکۆتایی و رەهایەتدا . .

لە توێی دڵ و یادگاری هەمیشەیی و ، بیرەوەریی خـزم و کەس و هاوڕێکانتدا . . .

لە نێو دێڕەکانی

مێژووی بەرەنگاری و تێکۆشانتدا .

دەژیت . . . دەژیت

. ئێمەش ، لەگەڵ ئاوات و ئامانج و خولیاکانتدا ، دەژین ، دەژین و هەرگیز لە یادمان ناچیت . . .

کێ لە مەرگی گۆران بەرپرسیارە ؟!

ماتەمگێڕان . . ئازیزانی گۆران

ئالەم یادە خەمناکەدا . . ئـالەم رۆژە نەخواسـتەدا ، کە بەسـوێی زامەکانمان و زووخاوی ناخماندا

دەچینەوە . . نابێت ئەو مەرگە تراژیدییە ، بەژێر خەرمـانی وشـەی پڕ سۆزو رۆمانتیکیانەوە ببێت . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەبێت هەڵوێستەیەک بکەین ، ئەو پرسیارە بۆ ئاڕاستەکردن داڕێژین و بپرسین :

کێ لە مەرگی گۆران بەرپرسیارە ؟

ئایا ئەمە ، مەرگێکی نوسراوەو لە ئەزەلەوە بڕیاری دراوە؟ ئایا ئەمە ، چارەنووسێکی ئاسایی مرۆڤەو ، دەبێت بەم شێوەیە کۆتایی بێت ؟

ئایا ئەمە ، ڕێکەوت و ناوچەوانێکە ، چارناچار دەبێت ڕوو بدات و کەسێک توانای بەربەستکردنی نییە ؟

ئێوە وەرن ، با پێکەوە بیربکەینەوەو بپرسین :

هەر مرۆڤێک (من ، تۆ ، ئەم ، ئەو) گۆران ، هاووڵاتییەک ، کرێکارێکی کارەبا ، کەبەم مەرگەساتە ژیانی

دەپێچرێتەوە ، کێ لەو مەرگەی بەرپرسیارە ؟

وەرن بێسڵەمینەوە بپرسین : بۆچی لەسەدەی بیست و یەکەمدا ، لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا ،

هێشتا لەلای ئێمە ، شەقام شەقام ، کۆڵان کۆڵان ، ماڵ بەماڵ ، عەموودەکان دادەچێنرێن و ، کێبڵەکان بە هەوادا رادەکێشرێن و ، لەگەڵ خۆیاندا مەرگ ، مەرگی چاوەڕوانکراو ، بۆ مرۆڤەکان دەبەن و ، لەهەموو شەقام و کۆڵان و ماڵێکدا پەخشی دەکەن ؟

ئەرێ ئەو مەرگە ، کاری هێزی نادیارەو دەستێکی نهێنی لەپشتە ، یان دەستی مرۆ باڵا دەستەکان و سیستمە گەندەڵەکان و دواکەوتنی شارستانیی تێدایە ؟

ئەرێ ئەو مەرگە ، بەرەنجامی فاڵ و قاوەو بەخت و خەوو چاوی پیسە ، یان بێدەربەستی و کەمتەرخەمی و عەقڵی پووچی سیستمێکە لە کاروانی پێشکەوتنی هاوچەرخ بەجێماوە ؟

ئاخر مەرگێک کە ئاسایی ، دواچارەنووسی هەموومانەو ، بە ناچاریی لەڕێی مرۆڤدایە ، کەی بۆتە مەرج ئابەم شێوە بێهوودەیە ، کۆتایی بە ژیان بێنێت ؟!

ئەمە پرسیارێکە ، دەکرێت سەری گڵۆڵەی وروژاندنی چەندین رست پرسیار بێت و بۆ تێرامان رامانکێشێ و لە بێدەنگی رزگارمانکات .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئێوە وەرن باپرسیارەکان گشتیبکەینەوەو بڵێین :

ئەرێ کێ لە هەموو رووداوە تراژیدییەکانی مەرگ بەرپرسیارە ؟

- کێ لە خۆسووتاندن و زیندەبە چاڵکردن و گوللە بارانکردن و هەموو چەشنەکانی توندوتیژیی دژی ژنان بەرپرسیارە ؟

- کێ لە دووپاتبوونەوەی خۆکوشتنی قوتابیانی منداڵ و هەرزەکاران بەرپرسیارە ؟

- کە منداڵێکی پێنج شەش ساڵان کاری بە سەردا دەسەپێنرێ و ، لەبەرسەرماو کرێوەی زستاندا هەڵدەلەرزێ و ، لە هاوینیشدا ئارەقەو شۆی نێوچەوانی بەلاجانگیدا چۆڕاوگە دەبەستێ ، کێیە ئەوەی ئالەم ناهەقی و تاوانە بەرپرسیارە ؟

- کە کۆمەڵێک مرۆڤ ، لە رووداوی وەرگەڕان و بەیەکدادانی ئوتومبیلدا ، گیانیان لەدەست دەدەن ، کێیە ئەوەی بەرپرسیارە ؟

- کاتێک مەرگ دەبێتە میوانی گیانی مرۆیەکی نەخۆش و ، لە نەشتەرگەرییەکدا هەڵناسێتەوە ، کێیە ئەوەی لەم کوشتنەی بەرپرسیارە ؟

دەڵێن پرسیار ، پرسیاریدی دەورووژێنی . . . دەڵێن پرسیاری بەردەوام هێمای هۆشی بە ئاگایە ، هێمای خۆبەدەستەوەنەدانە ؛ بۆیە دەبێت ، وەک ئەو خواستەی (گۆران) هەیبوو ، بەبەردەوامیی بپرسین ، تادەگەینە پرسیار لە مەرگە شێنەییە گەورەکان و بڵێین :

- کێ لە مەرگە سیاسییەکان بەرپرسیارە ؟

- کێ لە ئەنفال بەرپرسیارە ؟

- کێ لەمەرگی نێو رەشەبای ژەهر بەرپرسیارە ؟

- کێ لەمەرگی مرۆی ژێر ئەشکەنجەی زیندانەکان بەرپرسیارە ؟

- کێ لەمەرگی نائاسایی ولەناکاوی تاکەکەس و ، مەرگی بەکۆمەڵی خەڵک بەرپرسیارە ؟

- کێ لەمەرگ بە ئەتۆم و سیانیدو خەردەل ، بە شێرپەنجەو ئەنتراکس و ئایدزو سارس بەرپرسیارە ؟

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

- کێ لەمەرگی بەرەنجامی جەنگ و مەرگی دەستی رەشی تێرۆریستان بەرپرسیارە ؟

- کێیە ئەوەی لەمەرگی ئابووری ، مەرگی ژێرخانی کۆمەڵگا ، بەرپرسیارە ؟

- کێیە ئەوەی لە هەژاری ، لە بێکاری ، لە گرانی ، لە بێ خانەو لانەیی ، لەکەمیی ئاو ، لە نەبوونی خزمەتگوزاریی کارەباو ، کوێرەوەری بەردەوامی ڕۆژانەی خەڵک ،بەرپرسیارە؟

- کێیە ئەوەی،لە یاسای جەنگەڵی بازاڕ،لە هەڵًَچوونی رۆژانەی نرخ،لە دەستی ئاوەڵای پارەداران،لە پرینی ((ئازاد))انەو داتەکاندنی گیرفانی هاووڵاتیان ، بەرپرسیارە ؟

خۆشەویستان . . . ماتەمگێران

کێ لەوانە بەرپرسیارە ؟ پرسیارێک بوو ، لەلای (گۆران) بەردەوام بوو ؛ بەو مەبەستەش ئەرکی دوو گۆشەی نێو دوو رۆژنامەی هەڵگرتبوو . . . *

کێ لەوانە بەرپرسیارە ؟

پرسیارەکان ، هەموو دەمێک ، (گۆران) بەزار دەیگوتنەوەو ، لە دڵ و بیروقەڵەمی هەڵدەقوڵان . . . بۆ وەڵامیش دەچووە نێو ململانێ و مشتومڕێکی جیددییەوە ، کەوەڵامیشی

چنگنەدەکەوتەوە ، بە نوکتەیەک ، بەتەنزێک ، پرسیارەکەی دادەڕشتەوەو ،بۆ ماوەیەک لێیدەگەڕا ؛ بۆیە منیش لەیادەوەری ئەودا ، جارێکیدی ، بەم شێوەیە دامڕشتنەوە ، هەتا هەموومان پێکەوە ، لەبەردەم گشت رووداوێکی مەرگ هێنەردا ، بەتایبەتی لەبەردەم مەرگە نائاسایی و شێنەییەکاندا ، ئەم پرسیارە رابگرین و نەهێڵین هەروا تێپەڕبن ؛ چونکە ناشێت مەرگ ئاوا تەراتێن بکات و ، کەس لە هۆکاری نەپرسێ ، کەس لە بەرپرسەکانی مەرگ نەپرسێ و ، بێباکانە گوزەربکات و ، هەر رۆژە پڕ بەگیانی خۆشەویستێکماندا بکات ، یان دۆزێکمان بخاتە سەر رێگای مەرگ .

دەبێت بانگەوازێک بکەین ، بۆ ئەوەی مەرگ بخرێتە ژێر پرسیارەوە ، بۆ ئەوەی (گۆران)ەکان ، خانمەکان ، قوتابیان ، منداڵەکان ، هەرزەکاران ، هاووڵاتیان بە گشتی ، بپارێزرێن و ، مەرگی نائاسایی ،ئاوا بە ئاسانی ، نەیانفڕێنێ . . .

درووود ئەی ژیانی پڕ بەخشینی گۆران . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

درووود ئەی مرۆڤە هوشیارەکەی کوردەواری . . .

درووود ئەی قەڵەمە بێدارەکە . . .

درووود ئەی فەرهەنگی ژیانێکی سەرانسەر خەم . . .

درووود ئەی خاوەنی پرسیار ، بێکۆتایی . . .

درووود ئەی گیانی بێگەردو زیندووی گۆران . . .

درووود . . . ، ئەی هاوڕێم . . . ئەی برام . .

<u>تێبینیەکان</u>

1 - ئەم پەخشانە لە کۆڕی چلەی مەرگی جەرگبڕی هاوڕێی گیانی بە گیانیم ( گۆران قەرەداغی ) دا رۆژی 2004/12/30 خوێندمەوە .

2 - گۆران ئێوارەی رۆژی 24 ی تشرینی دووەمی 2004 بە کارەساتی لێدانی کارەبا گیانی سپاردو بەجێیهێشتین .

3 - گۆران پێشمەرگەیەکی ئەو مەفرەزە سەرەتاییە بوو کە شەهید ئارام لە ناوچەی قەرەداغ پێکیهێناو ، لەناو پێشمەرگەکاندا بە هاوڕێ ( کامیل ) دەناسرا .

4 - گۆران بەر لەمەرگی ناوادەی دوو گۆشەی لە هەردوو رۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی ) و ( چاودێر ) دا هەبوو .

5 - بێریڤان ، ئاڤان ، پەیام و ئەڤین کچی گۆران قەرەداغین ، لە سوید دەژین .

6 - ژوان و ژیار کچی نووسەری ئەم پەخشانەن .

7 - شوکری ژنی یەکەم و دایکی منداڵەکانی گۆرانە ، (پەروین ) یش ژنی دووەمێتی و دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان هێنای و کەمتر لە ساڵێک پێکەوە ژیان .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# تاجەگوڵینەیەک لە وشەی فرمێسکاوی بۆ بیرەوەری شازاد صائب

کاتێک گورزی هەواڵێکی شەوەڕەنگی نەگریس دای بەسەرماو ، مەرگی لە ناکاوی کاکە شای پڕاگەیاندم ، چەخماخەیەک جەستەمی سەرانسەربڕی و ، هۆش و هەستی هەڵقرچاندم .

ویستم پڕ بە دەم هاوارکەم ، ویستم ئازارو سوێی ئەو هەواڵە نەسەلمێنم ، ویستم
بەرپەرچیدەمەوەو بیتارێنم .

ویستم بگریم ، تا رستێک فرمێسکی گەرم بۆ کاکە شا بهۆنمەوە ، بەڵام فرمێسک لە چاوانمدا یاخی بوو و دانەباری.

ویستم قەڵەم بۆ خەم و پەژارەی ناخم شایەتم بێ ، بەڵام بیرو پەنجەو قەڵەم سڕ بوو بوون و کاری خۆیان لە دەستدابوو .

ویستم هەتا ماڵی حاجی و یارە سەرکەوم و هاوشانی گشت هاوڕێکانی یاوەری بم ، بەڵام دڵەی کۆست کەوتووم و جەستەی ماندووم ، لە دامێندا رایانگرتم و ئەو شەرەفەیان پێ نەبەخشیم .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بۆ ساڵیادی کۆچی ناوادەی کاکە شا ، لەگەڵ خۆیدا کەوتمە دوان . وێنەکەیم تێرتێر نووساند بە سنگمەوە ، هەتا تاسەی دووریی ئەوو ، کاسیی ساڵێکی تەمەنمی پێڕەوییەوەو ، تاجەگولینەیەک وشەی فرمێسکاوی هۆن هۆن باراند .
وشەکان لێم راستبوونەوە ، وتیان نەکەی بگری ، چۆن رێبازی دێرینی ئەو بە گۆمی لێڵی چاوەوە چاک دەناسرێ؟ ئەی نابینی چاوەکانی ئەو هەرگەشە . ئەوە نییە تیشکی سەرکەوتن تێیاندا چریسکەی دێ ، ئەی هەست ناکەی چاوو بزەی لێوەکانی ، جوانیی بە وێنەکەی داوە و ، لەگەڵ روخساری بێگەردیا پاکی و سافی و دڵە بلوور ئاساکەی ئەو نیشان دەدا ؟ ئەوە نییە (کاکە شا) مان بۆتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار ، لە ئاسمانی ساماڵی کوردەواریدا جریوەی دێ ؟ ئەوە نییە وشەو گیانی تامەزرۆی ئەو بۆ ئازادی نەمرییان دەستکەوتووەو ، بوونەتە خەرمانەی مانگ و هاوڕازی یەک (تریفە تریف) تیشکی زیوین پەخش دەکەن .
لەگەڵ وێنەکەی کاکە شا من لە دوان ماندوو نابم ، ئەویش بە ڕووی گەش و خەندە دەمدوێنێ و دەڵێ :
هاوڕێ . . . لەبیرتە هێشتا منداڵبووین ، لە گەڕەکی شێخان ، لە بارەگای قوتابیان ،سیاسەت و کوردایەتی بە یەکترییان ناساندین ، لەبیرتە خەمی رزگاریی خاک و وشە نەوەی ئێمەی هەموو جۆشدا ، بیرت نایە لە دوای هەرەس بیری بەرەنگاری و خۆڕاگریی یەکیخستین.
بەڵێ هاوڕێ . . . ئێمە زادەی تێکۆشانی ئەو سەردەمەین ، ئێمە هەڵگری پەیامی (رزگاری)نتۆین.
بەڵێ هاوڕێ . . . هاوڕێیەتی ئێمەومانان دەستکرد نەبوو ، هاورێیەتیمان لە مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤەوە دەستیپێکرد ، لە ئامێزی ئاوات و هیوای گەشماندا ، بەردەوام جرۆی دەکردو پڕ بە پری ئەم جیهانە پەلی هاویشت . ئێمە خەم و ژانی خوێن و خاک و نانمان لە کۆڵ نابوو . خەونی ئازادیمان ، بۆ کورد ، بۆ مرۆڤایەتی دەدی . خەمخۆری نانی ئازاد بووین بۆ برسییەکان ، زۆر دەربەستی هەوای پاک بووین بۆ ئازادیی بیرو هۆش و ، بۆ زمانی بەستراوو ، بۆ کۆیلەی ناو کارخانەکان ، بۆبەندەکانی نێو مەزراو نێو کێڵگەکان .
بەڵێ هاوڕێ . . . بە دڵێکی تەواو شکستەوە ، بەباری خەم و پەژارەی کۆستکەوتنەکەی پارەوە ، دەڵێم : مەخابن من بۆ بینینی مەرگی ئازیزان مامەوە . . . . من مامەوەو ئەو واشەی مەرگ پری پیاکرد ، من مامەوەو ئەو دەستی رێکەوتێکی کوێر پرزەی لە هەناسەی بڕی . بەڵام هاوڕێم دڵنیا بە ، خۆشەویستی بێ نیازی تۆ ئاوی زیندەگی دراوەو ، مەرگ وشکی ناکاتەوە . دڵنیابە بیرەوەریت لە دڵماندا دەژی و پێ بە پێی رەوتی ژیانمان ڕێدەکات و نەمریی کەمەر بەندیانە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کاکە شازاد . . . ئێستاش هەروەکو دوێنێ ، گوێم لە دەنگی بەرزو شیرینتە ، چاوم تابلۆنیگارێکە روخساری گەش و کراوەو زار بە خەندەی تۆی تێدایە . گەشبینی تۆ بۆ ژیان و بۆ بەهاری نوێی ئازادی لە نێو گفت و لفت و نوکتەی هەنگوین ئاساتەوە ، هەتا ئێستاش خەممان دەڕەوێنێتەوەو ، کانی بزەو خەندە لە قووڵایی دڵی شەیدای ئێمەدا دەتەقێنێتەوە .
ئەی ئازیزانی کاکە شا . . . ئێوە وەرن لە هەردوو چاوی منەوە بۆ وێنەکەی ئەو بڕوانن . . . وەرن رۆحی پەپوولەیی ئەو سەیرکەن . . . ئەوەتانێ من دەیبینم . . گیانی بۆتە هاوڕێی خۆرەتاوو هەموو رۆژێک لە گردی مامە یارەوە پرشنگی زێڕینی بڕوای بە نێو شاردا پەخش دەکات . . ئەوەتانێ من دەیبینم . . گیانی بۆتە هەڤرێستەیەک ، لە ناخماندا بنج دادەکوتێ . . ئەوەتانێ من دەیبینم مەرگ یاسای خۆی گۆڕیوەو بۆ کاکە شا بۆتە ژیان .

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (2761)
سێشەممە 2002/5/21

# تیشکی وشە بەسوێیەکان

# لە چلەی مەرگی مامۆستا ( حەمە ئەمین حەسەن ) دا

ئەمجارەیان خەزان کەوتە وەرزی سەیرانەوە. کۆچ و ڕەوی ئەمجارەمان روو لە هەوارگەی سەیوان بوو . سەیرانی ئەم بەهارەمان لەنێو گیانی بەرزەفڕی خۆشەویستە ئارامبووەکانی شاربوو . مامۆستامان میوانێکی نوێی دەڤەری حەسانەوەی تا هەتایی شاعیران و زانایان بوو . میوانی ئەمجارەی سەیوان تێکۆشەرو زانایەکی ماندوو نەناسی رێی پڕ هەورازی پێچاوپێچی پێشکەوتن و خەونی دوارۆژێکی بەختیار بوو؛ بۆ ئێمەش ، شاگردانی ئەو ، تێشووی سەیرانی ئەم ساڵی خەمە ، نیگەرانو پەژارەو فرمێسک و یادو دەرس و پەندی سەرانسەری ژیانی پڕپیتی مامۆستا بوو .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کامە ژیان . . ئەو ژیانەی واشەی مەرگ پێچایەوە ، یان ئەو ژیانەی ، ئەوەندەی بەرینی دڵی مامۆستامان ، بووە فەرهەنگێکی گەورەو بەڕووی ئێمەو نەوەکانی دوای خۆی کرایەوە .

کامە ژیان . . ئەو ژیانەی رەوکردنی دوا هەناسە چاوەکانی پێ لەیەکنا ، یان ئەو ژیانەی رۆژ بە ڕۆژو سات بە سات و چرکە چرکەو هەڵوێست هەڵوێستی لە بیرو ویژدانی هاوڕێیان و یارانیدا ، دڵێکی ئێجگار مەزنی ئەبەدییەو پەیتا پەیتا لێدەدات و مێژووی یەکبینەیی ژیانی نەمری و سەرڕەوەریی رۆڵە بەخشندەکانی خۆی تۆمار دەکات . تۆماری نێو تۆمارگەیەک ، سەرانسەری بەهاکانی دوو توێی ، مێژووی رەنجی زەمەنێکن ،چ پرەنسیپ وچ رەوشت سەری بەرزیان لە ئاسمان بوو ، پوختەی بەندەکانیشی ، نوسراوی سەر ریزێک ئاڵای شەکاوەن و ،ئازایەتی ، نەفس بەرزی ، مەبدەئییەت ، دڵسۆزی و خۆشەویستی ، پەروەردە و زانست پەروەری ، گەشبینیی دواڕۆژی مرۆڤ دەگێڕنەوە .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت: من شاهیدی ئەو رۆژەمە کە مامۆستا دەستەو یەخەی کەللە پووتە شۆڤێنییەکان بۆ بەرگری لە بوون و ناسنامەی ئێمە جەنگا .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : من شاهیدی ئەو رۆژەمە جەندرمەکان مامۆستایان قۆڵبەست کردوو بەرەو زیندانی تاری پڕ ئەشکەنجەو ئازاریان برد .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : من شاهیدی ئەو رۆژەمە مامۆستامان عیشقی خەباتی گەرمتر لە جاران بوو ، دەرس و پەندی نێو زیندانی ، بە ڕووی ئاڵ و بە دەم زەردەخەنەی بێ کوژانەوە ، بۆ قاڵبوونەوەو راهێنان ، بە قوتابی و هاوڕێکانی دەگوتەوە .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : ئەو کاتەی کەچڕەوی و لادان کەوتە وێزەی تەلاری باوەڕو رێبازی شکۆداری ئەو ، پەنجەی ناڕەزایی بڵند راگرت دەنگی تووڕەیی هەڵبڕی ، پڕ بە گەرووی ، بە وشەی ئاگرینی ((نا)) بڕوا پۆڵاینییەکانی بە ڕووی لادانەکاندا چڕاند .

دیسان تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : وەرن ئێوە باش بگەڕێن ، لاپەڕەکانی ژیانی هەڵدەنەوە ، تاببینن دڵسۆزی ئەو ، تا دیمەنی خۆشەویستی سروشت و کۆمەڵ و مرۆڤ لە هزریدا ببیننەوە ، تا لە مەودای عیشقی رەهای ، بۆ ئازادی و ، بۆ یەکسانی و ، بۆ دواڕۆژی سۆسیالیزم تێبگەن .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : ئەوە مێژووی نیو سەدە پەروەردەو زانست لەم دەڤەرە ژێردەستەدا ، داستانی خەم و پەرۆشیی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

تێکۆشەرێکی نەقابی ، مامۆستایەکی خەمخۆری جیددی ، سەرپەرشتیارێکی رەسەن ، سەرکردەیەکی بە توانای مامۆستایان لە زانستی بیرکاریدا ، بەیان دەکات .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : ئەوە ژیانی مامۆستا دوای راپەڕین ، ئەوە قات و قڕی ئەو رۆژە سەختانە ، ئەوە گەدەی خاڵیی ئەو رۆژانە ، ئەوە ئابڵووقەی چەند سەرەو ، ئەوە گیرفانی چۆڵی بێ مووچە ، ببینن چۆن مامۆستامان خۆی راگرت و سەربەرزانە بۆ جارێکیش لەم دەرگاو ئەو دەرگای نەداو دەستی ورەی پۆڵایینی و مشتی ئیرادەی کێو ئاسای ،بۆ کەس ، ئاوەڵابوونی بۆ نەبوو .

تۆمارگەکە پێمان دەڵێت : ئەوە گۆڤاری ( دواڕۆژ ) شاهیدە بیروباوەڕی مامۆستا تاوێرێک بوو سەخت سەخت ، نە بۆردومانەکەی (دۆما)و نەشایی و رەشبەڵەکی سەر لاشەی قیمە کراوی (سۆڤیەت ) نەیانتوانی بۆ چرکەیەک بیجوڵێنن یان پریشکێکی لێ بکەنەوە .

ماتەمگێڕان . . لێم ببورن . . من نەهاتووم یاداشتی یادەوەرێکانم بۆ کۆڕی ماتەمی ئێوە بخوێنمەوە . . من نەهاتووم ماتەم بۆ مەزنە پیاوی وەک مامۆستا ( حەمە ئەمین ) سازکەم ، بگریم یان بلاوێنمەوە ، بەڵکو هاتووم لە بەردەمی ئێوەی ئازیزی مامۆستا چیرۆکێکی کورتی کەسایەتی و ژیانی ئەو بگێڕمەوەو ، لە نێو بیری رووناکی ئەوەوە دواڕۆژتان بۆ بخوێنمەوەو ، مژدەی نەمریی مامۆستام بە پەڕەی گوێتانا بدەم .

ئەی مامۆستا . . . ئەی ئەو مرۆڤە دڵپاکەی بە رەوشتی بەرز ، دەنگی هێمن ، رووی گەشاوەو گوتەی شیرین ، لەگەڵ گرانترین وانەکانی بیرکاریدا ، وانەکانی پەروەردەو ژیانت فێردەکردین .

ئەی هاوڕێی گیانی بە گیانی سەفەری هەزاران دێڕی نێو ( دواڕۆژ )ی گۆڤارو ئامانج و هیواو ، خەونە دێرینەکەی بەشەر بۆ بنبڕکردنی نامۆیی ، دڵنیابە یادت زیندوو رادەگرین و ، رۆژانە بیرەوەری تۆی ، میوان و کۆرپەی باوەشە پڕ سۆزەکەی دایکە سەیوان ، لەگەڵ بیرەوەری پیاو چاکان و هۆشمەندان و شاعیراندا دەکەینەوە .

دڵنیابە . . تۆ تەنها نیت ، لە بەهەشتی ئەو سەیوانە خامۆشەدا هاوڕێی هێما نەمرەکانی شاری . . . ئەوە لوتکەی چیای شیعر ، ئەوە ( گۆران )ی هاوبیرت ، ئەوە شێخی شاعیرانی راپەڕین و فەرهەنگی خەمی هاوبەشتان ، ئەوە ( میدیا)ی دلێرو هەڵوێستی جوامێرانەیان . . ئەوە ئەمین زەکی بەگ و هەزاران لاپەڕەی مێژوو . . ئەوە روشدی زانای ئابووری سیاسی و پەیامی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**ماتەریالیزمی مێژوویی . . ئەوە سەدان تێکۆشەرو شەهیدانی کاروانی نان و ئازادی و مافەکانی مرۆڤی کورد .**

**خۆشەویستانی مامۆستا . . .**

**ئێوە ، ئەی میوانەکانی گیانی ئامادەو بەئاگای مامۆستا . . .**

**ئێوارەیەو ،بوار تەنگەو ، هەناسە سوار . . .**

**زەردەپەڕەو خۆر بەرەو ئاوابوون دەکشێ . . .**

**منیش ئەسرینم خەریکە لە دیدەمەوە سەردەکات . . .**

**پەیڤەکانم بەرودوا ریزیان گرتووەو ئاوانابن . . . بۆیە لێیان دەگەڕێم و ، ئالێرەدا ، بە ئارامی ، لە خزمەتی مامۆستامدا ، دەبمەوە بە قوتابییەکەی جاران و ، بە هەموو هەست و نەستمەوە ، گوێ بۆ وانەیەکی نوێی رادەدێرم .**

**29 / ٥ / ٢٠٠١**

**لە بڵاوکراوەی ( پەروەردەو مامۆستا ) ژمارە ( 5 ) ی حوزەیرانی 2001 پەخشکرا .**

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# چەپکێ وشەی یادەوەریی بۆ شەهید جەعفەر

ئەمجارەیان ، گەواڵەی خەمی ئەم پاییزە بە چەپکێ وشەی ئەمەکدارییی دەڕەوێنمەوە . . ئەمجارەیان ، پەیڤە قەتیسماوەکانم باڵە فڕە دەبن و دەستەو نەزەری گیانی هاوڕێیەکم رادەوەستن و ریزدەگرن . . ئەمجارەیان ، وشەکانم دەیانەوێت بە دیداری گیانی شەهید جەعفەر شادبن . . دەیانەوێت رستێ یادی رەنگ مرواری بهۆننەوە . . چونکە بۆ من ، یادەوەری مەرگی جەعفەر ، هاوتای هیچ یادێکم نییە .. ئەو هەر تەنها هاوڕێ نەبوو ، ئەو خۆی لوتکەی یادەکانە ، ئەو بۆ خۆی داستانی باوەڕ ، دەروێشێکی سەوداسەری ئازادی بوو ، دڵی بزێوی نەوەیەک ، نمایندەی ئاواتێکی مێژوویی بوو .

لێم ببورن ، من نامەوێ لەم رۆژەدا یادەوەری ماتەمینی بکەمەوە . من نامەوێ وشەی رەش و ، بەرگی خەم و ،بۆسۆی هەناسەی سووتاوو ، تاسەو هەنسکی فرمێسکڕێژ دیاریم بێت و زامەکانتان بکولێنمەوە ، چونکە جەعفەر هەر زیندووە . . ئەی ئەوە نییە گیانی ئەو پەروانەیەکی نەخشینە و بەبان سەرماندا گڕ دەخوات . ئەوە نییە چاوەکانی ، شین شین ، وەک ئاسمانی کوردەواری ، گەش گەش ، وەک باوەڕی شۆڕش ، لە روخسارمان دەڕوانن ومژدەی ئاسۆی ئەرخەوانیمان دەدەنێ .

لەو کاتەوەی جەستەی جەعفەر لە باوەشی خاکی دایک ئارامی گرت ، هەتا ئێستا ، وشەکانم تامەزرۆی دیدەنی شاری حاجی و مەزاری پیرۆزی ئەون . . دەیانەوێت چەپکێ پەخشانی تێکۆشان ، چەپکێ شیعری خۆشەویستیی ، چەپکێ گوڵی ورەی خاڵە شەهاب ، زامە سەختەکانی ئارام ، بەئیکلیلێک بهۆننەوەو لە یەخەی کێلەکەی بدەن .

وتم پەخشان ، وتم گوڵ و ، وتم شیعر . . ئاخر جەعفەر خاوەن شیعری ( ئاگر )ین بوو .. ئەو ئەدەب دۆستێکی ناسک بوو ، عەشقی جوانی و ئامانجی بەرز خولیای شیعرو ئەدەبی تێدا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

چاندبوو . . شیعری پاراووناسکی جوانپەرستیی ، گەلپەرستیی ، گوڵی ئاخاوتنی کۆڕو دانیشتنی ئەو بوو . . ئەو لە ئاستی هەر هەڵوێستێک ، هەر جوانییەک ، هەر رووداوێک ، رادەوەستاو کۆپلەیەکی لە گوڵزاری شیعر دەچنی و تاموچێژی کۆڕەکەی پێ زاخاو دەدا .

جەعفەر زۆربەی شیعرەکانی ( جەواهیری )لە بەر بوو ، بەردەوام دەیگوتنەوەو تاموچێژێکی ئەفسووناوی لێوەردەگرتن . کە پێشکەشێکەی ( کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوایەتی کورد )ی خوێندەوە کە دەڵێت :

تـزهو الحياة بالمعی ثائر          تهب الحياة کانـــه لايفهم

انی لاحسد من یموت مکرما          شهما وارثی من یهان ویسلم

زۆر بە لایەوە بەرزو جوان بوو . بەڵام دەیگوت : ئەو ( بلیمەتە شۆڕشگێڕە ) دەبێت گیانی بۆ ئازادی و تێرکردنی برسییەکانی گەلەکەی تەرخان بکات ، ئەو برسییانەی ( جەواهیری ) جوانترین وێنەی ئازارەکانیانی گرتووە ، زۆر جاریش ئەم شیعرەی ( جەواهیری ) بۆ دەگوتمەوە :

نامی جیاع الشعب نامی          حرستک آلهة الطعام

نامی فان لم تشبعی          من يقظة فمن المنام

نامی علی زبد الوعود          يداف فی عسل الکلام . . . هتد

جەعفەر بە کردەوە ، بەڕاستی ، بووە ئەو ( بلیمەتە شۆڕشگێڕە ) و گیانی خۆی لەپێناوی گەلە هەژارو ستەمدیدەکەیدا بەخشی .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ئەستێرەیەکی زیندانی

## پێشکەش بە گیانی هەمیشە زیندووی فەهمی قەرەداخی *

<u>کۆنگرەی نووسەران . . .تشرینی یەکەمی 1991</u>

برا . . برا . .

چاوم گێڕا . . بە هەر چوار لای خۆمدا روانیم . . .

یەکە یەکەی روخسارەکانم سەیرکرد . . . سەرنجی قەڵەمەکانم دا . . .

نە روخسارت . . . نە قەڵەمت . . . لەوێ نەبوون

*      *      *

چاوم نووقاند . . زیندە خەونێک فڕاندمی و ، دیمەنی تاری ئەو رۆژەی پێنیشاندام . . .

ئەو رۆژە بوو . . وەک هەر رۆژێـکی پاییزان ، گەڵاڕێزان ، ئاسمانی مۆن ،روو تۆزاوی . . . .

لە پڕ جیڕەی جەرگبڕی ماشێنێکی جەندرمەکان ، رایانگرتی . . .

چەند چنگێکی چڕنووک درێژ ، قەترانی وەک شەوەی خەیاڵ ، چڵکن ، دزێو ، وەک ناخی فاشستەکان ، لە جەستەی ناسکت گیر بوو . . .

.هەر ئەوەندەی یەکودوویەک ، بە پەڕۆیەک ، دیمەنی رەشی تاوانیان لە چاو بەستی و ، بەرەو چارەنووسێکی نادیار کێشیانکردی.

*      *      *

هەردوو چاوانم کردەوە . . . چاوم گێڕا . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

به دووی خەم و پەژارەی یازدە ساڵمدا ملمدەنا ، دەمویست تەنها
چرپەیەکت بە گوێی خەمەکانمدا گوزەربکات . . .

دەمویست ژان و ئازارو سوێی یازدە ساڵم لە تەزووی هەواڵێ ،
تەلێ ، دەنگێکی تۆ ئارام بگرێت . . .

دەمویست بارانی ئەشک ، ئەشکی دیدار ،ئەشکی وشکی
چاوی بێدارو گلکردووی چاوەڕوانیم ، ڕێژنە بارانی بەهاربێت ،تێر
ببارێت ، تێر ببارێ و تەنیا بە بینینت شاد بێت.

* * *

چاوم گێڕا . . . ئەستێرەی سوورم بەدیکرد . . . .

ئەستێرەکانم خوێندەوە ، دروشمەکانم خوێندەوە ، ناوت نەبوو ،
دەنگت نەبوو ، ڕەنگت نەبوو ، بۆ پرسیاری هەزار جارەم ، کەسێ
نەبوو ، وەڵام نەبوو . . .

گوێم بۆ دوانەکان شلکرد . . . رستە رستە ،وشە وشەی
بروسکەکان ، گوتارەکانم خوێندەوە . . .

پیتێک نەما ، خاڵێک نەما ، چاوی هیوام لەئاستیاندا هەڵنەڕوانێ ،
خەونەکانم لە گەڵیاندا رانەمێنێ ، بۆ وەڵامێ ، بۆ هەواڵێ ، بۆ
نرکەو ناڵەی گومناوێ . . .

* * *

لە ناو ئەو کۆڕو بەزمەدا . . . لە ئاهەنگ و زەماوەندی پێنووسەکان
. . لە جەژنی نوێی هاوڕێیانی پێنووسە زیندووەکەی تۆدا . . . لەم
شاییەی لە مەزنە شاییەکەی بەهار ڕسکا ، من کەلا بووم

تاسە دڵی دەپەستمەوەو توند دەیگوشی . . . خەیاڵی سەوز لە
بۆشایی ئاسمانی شین ، لە گەردوونی بێکۆتایی زەردو سوورو
ئەرخەوانی ، کەوتە مەلە . . .

خەیاڵ و تاسەو نامۆییت بە ژێی دڵی بەزام و سوێی مندا
رادەبوورن . . . ئاوازی مەنگ سۆزو هەستم دەخرۆشێنێ . . .
شەپۆلی گریانێکئەفسوناوی تەنگ بە سینەم هەڵدەچنێ . . .
شەپۆل سەرکەوت ، لە گەرووما هەڵوێستەی کرد . . شەپۆل
سەرکەوت ، خۆی گەیاندە کاسەی سەرم ، ڕێی کرد ، ڕێی کرد ،
تا دوو گلێنەی سەرڕێژکرد . . . هۆن هۆن فرمێسک هاتە خوارێ ،
رستێک مرواری هەڵوەری و ، بوونە وشەی دڵ و دەروون
هەڵقرچاوێ . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

*       *       *       *       *

کاکە . . . کاکە . . .

ئاگام لێیە . . . گیانم بۆتە چەپکێ تیشک و دیوارە کەڕەکان دەبڕێ .

ئاگام لێیە . . . ئەسرین رووناکی بینایت دەگرێ .

ئاگام لێیە . . . بزرکاوی ، پەشۆکاوی ، دەستەو یەخەی بتەکانی ئەم زەمانە راوەستاوی.

ئاگام لێیە . . . زامی دڵت ، تک تک ،زووخاو بەڕێ دەکات . زووخاو ورد ورد ، بە هەناوتا ، بەناخی ژانلێهاتووی چەند ساڵەتدا ، دادەچۆڕی ،رێچکە دەگرێ .

ئاگام لێیە . . . دڵم لە دڵت دەڕوانێ . . گیانم خەرمانەی گیانتەو ، بۆ دیدەنی گیانی تۆیە وا ناسرەوێ .

ئاگام لێیە . . . بەری چاوت ، پشتی چاوت ، پرسیارەکانی نێوچاوت ، مێژووی یازدە ساڵی پێیە .

ئاگام لێیە . . . سیخی دوژمن هەموو رۆژێک ، نەجارێک ، نەدوان ،نە هەزار ، چاوو دڵ و جەرگی شەقار شەقارتی پیادەکرێ .

*       *       *

کاکە . . . کاکە . . .

لانک مێژووی تۆ ناسینمە . . . لەبیرمدێ ، سەرنجی دیدەی بێ واتام بۆلای تۆ بوو ، وێردی پژانی زمانم ناوی تۆ بوو ،یاریم ، پێکەنین ، گۆرانیم ، لەگەڵ بانگی کاکە کاکە ، هاوڕێی یەکبوون .

لەبیرمە تۆ ، دڵسۆزو هاوگەمەی منداڵیم بووی ، هاوڕێی رازو نهێنی هەرزەکاریم بووی .

تۆ . . تۆ . . تۆ . . . تۆ کاکم بووی . . . تۆ باوکم بووی . . . مۆمی شەوی تاری ژیانم بووی . . . .

*       *       *

رۆژهات . . . رۆیی

شەوهات . . . رۆیی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەفتە ، هەفتەی سڕییەوە . . .

مانگ بوو بەساڵ ، ساڵ هەنگاوی یازدەیەمینی تەواوکرد ، بەڵام باستیل توندتر دەرگای خۆی کلۆم کرد.

بە فەرمانێ ، کات لێرەدا ڕاگیراوە . . . شەوو ڕۆژو هەفتەو ساڵ ، بە زنجیرو کۆتی دەست و پێمدا هەڵواسراوە . . .گیانم مێخڕێژ بە دیواردا داکوتراوە . . .

چاوم بە زووخاڵی شەوانێکی بێکۆتایی داخراوە.

بە فەرمانێ : هەنگاو نانێم ، لە بەر دۆزەخ ڕادەگیرێم .

بە فەرمانێ : هەنگاو دەنێم ، بەرەو لای قەنارە دەبرێم .

*　　*　　*

ئەرێ کاکە . . .

تۆ کەی دێیت و ، مژدەی ڕاپەڕینم بۆ بهێنیت .

تۆ کەی دێیت و ، دڵم بگریتە ئامێزی هیواکانت .

تۆ کەی دێیت و ، چەپکێ هەتاو ، چەپکێ نێرگز ، بکەیتە سەرتۆپی گوڵی دیارییەکانت .

تۆ کەی دێیت و ، بەسەرهاتی یازدە ساڵی تەمەن و گیان و جەستەی من :

کەرەسەی نووسینەکانت بێت . . .

مێژووی ڕەشی وڵاتێک بێت . . .

مژدەی ریسوایی تا هەتای هیتلەرێک بێت . . .

گڕی سووری خەباتێک بێت . . .

<u>درەنگ تۆیان سرکەوتەوە . . . تشرینی دووەمی 1995</u>

ئەمجارەیان ، یادی تۆیان ، لەگەڵ خەزاندا بەیانکرد . . .

ئەمجارەیان ، لە پشت کێوێکی بێدەنگی ، ناوی تۆ بووە چەخماخەی هەوری بێبارانی پەڵە . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەمجارەیان ناوە گومناوەکەی تۆ بوو ، پاش پازدە ساڵ ، بەرەو ئاسمان ، بەرەو کاروانی ئەستێرە ، دای لە شەقەی باڵ . . .

*      *      *

برا . . . برا . . .

پازدە ساڵە ، moورەگەی پشتی من ، قرچە دەکات . . . .

پازدە ساڵە ، رۆحی نائارامی منە گینگڵ دەدات . . .

پازدە ساڵە ، لە تشرینی خەمدا ، رۆحم گەڵارێزان دەکات . . .

پازدە ساڵە ، هەموو رۆژێک ، هەموو ساتێک ، گیانم توێ توێ لوول دەخوات و ، ورد ورد دەبێ و ، هەڵدەوەرێ و ، رەشەبای خەم ، لوورە لووری فاشستەکان ، چوار وەرزی ساڵ گێژی دەداو دەیتاسێنێ . . .

*      *      *

تۆ ئەی هاورێ دزراوەکەم . . .

تۆ ، ئەی برا بە ناهەق براوەکەم . . .

پازدە ساڵە تۆ خەیاڵی ماندوو نەناسی بیرمی . . . تۆ بوونێکی هەمیشە زیندووی یادمی . . تۆ زامێکی پر سوێی دەروون ، خەمێکی قووڵی ناخمی . . .

تۆ ئەی هاورێ گەشبینەکەم

پازدە ساڵە ، دووری و سەختی رێگا دەبڕی . . دەشت و هەرد ، هەوراز ، نشێو ، تەیدەکەیت و ، رێگا هەر کۆتایی نایە . . . .

پازدە ساڵە ، چاوم بە دووی هەنگاوی بێکۆتاییتدا وێڵەو ، خەریکە سۆمایی دایێ . . .

تۆ ئەی هاورێ دڵسۆزەکەم

پازدە ساڵێک بەر لە ئێستا ، تۆ فەرهادی جوانەمەرگت لەکۆڵتناو ، هێناتەوە گردە مێژووییەکەی سەیوان . . . ئەی کێ تۆ لە ئامێز بکات ، ئەی کێ بێتە بندەستی تۆو ، شەکەتیی دووریی رێگاکەت لە گیان دەرکات . . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

*       *       *

پازدە ساڵە من راماوو سەرگەردان و دەستەو سانم . . .گێژو وری تراژیدیای ونبوونتم . . .

پازدە ساڵە ئیفلیج بووم و ، نازانم روو لە کوێ بکەم . . .لە چ هەردێ . . لە چ دەشتێ ، لە چ سارایەکی وشک و بێدەنگ بارم بخەم . . . .

من راماوم ونازانم چۆن ،تاڵێ لەتیشکی زێرینی خۆرت پێبگەیەنم . . . چ کاروانێکت بۆ رێخەم . . . چ زەماوەندێک بگێرم تا بێیتەوە . . . تا دووری ئەم پازدە ساڵە ببڕێتەوەو ،یۆتۆپیای هاتنەوەی تۆ ، بەرگی راستیی بپۆشێت و ، ئاهەنگێک بۆ بوونت لە نوێ ساز دەینەوە . . . .

من راماوم و نازانم چۆن ئەم خەونەم بەدیدێت و ، بکشێم و بێم بە پیرتەوە . . . چۆن باوەشم ئاوەڵاکەم . . . چۆن سنگم توند توند بنووسێت بە سنگتەوە . . . چۆن بازنەی دەستم گیربکەم لە گەردنت . . . چۆن تێر تێر ئەسرین بڕێژم و ، بە لاملتا چۆڕاوگەیەک هەڵسێ و ، شادیی سەرڕێژی دیدارو پێشوازیت بێ . . . .

<u>سەرەمەرگی دایکم . . . حوزەیرانی 2000</u>

دایە . . . دایە . . .

دایە مەڕۆ . . . بۆ کوێ دەڕۆی ؟

دایە مەڕۆ . . . جێم مەهێڵە . . . رەگی بوونمان لە ناخی خاک هەڵمەکێشە . . .

دایە مەڕۆ . . . چاوەڕێ بە ، هاکا (فەهمی) گەیشتەجێ . . .

توخوا مەڕۆ . . . جێیمەهێڵە ، ئەو بۆ لای تۆ بەڕێوەیە . . .

دایە مەڕۆ . . . جێیمەهێڵە و ،ئەم کۆچە ناوەختە مەکە . . .

دایە گیان بۆ بەجێیدێڵی . . . ئەوە تۆ نیت دوو دە ساڵە ،شەو تا بەیان ، چاوەکانت رێژنەی فرمێسک ، گەرم گەرم ، دەوەرێنن . . . ئەوە تۆ نیت دوو گرێیە چاوی چاوەڕوانیت سپی بووەو ، ئەو هەر نایە . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بۆ جێیدێڵی . . . ئەوە تۆ نیت ، دوو دەساڵە ، خۆت بە دەوری سەری ئەودا دەگێڕیت و ، قەزا و بەڵای ئەم دنیایە دەخوازیت و ،بە پارسەنگی گەڕانەوەی (فەهمی) دەکەی ؟

*       *       *

برا . . . برا . . .

ئەوا دایکت لەسەر ڕێیەو سەفەر دەکات . . .

ئەوا دایکت بە پەلەیەو ، تەواو پشووی لێبڕاوە . . .

زووکە وەرەو ، مەهێڵە ئەو ،بێ بینینت سەفەربکات . . .

زووکە وەرەو ، با تاسەی بیست ساڵ دووریتی بە ماچی تۆ بشکێ . . .

زووکە وەرەو ، باڵیوو گەڕووی پڕ قوڵپ و وشکی بەر لە کۆچی تەڕ بێ . . .

زووکە وەرەو ، با گیانی باڵگرتووی ئەو بەرەو دنیای ئەبەدییەت بە نامۆیی تۆوە نەفڕێت . . .

زووکە وەرەو، با باوەشی نیانی ئەو، دوا هەواری گیانت بێت و،تێیدا ، هەروەکو سەرەتا بتوێیتەوە . . .

فریایکەوە، بالەم ڕێیە، بەرەو ئەودیو ،بەرەو نەبوون ،گیانی ماندووی هەڵکشێت و، دوور لە مێژووی لێوان لێوی فرمێسک و خوێن ، دوور لە فریشتە کوژەکان ، ئیتر بێ خەم سەری ئارام بنێتەوە . . . .

---

---

* فەهمی قەرەداخی : نووسەرو رۆژنامەنووس و تێکۆشەری سیاسی

- رۆژی 8 ی کانوونی دووەمی ساڵی 1948 لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە .

-خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی و ، خوێندنی ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

- دەرچووی زانکۆی بەغدا / کۆلیجی ( یاساو سیاسەت ) بەشی سیاسەت بوو .

- هەتا ساڵی 1971 ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو .

- لە ساڵی 1971 هەتا ساڵی 1975 پەیامنێری هەفتەنامەی ( هاوکاری ) بوو لە سلێمانی .

- ئەندامی شانە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لێنینی کوردستان ( کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ) بوو .

رۆژی 29/11 1980 لەلایەن دەزگا جاسووسییەکانی رژێمی بەعسەوە لە هەولێر دەستگیرکراو ، ئیتر نەبینرایەوەو بێ سەرو شوێنیان کرد .

# بەشی دووەم

# گوڵبارانی خەونەکانی خاوەن شکۆ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# زەنگ

ئـەو زەنـگەی ( ئامـانج ) هەڵیگرتـووەو لەگەڵ دەرچـوونی هەر ژمارەیەکیـــدا گوێبیـــستی زرنـــگەکەی دەبـــین ، هێـــشتا لە سـەرەتادایەو قۆنـاغی ئەزمـوونی تێنەپەڕانـدووە ، بـۆیە چـاوی چاوەڕوانیمـان ئاڕاسـتەی کـردووەو ، دەخـوازین بە ڕاسـتی ببێـتە هێمای هزرو ناخی هەمیشە هەڵچووی مامۆستایـان و ، خەمـە پەروەردەییەکانیان و کێـشە تایبەتییەکانی ژیـانیان بـڕەوێنێتەوە . . .

مامۆستایان ، هاوڕێیانی دێرینی زەنگ ، دەیانەوێت خۆیان ئـاوازی زەنگ دانێن . . .

دەیانەوێـــت خۆیـــان پەیـــامی زەنـــگ هەڵبـــگرن و هەرگیـــز دەستبەرداری نەبن . . .

زەنـگ بە واتـا گەورەکەی خـۆی چەکـی بەرەنگـاریی جیهـانێکی ئـاوەژووەو ، خەونـی سـتەمکاران بـۆ چەواشـەکردنی مرۆڤـــــ دەزرێنـێ ، بـۆیە بـۆتە سـیمای رەخـنەو نـاڕەزایی ، بـۆتە ئـامڕازی ئاگـایی و ، مـایەی راپەڕینـی هـۆش و ، راچەنینـی گیـانی سـڕو ، هەژاندنی جەستەی داهێزراوی دواکەوتن و نەزانی . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

* ئەوە زەنگە هاوڕێی گیانی بە گیانی مامۆستایە . . .

* ئەوە زەنگە چەکی هەژانی دنیایە . . .

* ئەوە زەنگە زمانی ژان و بێزاریی ناخی مرۆی بەئاگایە . . .

مامۆستایان ، لەسەنگەری کاریگەریی ئەو زەنگەدان ، دەیانەوێت لەم گۆشـــەیەی (ئامــانج)ی مامۆســـتایاندا ، نـــووکی تیـــژو پـــڕو بەپرشتی قەڵەم بەڕێکەوێت ، تا هەڵمەتی مێژوویی خۆی بەرێت ، دەنگی ئەوان بگەیەنێت ، بە پەیڤە زێڕینەکانی ، هەوارگەیەکـی نوێ بڕازێنێتەوەو بارو بنەی ئاواتەکانی ئەوانی لێبخات . . . .

ڕۆژنامەی ئامانج ژمارە ( 5 )

# ئامانج

(ئامانج) ئەو بڵاوکراوە تێکۆشەرە بوو ، کەلەدوای دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی پێشوودا ، ئۆرگانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی مامۆستایان بوو ، ئەو بزووتنەوەیەی لەئاکامی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا ، وەک پێداویستییەکی مێژوویی سەردەمی خۆی ، هاوشانی بزووتنەوەی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری ، هاتە نێو کاروانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانەوە .

(ئامانج) لە رۆژە سەخت و دژوارەکانی روو بەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی شۆڤێنیستی بەغداو سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوایەتیو پیشێلکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا ، ئەو ئۆرگانە رێکخراوەیو پەروەردەییەی مامۆستایان بوو کە ئەرکی پیرۆزی بەگژداچوونەوەی سیاسەتەکانی رژێمی ، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەوفێرکردندا ، لەئەستۆ گرتبوو .

(ئامانج) دەنگی زوڵاڵ و رەوابێژی دەستەی پێشڕەوی مامۆستایانی رێبازی کوردایەتی بوو . چریکەی هەقخوازانەی ئەو تێکۆشەرانە بوو ، کە لە گەرمەی گڕی کڵپەسەندووی شۆڕشی ئەیلول و بزووتنەوەی بەرەنگاریی داگیرکەرانی کوردستاندا گیانیان (نەزری) بەدیهێنانی مافەڕەواکانی گەلە ستەمدیدەکەیان کردبوو .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

(ئامانج) چەکوشی بێبەزەییانەی راستو عەدالەتخوازیی
مامۆستایانی کوردستان بوو ، بۆ راستکردنەوەی رێڕەوە
چەوتەکانی بیروڕەفتاری ((سیاسوپەروەردەیی)) نێو
دامەزراوەی پەروەردەیی حکومەت لەو سەردەمەدا ، بۆ هەنگاو
هەڵگرتن بوو بەراستە رێگای گەیشتن بە ئامانجە
رزگاریخوازانەکانی مامۆستایاندا .لەبەر ئەوە ،لەگەڵ دەرچوونی
هەر ژمارەیەکیدا ، تەنگی بەدارو دەستە هەڵمەتەکاسەو
چڵکاوخۆرەکانی نێو دەزگای پەروەردە هەڵدەچنو چۆکیانی
بەلەرزە دەهێنا .

(ئامانج) بەسیاسەتی دروست وراستگۆیانەی ، جێیەکی بڵندو
شیاوی لە نێو جەماوەری گەلەکەمان و ، لە نێو مامۆستایانی
سەربەرزی کوردستاندا بۆ خۆی کردەوە ، لەبەرئەوە بە
پەرۆشەوە پێشوازییان لێدەکردو ، دەستاو دەست دەڕۆیشت و ،
لەنێو قوتابخانەو خوێندنگاکاندا وەک چەکی بەربەرەکانیی
((پەروەردە))ی رژێم و ، ئامرازی تێکۆشانی مامۆستایان و دەنگی
پەروەردەی بزاڤی کوردایەتی ڕێزیلێدەگیرا .

ئەمڕۆ بەناوی ئەو (ئامانج)ەی خاوەنشکۆی مامۆستایان بوو ،
بەناوی ئەو (ئامانج)ەی جێگەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵاتی
چوارەمدا کردبۆوە ، لەسایەی هەلومەرجێکی نوێدا کە راپەڕینە
مەزنەکەی بەهاری 1991 خولقاندوویەتو ، لە کەشوهەوایەکی
ئازادو ئاشکراداو ، دوور لە سانسۆری دەزگا سەرکوتکەرەکانی
ئازادی ، دوای دابڕانێکی درێژخایان ، بۆ جارێکی دیکە (ئامانجی)
ئۆرگان ، وەک رۆژنامە ،بەشێوازێکی گونجاوتر لەوەی پێشوو ،
دێتەوە کۆڕی تێکۆشان هەتا ئەرکی نامە دێرینەکەی لەجیهان و
کوردستانێکی نوێدا تەواو بکات .

لەڕاستیدا (ئامانج)ی خاوەن پێشینەی پڕ سەروەریی وەهای
لێچاوەڕوان دەکرێت کە لە ئاستی ئەرک و نامە مێژووییەکەیدا بێت
و هاوئاهەنگی ئۆرگانی هەموو توێژەکانی دیکەی کوردەواری ،
رەنگی تەلاری کوردستانێکی ئازادو سیستەمێکی دیموکراتی و
کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنو عەلمانی بڕێژێت .

ئێمەی مامۆستایانی کوردستان ، دەمانەوێت (ئامانج)ی
زمانحاڵمان ، هەروەک رێبازە دێرینەکەی خۆی ، چەکی بەرەنگاربو
بەرپەرچدانەوەی ((پەروەردە))ی شۆڤێنیستی نەتەوەی
سەردەست بێت .

دەمانەوێت ئاڵای راستەقینەی بزووتنەوەیەکی رێکخراوەیی
زیندووی مامۆستایان بێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەمانەوێت هاندەرو وروژێنەرو پێشەنگی بزافی بەگژداچوونەوەو سووربوون بێت لەسەر بەزاندنی کۆنەپەرستیی لەبواری پەروەردەو فێرکردنداو ، بەو ئاڵا شەکاوەیەوە ، بێپسانەوەو ماندووبوون هەتا سەر بجەنگێ .

دەمانەوێت (ئامانج) هەمیشە نەڕەی دەنگە شێرانەکەی مامۆستایانی کوردستان بێت دژی یاسا شکێنو هەموو جۆرەکانی گەندەڵیی کە لەنێو دامودەزگاکانی پەروەردەدا بەدیبکات .

دەمانەوێت (ئامانج) لێپرسراوانە ، بۆ چاکسازیی و گۆڕانکاریی پەروەردەیی و پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندن و گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستانــدا تێبکۆشێت ؛ ڕەخنەگری هەڵەو کەموکووڕیو ، لە هەمان کاتدا ، پاڵپشتێکی ئیجابیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بێت .

دەمانەوێت (ئامانج) ئامرازێکی شارستانییانەی مامۆستایانی کوردستان بێت بۆ گەیاندنی خواست و داواکارییە ڕەواکانیان و ، شێوازێکی خەباتیان بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیوپەروەردەیو پیشەییەکانیان .

دەمانەوێت (ئامانج) لەبواری خەباتی ڕێکخراوەییدا هەڵگری پەیامی (بەرنامە)ی پەسەندکراوی دوا کۆنگرەی بێت و ، لەنێوانی ستوون و دێڕەکانیدا ئامانجەکانی بدرەوشێنەوەو ، لە گشتێتی نووسینەکانیدا ڕەنگبدەنەوە .

دەمانەوێت (ئامانج) پرەنسیپەکان (پێڕەوی ناوخۆ)ی لە نووسینەکانیدا بەرجەستەبکات و، بەراستی و بوێرانە داکۆکی لە سروشتی ڕێکخراوی تێکۆشەری مامۆستایانی کوردستان ، وەک ڕێکخراوێکی دیموکراتی - پیشەیی - سەربەخۆ ، بکات .

دەمانەوێت . . . . . دەمانەوێت . . . . . . . دەمانەوێت . . .

ئێمەی مامۆستایانی کوردستان هەمیشە ئەوەمان سەلماندووە کە هیواکانمان گەش و . . . خواستەکانمان واقیعی و . . . داواکانمان ڕەواو . . . ئیرادەمان پۆڵایین و . . . وزەمان بێپەی بووە . . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەكرێت (ئامانج) لە پەیامەكەیدا چڕیان بكاتەوەو بەڕاستی ببێتە خاوەنشكۆو بەڕیزەكانی دەسەڵاتی چوارەم پەیوەستبێتەوە

رۆژنامەی (ئامانج) ژمارە (2)

2002/5/29

# ( هەرێمی كوردستان ) ئەزموونێكی رۆژنامەگەریی هاوشانی ئەزموونی حكومەتی هەرێمی كوردستان

(هەرێمی كوردستان) وەك رۆژنامەیەك كەزمانحاڵی حكومەتی هەرێمی كوردستانە ، پتر لەم چەند دێرەی بۆ هەڵسەنگاندنی دەوێت ، چونكە بۆ خۆی ئەزموونێكی رۆژنامەگەریی بوو له خزمەتی ئەزموونی حكومەتێكدا كە گەلی كورد دوای راپەڕینە مەزنەكەی بەهاری 1991 پیادەیكرد .
بۆ سەرنووسەرێكی ئەم رۆژنامەیەش ، رەنگە زۆر ئاسان نەبێت بەچەند وشەیەك ئەزموونی خۆیو موعاناتەكانی لەگەڵ دەرچوونی ژمارە بە ژمارەیدا بخاتە ڕوو . من وەك سەرنووسەری (106) ژمارەی ئەم رۆژنامەیە بەئەركی خۆمی دەزانم لەیەكەم بواردا بۆم بڕەخسێ واقیعی ئەو ماوەیە تۆماربكەم و بەردەمی رۆژنامەوانان و مێژووی رۆژنامەگەریی كوردی بخەم شان بە شانی ئەو برایانەی دیكەش كەبەر لەمن و دوای منیش سەرنووسەری رۆژنامەكە بوون .
رۆژنامەی (هەرێمی كوردستان) لەماوەی تەمەنی خۆیدا توانی ناسنامەی حكومەتێكی ساوای كەم ئەزموون بێت و، بە واقیعی كارو چالاكییەكانی ئەم حكومەتە تۆماربكات ، لەبەرئەوە سیمای هەرە دیاری ئەم رۆژنامەیە ئەو رۆڵە (دۆكیۆمێنت)ییەی بوو كەبۆ مێژووی ئەزموونی حكومەتی هەرێمی كوردستان زیاتر لە رۆژنامەكانی دیكە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت .
ئەم رۆڵە (دۆكیۆمێنت)ییەی تەنها لایەنی كاری سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم و وەزارەتەكان و دامودەزگا حكومەتییەكان و دامەزراوەكانی سەربەحكومەت و هاوكاری حكومەت لە پرۆژەكاندا دەگرێتەوە ، دەنا بوارەكانی دیكە (بەڕای من) زۆری بابەتی مردوو بوون و رۆژنامەكەیان پێ پردەكرایەوەو ، بەوە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەرچـــوونی بەردەوامـــی ڕۆژنـــامەکە زامـــن دەکـــرا ؛ هەربـــۆیە ڕۆژنامەکە لەڕووی ستاف و لەڕووی داراییەوە بـارێکی زۆر گرانـی نرابـووە سـەر کە ڕۆژانە هەسـتت پێـدەکردو بەرە بەرە جـووڵەی لێدەبڕی .
ڕۆژنـامەی (هەرێمـی کوردسـتان) هەر لەدەرچـوونیەوە تـائیمرۆ نـاکۆکییەکی سـەرەکی تێـدابوو ، کە هەمیـشە وەک کۆسـپێک ڕێگری پێشکەوتنی بوو ، هەرپێشکەوتنێکیش کە ناوەناوە لەڕووی (فـۆرم - شـکل)ەوە (نەک نـاوەرۆک) تێـدا کرابێـت بە ئەرک و ماندووبوونی سەرنووسەرەکان و چەند ئەندامێکی هەڵسووڕاوی نێـو ڕۆژنـامەکە بـووە کەلەپەنـجەی هەردوو دەسـت تێـپەڕی نەکردووە .
ئەو نـاکۆکییە سـەرەکییە ، لایەنێکـی ئەوەبـوو کە ڕۆژنـامەکە ڕۆژنـامەی حکـومەت بـوو ، واتە سیاسـەتی دەسـەڵاتی کـوردی دەردەبڕی ، لایەنەکەی تر ئەوە بوو کە ڕۆژنامە دەبێت دەسـەڵاتی خەڵـک بێـت ، ئەو دەسـەڵاتەی کە نـاوی دەسـەڵاتی چـوارەمی لێنـراوە . ئەم نـاکۆکییە رایەڵێـک بـوو لە تەواوی تەمەنـی ئەم ڕۆژنـامەیەدا ، چارەسـەری نەدەکـراو ، نـاکۆکییەکە بـۆ هەمیـشە هەردەمێنێت ، چونکە ناتوانرێت ڕۆژنـامەیەک لەهەمـان کاتـدا دوو ڕۆڵی پێببینرێت و ، دەسەڵاتی حکـومەت و دەسـەڵاتی خەڵـک لە تـوێی لاپەڕەکـانی خۆیـدا کۆبکـاتەوە ، هەرچەنـدە لەڕێـی ریپۆرتاژەکـان و لەڕێـی گۆشـەی جیاجیـاو بڵاوکـردنەوەی داواو سکاڵای خەڵکی لە گۆشەی (جەماوەرو حکومەت)دا بۆ ماوەیەک ، هەوڵێکی زۆری بۆ درا .
سەرەڕای ئەم ناکۆکییە ، یان باشتر بڵێین ، لەگەڵ ئەم ناکۆکییەدا واقیعێک لەئیدارەی ڕۆژنامەی حکومەتیدا دێتە پێشێ - کە ڕەنـگە کەمیی ئەزموون و بـواری تەسـکی ئەزمـوونی ڕۆژنـامەگەریی لە کوردسـتاندا هۆکارەکـانی بـن - کە کاربەدەسـتانی هەر لە سەرنووسـەرەوە تا دوا هەڵـسووڕاوی کارمەنـدی حکـومەت بـن و وەک کارمەنـدو بەگیـانی خۆژیانـدنەوە کـاربکەن ، لەم حـاڵەتەدا ،دەگمەن کەسـانێک ، لەم شـێوە ڕۆژنامـانەدا ، هەڵـدەکەون کە شـەونخونی بەدیـارەوە بـکەن و بەدەرلەوەی مـووچەی لەسـەر وەردەگرن ، عەشقی ڕۆژنامەگەریی ئاوێتەی ڕەنج و مانـدووبونی خۆیان بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەکە بکەن .
من پێموایە بڕیاری ڕاگرتنی دەرچوونی ئەم ڕۆژنـامەیە ، بڕیـارێکی راسـت و دروسـت و بـوێرانەیەو ، بەرئەنجـامی ئەقڵێکـی شارستانییە . ئەم بڕیارە بایەخ و سەرچاوەکەی لەوەدا دەبینم :
1- کۆتاییهێنانە بەو ناکۆکییەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد ، چـونکە هەردەبێت ڕۆژنامە لەبەرەی دەسەڵاتی چوارەم بێت .
2- ڕەتکردنەوەی ئەوەیە کە حکومەت ڕۆژنامەی زمانحاڵی هەبێت ، سەبارەت بەوەی دەبێت حکومەت نـوێنەری بەرژەوەنـدو ڕاگری هاوکێشەی بەرژەوەندیی نێو چین و تـوێژە کۆمەڵایەتییەکـان بێـت

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەپێی ئەو چەمکەی دەوڵەت کەلە جیهانی ئەمڕۆدا باوە .
3- حکــومەت بــۆ بڵاوکــردنەوە یــان راگەیانــدنی پرۆژەکــان و پەخـشکردنی بەرنامەکـان و بەئاگاهێنـانەوەی خەڵـک دەربـارەی چالاکییەکانی ، دەتوانێـت هۆیەکـانی دیکـەی بڵاوکـردنەوەو چـاپ بەکاربهێنێـت و تەواوی زانیارییەکـان لە خزمەتـی رۆژنـامەگەریی مەوجوددا دابنێت و ، هەمـوو رۆژنامەکـان بە رۆژنـامەی حزبـی و ئەهلییـەوە بتـوانن هـاتوچۆی دامودەزگاکـانی بـکەن و ئـازادانە واقیعــی کــارە خزمەتگوزارییەکــان و ، هەروەهــا کەموکووڕیــو ئاســتەنگەکانیش بەجەمــاوەر بگەیەنــن و هەمیــشە چــاودێرو رەخنەگری لایەنە سەلبییەکان بن و لایەنە ئیجابییەکـانیش تێیانـدا رەنگبدەنەوەو ، لەهاندان و پشتگیریی درێغی نەکەن .
4- چارەســەرکردنی قەیرانێکــی ئیــداریو دارایــیە کەلە مێــژە ئەم رۆژنــــامەیە هەیەتــــی و ، بە گــــۆڕینی سەرنووســــەرەکان و هەرئاڵوگۆڕێک کەنـاوە نـاوە کـراوە ، نەتـوانراوە چارەسـەربکرێت ، چونکە ئەم قەیـرانە بونیـادییەو لەگەڵ دروسـتبوونەوەی سـتافی نوێ بـۆ دەرکردنـی رۆژنـامەکە ، بـۆ دەورەیەکـی نـوێ ، لەشـاری سـلێمانی ، هـاتۆتە ئـاراوەو سروشـتی بـارودۆخە سیاسـییەکەو راگرتنی لەنگەری هاوکێشەکان درێژەی پێـداو توانـای بنبڕکردنـی نەبوو ، ئەگەرچی ئیرادەو پرۆژەی چاکسازیش هەبوو .
بەکــورتی ، ئەزمــوونی رۆژنــامەی (هەرێمــی کوردســتان) هاوتەریبی قۆناغێکی دەسەڵاتی کوردە کە خۆی لەدامەزرانـدنی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتاندا دەنوێنێـت ، ئـاوێنەی شـێوەی ئەزمـوونەکەیە لەسـاڵەکانی سـەرەتای تەمەنیـداو ، بـۆ ئـێمە ، ئەزمــوونێکی تــایبەتیی رۆژنــامەگەرییە ، کە بــۆ مێــژوو ، بــۆ هەڵــسەنگاندنی ئاســتی رۆژنامەگەریمــان و چــۆنیەتی بیرکردنەوەمان و ئەقڵی سیاسـی و ئیـداریی حکومەتەکەمـان لەو ماوە سەرەتاییەی تەمەنیدا بایەخی خۆی هەیە .
ئیمـڕۆ کە هەنگـاوی سیاسـی و ئیـداریی نـوێ لەکـایە دایە ، بـۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئەزموون بۆ قۆناغی دامەزراوە (مۆسسات)ی دەوڵەتـی ، راگرتنـی رۆژنـامەیەکی حکـومەتی و گێـڕانەوەی ئەو وزەیە بــۆ نێــو رۆژنــامەگەریی دەرەوەی حکــومەت و بنیاتنــانی کۆمەڵـگایەکی مەدەنی کە دەسەڵاتی چوارەم کۆڵەکەیەکی بێت ، ئەرکێکە دەبێـت دەستخۆشـیی لێبکەین و ، بەگیـان و ورەیەکـی بەرزو هزرێکــی روونــاکەوە لەپێــشوازیدا بــین و تەواوی توانــای خۆمانی بۆ بەگەڕبخەین .

رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (408)
دواژمارە / چوارشەممە 2001/5/23

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# ڕۆژنامەگەریی کوردی

لە 22 ی نیسانی ئەمساڵدا (103) ساڵ بەسەر تەمەنی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی تێدەپەڕێ . دیارە لەم چەند دێرەدا ناتوانرێت پانۆرامای ڕۆژنامەگەریی پتر لەسەدەیەک بەوردیو بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی شیبکەینەوەو ڕۆڵی تویژو چینە کۆمەڵایەتییەکان و نوێنەرە سیاسییەکانیان لەم بزاڤە سیاسیو ڕۆشنبیرییەدا دیاریبکەین ، بۆیە تەنها واقیعی دوای ڕاپەڕین بەچەند خاڵێک هەڵدەسەنگێنین .

بۆئەوەی ئەم هەڵسەنگاندنە (بابەتی) بێت ، پێویستە هەردوو لایەنی چەندایەتیو چۆنایەتی بگرێتەوە ، لەبەرئەوە بەکورتی بەسەر هەردوولایەنەکەدا گوزەر دەکەم :

1- لە ڕووی چەندایەتییەوە (زۆربوبۆری) بەسیمای ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە دیارە . ڕۆژنامەی حزبی باڵی بەسەر گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریدا کێشاوە .ڕۆژنامەکان زۆرن ، هەمەڕەنگن ، هەمە بیرن ، هەمە ڕێبازی سیاسین . ڕۆژنامەی ئەهلیو سەربەخۆ دەنگی کزە یان هەرنییە .

من بەگەشبینییەوە سەیری ئەم دیاردە چەندایەتییە دەکەم و ، دوای ساڵانێکی زۆری سەرکوت و پێشێلکردنی ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوەو دانانی سانسۆر لە سەر قەڵەمە مولتەزیمەکان ، زۆر ئاساییە بەم شێوە بەربڵاوە ڕۆژنامەو گۆڤارمان هەبێت و ، دڵنیام کە سەرەنجامەکەی بە پێشکەوتنێکی بەرچاو دەشکێتەوە .

2- لە ڕووی چۆنایەتییەوە ، ئەگەرچی شێوەی دەرهێنانی ڕۆژنامەکان (نەخشەسازیی) بۆ پێشەوە چوونێکی دیاری هەیەو ، بەسوودوەرگرتن لە جۆرنالیزمی پێشکەوتەی جیهانی ، ڕۆژنامەی کوردی لەشێوەیدا چەند هەنگاوێکی ناوە ، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە گەشەکردنێکی بەرچاو هاوتەریبی لایەنی چەندایەتیو شێوەکەشی نەبووە ، بەڵکو پاشەکشەیەک بەدیدەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە مولتەزیمانەی بەر لەڕاپەڕین هەبوون

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

؛ ســەرباری ئەوەی کە زۆربەیەک لەو ڕۆژنامــانە وەک بەشــێکی جۆرنـالیزمی ژێـر سـایەی سیـستمی ســەرمایەداریی جیهـانو دەنگدانەوەی بابەتەکانی ئیمڕۆی ئەو جۆرنالیزمە کاردەکەن ، بەو پێودانگەش هوشیاریی خوێنەری کـورد دەشـێوێنن و ڕۆشـنبیریی چەواشەی ڕۆژئاوایان پێدەگەیەنن ، ئەمەجگە لەوەی زۆربەی ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە بابەتی ڕۆژنامەنین ، بێ پێزو لاوازن ، یان مەبەســتێکی ڕاگەیانـدنی سیاسـییان پێبەدیـدەهێنرێت و تەنهـا بۆشاییان پێپڕدەکرێتەوە ، باری ناهەمواری بژێـویی نووسـەرانیش کارێکی وەهای کـردووە ئاسـتی نووسـینەکان لەدابەزینـدا بێـت و تەنها بەمەبەسـتی پاداشـت وەرگرتن بنووسـرێن ، واتە جۆرێـک لەبازرگــانیکردن بەوشــەوە پەیــدابووەو توێژێــک میــرزا ، نەک نووســەرو ڕۆژنــامەنووس ، لەڕۆژنامەکانـدا کـاربکەن و نـاوی (ئاشـکراو خـوازراو) یـان ، لەنێـو لاپەڕەکـانی ئەم ڕۆژنـامەو ئەو ڕۆژنــامەدا ببینــین ، بەرادەیەک دەتــوانین تەنهــا کەمینــەیەک ڕۆژنـامەنووس دەستنیـشان بکەیـن کە بە خەمـی پێـشکەوتنی ڕۆژنـامەگەریی کـوردییەوە بـن و بەعەشـقەوە شـانیان بەبەر ئەم کارە پڕ ئەرک و ماندوو بوونە دابێت .

لەبەر ئەو هۆکارانە ، ڕۆژنامەگەریی کوردی نەیتوانیوە فاکتەرێکی کــاریگەری پێکهێنــانی ڕای گــشتی بێــت لەبــوارە جیاجیاکــانی سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا ، هەرچەندە زۆر بە فراوانی و گەرماو گەرم کێشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتــی و گرنگتــرین ڕووداوەکــانی جیهــان و نــاوچەکەو کوردســتان بــاس دەکــرێن و دەســتەیەک ڕۆژنامەنووســی لاوی خـاوەن قەڵەمـی بەپرشــت تاووتوێیـان دەکەن ، نەک هەر ئەوە ، بەڵکـو ڕۆژنامەگەریمـان هەتـا ئێـستا ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی نەبـووە لە پاراســتنی تەلاری بەهــاو نەریــتە شۆڕشــگێڕییەکانی کــۆمەڵی کوردەوارىو، بزووتنەوە سیاسییەکان لەداڕووخان و ، بنیاتنـانەوەی کەسایەتیی تێشکاوی تاکەکەسی کورد کەدوژمنەکانی بەدەیـان ساڵ پاچ و پـیمەرەی وێرانکارییـان بـۆ بەگەڕخـستبوو ؛ ئەمە جـگە لەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەبۆتە دەسەڵاتی چـوارەم و ، نەک هەرئامرازی کۆمەڵ نییە بۆ چاودێریی دامودەزگاکانی حکـومەت ، بەڵکــو بە شــێوەیەکی وەهــا لە پەراوێــزدایە ، کەتەنــانەت بەڕێوەبەری هەرفەرمانگەیەک ، بـۆ ئەوەی بـۆنی گەنـدەڵیی نێـو فەرمـانگەکەی نەچێـتە دەرەوە ، جـورئەتی ئەوە دەکـات ڕێگەی ڕۆژنامەنووسان نەدات بەئازادی ریپۆرتاژ لەسـەر فەرمانگەکانیـان ئەنجام بدەن .

لەڕاستیدا هێشتا زۆرمان دەوێت بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆژنامەگەریی کوردی بکەینە ئامرازێکی کـارای بنیاتنـانی دواڕۆژێکـی پرشـنگدار

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

که هەندێک بە کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێکی تر بەسۆسـیالیزم ناوزەدی دەکەن .

22 ی نیسانی2000

# پێویستە دەرگای فەرمانگەکانی حکومەت بۆ رۆژنامەنووسان ئاوەڵا بێت

ئەم ناونیشانە سەلمێنراوێک بەیان دەکات و داواکارییەکی ئاسایی ئەوتۆیە پێویست بە دووپاتکردنەوەی ناکات . بەڵام لەبارودۆخێکدا کە رەفتارو هەڵسوکەوت و سایکۆلۆژیی گشتیی بەرپرسانی فەرمانگەکانی حکومەت لەسەر رێزلێگرتنی ئازادیی رەئی و دەربڕین و رۆژنامەگەریی رانەهاتبێت و ، هێشتا ئەقڵییەتی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی کاریگەرێتی لەسەرپێکهاتەی دەروونیی کەسایەتییان هەبێت ، ئەوا داوایەکی لەو چەشنەی سەرەوە دەبێتە ئەرکی بزاڤی رۆژنامەگەریی ئیمڕۆ ، ئەو بزاڤەی لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 و لەژێر سایەی هەلومەرجێکی نوێدا پێشکەوتنێکی چەندایەتیی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە . بۆیە بەشێکی ململانێی رۆژنامەنووسان لەگەڵ هەموو شێوەو شێوازە جیاجیاکانی گەندەڵیدا ، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ بەگشتی و چ لەسەر ئاستی فەرمانگەکانی حکومەتدا بەتایبەتی ، لەم داواکارییەدا بەرجەستە دەبێت و ، بەبێ ئەوە ، لایەنی هەرە بنچینەیی ئەرکەکانیان ، کەریسواکردنی ئەو گەندەڵییانەیە لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە روودەدەن ، راستگۆییان نامێنێت و نازناوی دەسەڵاتی چوارەمیان لێدادەشۆرێت ؛ حکومەتێکیش کە خۆی بە بەری رەنج و خوێنبەخشینی دەیان ساڵی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد بزانێت ، بەبێ پێشوازیلێکردنی پەیامنێرانی دەسەڵاتی چوارەم و رێخۆشکردن بۆ کاری رۆژنامەنووسییان ، راستگۆیی لەدەست دەدات و فەرمانگەکانی دەبنە مەڵبەندی کەسانێکی ناشایستەو نەگونجاو - ئەگەر نەڵێین هەڵمەتەکاسەو دەست و

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

داوێن گوماناوی - کە ئاکامی کارو رەفتارە ناجۆرەکانیان بەسەر کۆمەڵ و حکومەتیشەوە باردەبێت و رەوتی بەرەو پێشەوە چوون خاو دەکەنەوەو لەوبەری بەرژەوەندی جەماوەردا رایدەگرن .

ئەو راستییەی سەرەوە ، خوێندنەوەیەکی بە بەڵگەی ئەو بارە نالەبارە بوو کە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکەمان (هەرێمی کوردستان) وەک ئەرکی سەرشانی خۆیان ، لەکۆبوونەوەیەکدا رۆژی (9/28) کە بە چاودێری و سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا ، خستیانەڕوو ، بەتایبەتی دیاردەی نەشیاوی دەرگا داخستن بەڕوویاندا لە لایەن هەندێ لە فەرمانگەکانی حکومەتەوە ، یان قەدەغەکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەراندا لەلایەن هەندێک لەبەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانەوە ، یان ئەو هەڕەشەی گواستنەوەو دەرکردن و بە (فائض) نووسین و سزادان و . . . هتد کە هەندێکی تر لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکان ئەو فەرمانبەرانەی پێدەترسێنن کە راستیی لە چەوت و چەوێڵی و سەلبیاتەکانی نێو فەرمانگەکانیان دەڵێن و گەندەڵییە شاردراوەکانیان دەدرکێنن .

سەرۆکی حکومەت ئەو دیاردەیەی مەحکووم کردو لەبەر تیشکی سەرەتاو سیاسەتەکانی حکومەتدا رێنمایی کردین و پێیڕاگەیاندین کە هیچ فەرمانگەیەک (یەک دوویەک نەبێت) لەسەردانی رۆژنامەنووسان قەدەغە نییەو ، تەنانەت لەسازدانی چاوپێکەوتن و ئەنجامدانی ریپۆرتاژ لەسەر (دەزگای ئاسایش) یش ئازادن .

ئەم بایەخپێدانەی سەرۆکی حکومەت و ، پێشتریش رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی بەڕێز مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە خولی (2000) ی رۆژنامەگەریدا ، دەروازەیەکی بەڕووی بزافی رۆژنامەگەریدا کردۆتەوەو ، پشت بەپشتگیرییان ، رۆژنامەنووسان دەتوانن دەرگا کلۆمکراوەکان بشکێنن و ، لەلایەک دەسکەوت و کارە خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەن و ، لەلایەکی دیکەوە کونجە تاریکەکان و ئەو شەمشەمەکوێرانەی خۆیان تێیاندا حەشارداوە ، بەرتیشکی راپۆرتە هەواڵ و لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسییان بدەن .

ئێمە ئەم وتەیەی سەرۆکی حکومەت وەک پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرنامەی دابینکردنی ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەناسین و ، پڕانەوەی دەستی کۆتکراوی رۆژنامەنووسان و کردنەوەی قفڵەکانی دەمیانی تێدا بەدیدەکەین؛ ئەمە وەها دەخوازێ پێویستمان بەوە نەبێت بە پەنهانی کاری رۆژنامەنووسیی ئەنجام بدەین ! بە خەمی ئەوەوە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

نەبین بەرپرسی فەرمانگەکان تادوائەنجام بەکاری
رۆژنامەنووسیمان نەزانن و بۆ چنینەوەی راستییەکان رێگریمان بۆ
دروست بکەن. نەک هەرئەوە بەڵکو بوارمان بۆ پرەخسێنێ
سەربەستانە ، چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ ، روو لە هەموو شوێنێک
بکەین و پەیامنێرەکانمان بنێرینە مەیدانی کارەوەو لەوانەی
((ماڵیان لە شووشەیە)) سڵنەکەینەوە ، بەمەش لاپەڕەکانی
رۆژنامەکەمان ئاوێنەی رەنگدانەوەو بەرجەستە بوونی
سیاسەتی ئازادی - دیموکراسی - مافمرۆڤ بێت . لەبەرئەوە ،
بەدیهێنانی ئەو نیازە مەشروعەی رۆژنامەنووسان و درێژە پێدانی
ئەم رەوتەی رۆژنامەگەریی و پراکتیکی سیاسەتی چاکسازیی لە
دامودەزگاکانی حکومەتدا، وادەخوازێت ، جگە لە پاکسازیی ،
پشتگیریی یاسایی چ بۆ رۆژنامەنووسان و چ بۆ ئەو کەسە پاک و
شەریفانە دابین بکرێت کەلەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا
رووبەڕووی گەندەڵییەکان ململانێ دەکەن و ، لەم پێناوەشدا
بەرەنگاری شێوازی ئیدارەی سەردەمی رژێم و ئەقڵییەتە
ئێکسپایەرەکان دەبنەوە .

دیارە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو ململانێ و
بەرەنگاربوونەوەیەش ئەوەیە دەرگای فەرمانگەکانی حکومەت بە
داخراوەیی نەمێنێتەوەو بۆ رۆژنامەنووسان ئاوەڵابێت .

رۆژنامەی ( هەرێمی کوردستان )

تشرینی یەکەمی 1999

# پەیامی رۆژنامەو ئەوانەی ماڵیان لە شووشەیە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

من به شیاوی دەزانم رۆژنـامەنووس بە پێشمەرگەیەکی گومنـاو ناوزەد بکەم. ئەو لە هەر بـواریکی رۆژنامەنووسـیدا هەڵسووڕێ، رۆژانە بە دیار خەمەکانەوە دەسووتێ و گیـانی خـۆی بەو وشـانە دەبەخشێت کە لە سـتوونی گۆشـەو هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکانـدا ریـز دەبەستن و پەیامی رۆژنامەکەی بۆ دەبێتە رایەڵ و پێکەوە گرێیان دەدات.

ئەوی رۆژنـامەنووس، لە پێنووسـێک و پـارچە کاغەزێـک بەولاوە خـاوەنی هـیچ کەرەسـەیەکی دیکە نییە. ئەو لە وشـە بەولاوە چەکێکـی دیکە شـک نابـات؛ کەچـی هەنـدێک ( دەسـت و دەم و داوێـن گوماناوییەکـانی دوێنـێ و ئەمڕۆ ) ئەم مـرۆڤە دێـوانەیەی حەقیقەتیان لێدەبێتە کێوو،لە سەرە رێگاو کووچەو کەنـارە تـایبەت و تاریکەکـانی خۆیانـدا بەدییـان دەکەن و،زاڵەترەکــی ئەوەن دەرگاکانیان لەسەر دابخەن و، وشەکانیان وەک چەکێکی کوشندە تـاڵاو بە گەروویانـدا بـکەن. ئەوانە رۆژنامەکانیـان لێـدەبیتە کابووسێک و شەوورۆژ بە سەر کۆڵەی سنگیانەوە دەیانبینن، بۆیە چاووڕاویان لێدەکەن و کپبوونی تاهەتاییان بۆ دەخوازن.

ئەمە راسـتییەکی بـێ چارشـێوە لە نێـو خـودی ئـێمەدا، ئـا لەم دەڤەرەدا، نەدەشـاردرێتەوەو، نە بـواری دیـزە بە دەرخـۆنەکردنی هەیە... ئەی ئەوە نیـیە نووسـەران و پەیـامنێرانی رۆژنامەکـان رۆژانە بەرەورووی هەڕەشـە ئاشـکراو نهێنییەکـان دەبـنەوە، لە دادگاکانـدا شـکاتیان لێـدەکرێ و تەونـی دەسـتگیرکردن و دەمبەسـتنیان بـۆ دەچنـرێ! ئەی ئەوە نیـیە ئەم بەڕێـوەبەری فەرمـانگە رێگەیـان نـادات لێکـۆڵینەوەی رۆژنـامەوانی لە فەرمانگەکانیانـدا بـکەن و، ئەو بەڕێـوەبەریش قـسەکردن بـۆ رۆژنامەکـان لە کارمەنـدەکانی قەدەغە دەکـات! ئەی ئەوە نییە لەسـەر چاپێکەوتنێکی رۆژنامەکـان هەنـدێک بەرپـرس فـشار بـۆ کارمەنـدەکانی بەردەسـتیان دەهێـنن و بە بەهـانەی جیاجیـا فەرمـانی دەرکـردن و گواسـتنەوەو، چـی و... چییـان بـۆ دەردەکەن! ئەی ئەوە نییە لە ستایش و بە شانوباڵ هەڵدان زیـاتر ، وشەیەکی دیکە لە رۆژنامەنووسان وەرنـاگیرێ! ئەی ئەوە نییە بە هەڵەداوان و هەناسـەبڕکێ وەڵامـی بەدواداچـوونە رۆژنامەییەکـان دەدرێـتەوەو سـەنگەری بەرگریکـردن لە خۆیـان - بەرامبەر رۆژنامەکان - لێدەدەن و نکوولی لەو راستیانە دەکەن کە پەیامنێرەکـان دەیـانخەنە روو! ئەی ئەوە نییە بـۆ تەنها جـارێکیش بەرپرسـی فەرمانگەکـان بە دۆی خۆیـان نـاڵێن ترشـەو، لەسـەر کەمتەرخەمییەکانیـان پێـدادەگرن و، بە هەنـدێ پاسـاوی بێنـاو یاسـایی و پەیرەوکردنـی رێنمـاییەوە، چەوتییەکـان پەردەپـۆش دەکەن!

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەوە چ سیحرێکە ڕۆژنامەکان و ڕۆژنامەنووسانی لەو هەندە کاربەدەستە کردۆتە خێوو، ترسی بەسەردا باراندوون؟ وەڵامێک و دووان و... چەندین وەڵامی هەیە و ..با بمێنێت..! بەڵام دیارە هەر دەبێت بەر شەوارەی تیشکی هەواڵ و ڕیپۆرتاژە ڕاستگۆکان کەوتبن...هەر دەبێت پەیام و زەبری وشە هەق و ڕەقەکان بێت، بوومەلەرزە ئاسا لە دڵیانی دابێت... یان دەبێت ماڵەکانیان لە شووشە بێت،بۆیە وا مەترسی ڕمان و هاڕەکردنیان لێنیشتووە!!

ئەیلولی 1999

## ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان دوای دوو ساڵ لە دەرچوونی

ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان ، ڕۆژنامەیەکی حکومەتییەو ئۆرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە . دیارە ئەمە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

تایبەتمەندییەکی دەداتێ و بەرنامەی کارکردنی سنووردار دەکات . ئەم سنووره بە پڕۆژەو بەرنامەی حکومەتەوە گرێدراوە ، لەبەرئەوە ، ئەوەندەی بتوانێت لەخزمەتی سیاسەتەکانی حکومەتدا بێت و ئاراستەکانی ئەوی تێدا رەنگبداتەوە ، مانای ئەوەیە ، لەباری سەرنجێکی حکومەتییەوە ، ئەرکی بنەڕەتیی خۆی بەجێگەیاندووە .

من پێم وایە رۆژنامەکە توانیویەتی ئەم ئەرکە بەباشی لەئەستۆ بگرێت و ، وەک دەزگایەکی راگەیاندنی حکومەتیی ، رۆڵی خۆی ببینێت . بەڵام لەخستنەڕووی دەستکەوتەکانی حکومەت وچۆنایەتیی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیدا ، هەندێ لاسەنگی هەیەو ، بەشێوەیەکی گشتگیر ، هەموو سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە کایە جیاجیاکاندا ناخاتەڕوو ، بۆ نموونە : لایەنی پەروەردەیی و کێشەکانی پەروەردەو فێرکردن بواری ئامادەبوونێکی بەردەوامیان ، لانی کەم ئامادەبوونێکی بەرچاویان ، لەرۆژنامەکەدا بۆ نەڕەخساوە . هەڵبەت ، هەتا ئێستا ، کەمیی پانتایی بڵاوکردنەوە بەهۆی کەمیی لاپەڕەکانەوەو ، دەرچوونی هەفتانەی رۆژنامەکە ، بۆ ئەم گشتگیرییەی ، دوو ڕێگری سەرەکی بوون .

من پێم وایە ، ئەم رۆژنامەیە ، وەک زمانحاڵی حکومەتی هەرێم ، دەبوو زیاتر لەهەر رۆژنامەیەکی دیکە بایەخێکی زۆری پێبدرایە ؛ کاتێک ئێمە قسە لەحکومەت و بنیاتنانی دامەزراوە حکومەتییەکان دەکەین ، وەک قۆناغی بنیاتنانی ئیدارەی خۆیی بۆ دواڕۆژی عێراقێکی فیدڕاڵی ، دەبێت مشووری بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەو دامەزراوە مەدەنییانە ، بۆ ئەم دواڕۆژە ، بخۆین ، کەهۆیەکانی راگەیاندن کۆڵەکەیەکێتی ، بۆیە ئەگەر بە ئەقڵییەتی بنیاتنانی دامەزراوەی دەوڵەتییەوە کاربکەین ، دەبێت بۆ ئەم رۆژنامەیە تەواوی هەلومەرجەکانی گەشەکردنی دابین بکرێت وەک :

ا- رۆژنامەکە لەهەفتانەوە بکرێت بەرۆژانەو لانیکەم یەکەم لاپەڕەو دوالاپەڕەی رەنگاو رەنگ بێت .

ب- دامەزراوەیەکی گەورەو سەربەخۆی راگەیاندن ئەم رۆژنامەیە بگرێتە خۆی دامەزراوەکەش دەبێت حکومەتیی بێت .

ج- پێداویستییەکانی دەرچوونی رۆژانەی بۆ دابین بکرێت . کۆمپیوتەرو سەتەلایت و ئینتەرنێت و ئامێری مۆدێرنی چاپکردنی هەبێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

د- باشترين رۆژنامەنووسانى كورد لەم رۆژنامەيەدا كۆبكرێنەوەو هەوڵى ڕاكێشانى قەڵەمە ديارەكانى بوارى رۆشنبيرى بدرێت بۆكاركردن و هاوكاريكردنى رۆژنامەكەوحەوافيزى ماددىو مەعنەويى كاريگەر بۆ ئەم مەبەستە زامن بكرێت .

بەبيروڕاى من هيچ رۆژنامەيەكى حكومەتيى ناتوانێت لەيەك كاتدا ئۆرگانىحكومەت و ئۆرگانى ميللەتيش بێت ، بەڵام دەشێت لەنێو رۆژنامەيەكى حكومەتيدا چەند لاپەڕەيەك بۆ دەنگى خەڵكى تەرخان بكرێن ، بۆ ئەوەى ببنە سەكۆى ئازاد بۆ دەربڕينى بيروبۆچوون و خواستەكانيان ، بۆ ئەوەى ئەو لاپەڕانە ببنە پردى بەيەكەوە بەستن و لەيەكترى بەئاگابوونى سياسەتەكانى حكومەت و خواستەكانى جەماوەرو رەخنەكانيشيان لەو كەموكووڕىو كەمتەرخەمى و ياسا شكێنييەى لە فەرمانگەو بەرپرسەكان دەبينرێن .

بوونى رەخنەى ئازادو بێ سانسۆر ، نەك بەشانوباڵ هەڵدانى دەستكەوتەكان بەتەنها ، مەرجى هێنانەكايەى راگەياندنێكى ئازادو ديموكراتييەو ، بەدابينكردنيان پردى موتمانەو باوەڕ - نەك تێكەڵبوونى دوو ئۆرگانەكە - پتەوترو جێگيرترو واقيعيتر دەبێت .

رۆژنامەى(هەرێمى كوردستان)ژمارە (123)

1999/3/23

# به هاناى رۆژنامه كۆنەكانەوە بچن!

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ڕۆژنامەکان - کۆن و نوێیان - ئاوێنەی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵن . زادەی بیرو ، ژانی قەڵەم و ، شەکەتیی و ، شەونخونی و ، هەنگاو هەنگاوی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگایان لەئامێزگرتووەو دەگرن . ململانێی سەردەمەکان و نەوەکان بەیان دەکەن . یادو یادگارو گیانی پڕ ئاوات و هیوای ئەدیبان و نووسەران و ، ترپەی دڵ و ڕازو نیازی هەواداران وشەی تێکۆشەرو وێنەی ڕازاوەو هونەری جوان و هەمەڕەنگیان پاراستووەو دەپارێزن ، بۆیە ناشێت بەبێ قەدریی بەسەریاندا ڕابوورین و بێناز لەم گۆشەو ئەو گۆشەی کتێبخانەکاندا بەجێیانبهێڵین تاتۆزو خۆڵی چەندین ساڵە دایانبپۆشێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەنگیان زەردتر هەڵبگەڕێت و بەرەو نەمان بچن .

ئەوە ئەرکی بەپەلەی هەموو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانە کە مشووری ئەم سامان وکەلەپوورە بەبەهایە بخۆن و هەرچی زووە لەفەوتاندن ڕزگاری بکەن . بۆ ئەمەش دەتوانرێ لە پێشکەوتووترین داهێنانەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا سوود وەربگیرێت و ئەم کارە بە ئاسانی ئەنجام بدرێت .

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خەونە بێتە دی ، دەبێت ئەم پرسیارانە لەخۆمان بکەین : ئایا چەند هەست بەم ئەرکە دەکەین ؟ چەند خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین ؟ چەند دەتوانین لە هەندێ بواری ڕواڵەتکاریی بگەرینەوە ؟ تاچ ڕادەو ئاستێک ئامادەییمان بۆ وەرگرتنی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ هەیە ؟ چەندە ورەو گیانی گەیشتنمان بەجیهانی پێشکەوتووی ئیمڕۆ تێدایە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەش ، مەگەر لە پراکتیکی ڕۆژانی داهاتووی بەرپرسیاران و دەزگا بەرپرسەکاندا وەربگرینەوە . . . . .

تشرینی دووەمی 1998

# هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەی
# کوردستانی نوێ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

رەنــگە هەڵــسەنگاندنی رۆژنــامەیەکی حزبــی بــۆ کەســێکی سەربەخۆ لە ئیلتیزامی حزبی لە وتارێکی کورتدا کــارێکی ئاســان نەبێت ، بەڵام بەدەر لە وردەکاریی لایەنە فیکری و سیاسییەکان ، دەکرێــت وەک هــۆیەک لـــــتە هۆیەکــانی راگەیانــدن ، هەنـــدێک خاڵی ئەرێیانەو نەرێیانـــەی تێدا هەڵبسەنگێنم و دیدو بـۆ چــوونی خۆمیان لەسەر دەرببڕم . لەم گۆشە نیگایەوە ئەم هەڵسەنگاندنە رەخنەیــیە بەبــۆنەی چــوارەمین ســاڵڕۆژی دەرچــوونی رۆژنــامەی (کوردســـتانی نــوێ) پێــشکەش بە لێپرســـراوان و نووســـەران و خـــوێنەرانی دەکەم . هیـــوادارم بابەتیـــانە هەڵـــسەنگاندنەکەم دارشـــتبێت و هاوکـــارییەکم لە بـــۆ پێـــشەوە بردنـــی کـــاری رۆژنامەگەریدا کردبێت .

دیــارە ئەرکــی ســەرەکی رۆژنــامەی هەمــوو حزبێــک راگەیانــدنی فیکــرو سیاســەتی حــزب و ســازدانی خەڵکــیە بــۆ وەرگرتنیــان و تێکۆشـــانە لەپێنـــاوی بەدیهێنانیانـــدا . ئەمە لایەنـــی هەرە دیـــارو ئاشکرای ئەم رۆژنـامەیەیە کە رۆژانە وەک سیاسـەتی سـازدان ، ئامادەو جێبەجــێ دەکرێــت و ، لایەنــی حزبییــانەی رۆژنــامەکە لەم بوارەدا بەرجەستە دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بــواری دیکــەی تێــدا کــراوەتەوە بــۆ ئەوەی شـــەقڵی رۆژنــامەیەکی گــشتیش وەربگرێـــت . روخـــسارە گـــشتییەکە - ســـێ لاپەڕەی یەکەمـــی لێدەربچێت - بەلاپەڕەکــانی تــرەوە دیــارە . لەم لاپەڕانەدا چەنــدین گۆشەی وەک (رۆنگسـاید ، چوارەمین دەنگ ، بچووک بەڵام ، زاخ ، دواســـتوون) ی تێــدایە کەوەک کــاری رۆژنــامەگەریی روخــسارە گـــــشتییەکە دەردەخەن ؛ ســـــەرەڕای ئەوانە ریپۆرتاژەکـــــان و لاپەڕەکـــانی (زانـــست و پزیـــشکی ، ئـــابووری و پەرەپێـــدان ، پەروەردەی نــوێ ، وەرزش)و پاشــکۆی ئەدەبــی و بابەتەکــانی دوالاپەڕە ، بەشـــێکی دیـــکەی ئەو روخـــسارو ســـیما گـــشتییە دەردەبڕن ، کە بـۆ  هەر رۆژنـامەیەک بیەوێـت سـەرجەمی کـایە جیاجیاکانی ژیــانی کۆمەڵ فەرامۆش نەکــات ، پێویــستن . لەگەڵ ئەوەشــدا رۆژنــامەکە بەبــێ کەموکــوڕی نییە بەڵکــو بە گــشتی واقیعی دواکەوتوویی هونەری رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا پێوە دیارە .

لێرەدا چەند خاڵێکی سـەرەکی لەم کەموکووڕییـانە دەستنیـشان دەکەم کە لە موتــابەعەی رۆژانەی رۆژنــامەکە لەشــەش مــانگی رابـــــردوودا بەرچـــــاوم کەوتـــــوون ، دەکرێـــــت پربکـــــرێنەوەو بەچارەسەرکردنیان ، رۆژنامەکە بەرەو ئاستێکی باشتر ببرێت .

1) هەنــدێک لە هەواڵەکــانی دەرەوە ، کە لە لاپەڕەی یەکەمــدا بڵاودەکــرێنەوە ، بــۆ یەکجــار دەیخــوێنینەوە ، درێــژەی هەواڵەکەو دوائاکامی رووداوەکانی بۆ رۆژانی دوایی نامێنن .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

2) ئەو سەرچاوانەی وتاری سیاسییان لێوەردەگیرێت زۆر کەم دیارن ولەهەندێ ماوەدا لە (اطلاعات ، کیهان ، تورکش دەیلی نیوز ، الحیاة )تێناپەڕن ، لە کاتێکدا دەتوانرێت دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری بیانی بۆ ئەو مەبەستە پەیدابکرێت .

3) بەگشتی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە سیاسییەکانی لاپەڕەکانی (2 و 3)ی ڕۆژنامەکە سادەو رووکەشن و مەنهەجی شیکردنەوەی سیاسییان تێدا نییەو شیکردنەوەکان لەسەر بارودۆخی ناوخۆو ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی دووبارەبوونەوەیەکی زۆری تێدایە .

4) فیکرو بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو بەشە تایبەتە بەسازدانی سیاسی و فیکری وجودی نییە . ئەو وتارانەی ناوبەناو لەم بارەیەوە بڵاوکراونەتەوە بەس نەبوون ، چونکە زۆر مەسەلەی فیکریو سیاسی وەک پرسیار بەردەوام دەکرێنەوە ؛ بۆ نموونە : چۆن بەرنامەی سۆسیاڵ دیموکراتیی یەکێتی لە کوردستاندا پیادە دەکرێت ؟ چۆن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک حزبێکی چەکدارو خاوەن دەسەڵاتی سیاسی خەسڵەتەکانی حزبە سۆسیاڵ دیموکراتەکان لە خۆیدا بەرجەستە دەکات ؟ لە ڕوانگەی یەکێتییەوە بەچ سیاسەت و بەرنامەو کەرەسەیەک دەسەڵاتێکی مودێرن و حوکمی یاساو ئازادی دابین دەکرێت ؟ . . . هتد .

5) دەنگی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان لەکارگەو شوێنەکانی کارکردنیانەوە لە ڕۆژنامەکەدا نییە . ئەوەندەی هەواڵ و چالاکیی ڕێکخراوە بیانییەکان و هەندێ لەبەرپرسانی حزبی و حکومەتی - تەنانەت لێپرسراوانی پلە دوو یان سێو بەرەو خوارتریش - بڵاودەکرێتەوە ، دەیەکی ئەوە باسی گرانی و برسێتی و دژواریی باری گوزەرانی خەڵکی و ناڕەزایی و داواکارییەکانیان بەتێروپڕی ناکرێت . نووسینی ڕیپۆرتاژ لەسەر هەندێ دیاردە یان ژیانی گوندەکان یان لەسەر ئاوارەکان تەنها یەک گۆشەیە لەم مەیدانەداو ئەو کەلێنە گەورەیە پڕ ناکاتەوە .

6) ئەگەرچی ناوبەناو ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن لەدەزگا حزبی و حکومەتییەکان لەڕۆژنامەکەدا دەبینرێت ، بەڵام مەودایەکی فراوانی نییە ، تەنانەت لەنێو وشەی ئەو نووسەرانەدا کەلەو گۆشانەی ئاماژەمان بۆکرد دەنووسن ، لەڕزەلەرزی قەڵەمەکان و سانسۆری ناوەوەی نووسەرەکان هەست پێدەکەین بۆیە ئاوەڵاکردنی ڕۆژنامەکە لەبەر دەم قەڵەم و ناوەوەی نووسەران و ڕەخساندنی بواری ڕەخنەی ئازادی دوور لە هەر گوشارێک ، نەک هەر لە بواری مافی مرۆڤدا کە سەکۆیەکی لە ڕۆژنامەکەدا بۆ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

تەرخانکراوە ، بەڵکو لە بەرامبەر هەموو لایەنە سیاسی و ئابووریو کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا ، سەرەتای تەقلیدێکی چاک بۆ رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا دادەڕێژێت .

لە کۆتاییدا هیوادارم دەنگی زاڵی رۆژنامەکە لە پێنجەم ساڵی ژیانیدا دەنگی ئاشتی و بەرگری لە ئازادیو بنبڕکردنی شەڕی ناوخۆیی بێت و بۆ ئەم ئەرکە مەزنە قەڵەمی تیژو بەپڕشتی نووسەرانی رۆژنامەکە لەکاردابێت .

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (1188)

1996/1/12

# ( سلێمانی ) گۆڤارو ( سلێمانی ) شاری زێدو بیرەوەرییەکانم

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەگەرچی سیستمی بیرکردنەوەی من لە جیهان و مرۆڤەوە دەستپێدەکات و ، دوای تێپەڕبوون بە نیشتمان و نەتەوەدا ، دەگاتە شار ... ئەگەرچی ئاڕاستەی نووسینەکانم ، خەمی گەورەی نان و ئازادی بۆ گشت مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە لەئەستۆ گرتووە ... ئەگەرچی یەکێک لە بێزراوترین رەفتارو هەڵوێستێک لەو سیستمەی بیرکردنەوەی مندا " شارچێتی" یە کە لەهەر شوێنێک بین ، رەهەندی جیهانی و نەتەوەیی بوونی ئێمەی مرۆڤ دەشێوێنێ ؛ بەڵام سۆزە بونیادییەکانی کەسایەتیمان ، کە لە زێدێکی دیاریکراودا ، لەسایەی هەزاران بیرەوەری رۆژانەو هەلومەرجێکی تەواو پەیوەست بە ژیانمانەوە پێکدێن ، خۆشەویستی و شانازییەک دەخەنەوە کە لە پرۆسەی ئاوێتەبوونیدا بە جیهانی ئەودیو بازنەکانی شار ، دەبنە یەک بونیادی یەکگرتووی ئەوتۆ کە لەنێو شارەکەتدا تیشکی سۆزت بەرەو جیهانە فراوانەکە بڕوات و ، لەنێو سۆزە رەواکانیشتەوە بۆ مرۆڤایەتیی ، هەموو نموونە زیندووەکانی واقیعی ژیانی سەردەم لە واقیعی زیندووی رۆژانەی شارەکەتدا ببینیت . لەم باری سەرنجەوە شاری سلێمانی بۆ من ئەو پەیوەندی و خۆشەویستییە ئۆرگانیکییەیە کە ناوهێنانی سەرنجم ڕادەکێشێت و ، بە تەواوی هەست و وردەکارییەکانی ئەو سۆزە ئاوێتەبووەوە ، هەرچی پەیوەندی بەشارەوە هەبێت و ، هەر هێمایەک ئاماژە بێت بۆ شار دەمئاڵێنێتە ئەو مێژووەی ژیانم تێیدا بەسەربردووە ؛ هەر سەبارەت بەوەشە ، گۆڤاری ( سلێمانی ) ، لە دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە ، هەموو مانگێک بۆ چەند رۆژێک بیرەوەرییەکانمی ژیاندووەتەوەو ناچاری کردووم بە پەرۆشییەوە چاوەڕێی بکەم .

ئەگەر بتوانین بەدەر لە سۆزەکانمان و بابەتیانە ئەم گۆڤارە هەڵبسەنگێنین ، ئەوا دەبێت هەردوو لایەنی ئەرێیانەو نەرێیانەی تاووتوێ بکەین ، تا لە ئایندەدا گەشەدارتر بێت و لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا وەک ئینسیکلۆپیدیایەک لێی بەهرەمەند بین و لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا جێی شیاوی خۆی بگرێت .

( سلێمانی ) سەرجەمی بوارەکانی ژیانی سەدەیەکی شاری بەسەرکردووەتەوە . ئەم بوارانە لە سەدان نووسینی دۆکیۆمێنتیدا هاتوون وەک نووسین لەسەر : خاوەن پیشەکان ، کەسایەتییە ناسراوەکا ن ، ئەدیب و هونەرمەندان ، تەلارو خانووەکان ، کارێزو حەمام و نەخۆشخانەو مزگەوت و تەکیەو قوتابخانەو کتێبخانەو مۆزەخانە ، گەڕەک و شەقام و باخچەو گۆڕستان و ... هتد .

هەروەها بەشێکی بەرچاوی ئەو نووسینانە رۆژنامەگەریی و چالاکیی ئەدەبی و هونەری و سەیران و هەندێک لەبەسەرهاتەکان و ، ژیان و رۆڵی وەرزشەوانان و کارگێڕان و

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

خۆشنووسان و پیاوە نوکتەبازەکانی شاری گرتووەتەوە ، ئەمە جگە لە بەڵگەنامەو نامەی تایبەتی کەسایەتییەکان.
ئەم بابەتانە ، تێکڕا و بەتایبەتی بۆ ئەو ئەوانەی لە سلێمانیدا ژیاون و تەمەنیان لە نیو سەدە تێپەڕیکردووە ، تام و چێژێکی تایبەتی هەیەو سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجێتییان بەبیردەهێنێتەوە .
گۆڤاری ( سلێمانی ) سەرباری ئەم گشتگیرییەی بابەتەکانی ، پێویستیی بە گەشەکردن هەیە ، پێویستیی بەوە هەیە لەو چوارچێوەیەی ئێستای دەربچێت و گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکەکەیدا بکات . لێرەداو ، بۆ ئەو مەبەستە ، بەچەند پێشنیازێک چۆنایەتیی ئەو گۆڕانکارییە ڕووندەکەمەوە :
1 ) لە رابردووەوە بەرەو ئیمڕۆ هەنگاو هەڵبنێت . واتا هەمان ئەو بابەتانە لەمڕۆدا بخاتەڕوو ، دۆکیۆمێنتی ئەمڕۆ بکات تا نەوەکانی ئایندە بە واقیعی و زیندوویەتی سەردەمی خۆیەوە ببینن و بیخوێنندنەوە .
2 ) گۆڤارێک بێت بۆ هەموان . بەشێکی بەرچاوی بۆ خەڵکی زەحمەتکێش و نەدارو داماوەکانی شار تەرخان بکرێت . گۆڤارەکە ببێتە ئاوێنەی ژیانی دوێنێ و ئەمڕۆی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی شار ؛ بۆ نموونە (کرێکاران و دەستفرۆشان و بێکاران ) هەروەها هەندێ کاری وەک ( کۆڵهەڵگری و سواڵکردن ) یان نیشاندانی واقیعی ژیانی پڕ مەینەتیی منداڵانی بێ سەرپەرشت و گەورەسالانی بێکەس و بێوەژنانی بێدەرامەت وشێتەکان و ... هتد .
3 ) بابەتەکانی ، هەر لە وتاری سەرنووسەرەوە تا دوا لاپەڕە کە تەرخانکراوە بۆ ( ڕۆڵە بەئەمەکەکانی شار ) دووربێت لە لایەنگیریی حزبی ، واتە بابەتیانەو دوور لەهەر جۆرە پروپاگەندەو پیاهەڵوتنێک بێت ، ئەمەش وا دەخوازێت ڕاپۆرتەکانی چالاکی و فیستیڤاڵ و بۆنەکان گشتیبکرێنەوەو ، بەبێ جیاوازی بۆ هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت .
4 ) خەبات و مێژووی سیاسی ئەم شارە ، کە لە واقیعدا خەبات و مێژووی سیاسی باشووری کوردستان لە سەدەیەکدا بەرجەستە دەکات ، ببێتە بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە . دۆکیۆمێنتکردنی ئەم مێژووە هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی سیاسی دوێنێ و ئەمڕۆ بگرێتەوەو تەنها بۆ یەک دوو لایەن قۆرخ نەبێت .
5 ) مێژووی سەرهەڵدان و دابینکردن و پەرەسەندنی خزمەتگوزارییەکانی وەک : ئاو ، ئاوەڕۆ ، کارەبا ، تەلەفۆن ، ڕێگاوبان ، ئامرازەکانی هاتوچۆ ... هتد ، بنووسرێتەوەو ، واقیعی ئەمڕۆی ئەم خزمەتگوزارییانە وەک خۆی و بێ کاریگەریی ڕاگەیاندنی فەرمانگە بەرپرسیارەکان دۆکیۆمێنت بکرێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

6 ) دەکرێت بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بۆ گەنجانی ئەم شارەو کوردستانیش جێی سەرنج و بایەخدان بن ئەگەر ئەمڕۆشی تێدا ڕەنگبداتەوەو ، بە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی پشتبەستو بە دۆکیۆمێنتەکان دەربارەی ژیانی دوێنێ و ژیانی ئێستا ، بڕازێنرێتەوە .

لە کۆتایی ئەم پێداچوونەوە راگوزەرە بە گۆڤاری ( سلێمانی ) دا دەڵێم : بەڕاستی ، وەک کاری رۆژنامەنووسیی ، دەبێت ئاماژە بۆ هەوڵ و ماندووبوونی سەرنووسەری گۆڤارەکە مامۆستا محەمەد نوری توفیق و دەستەی نووسەرانی بکەین کە بەردەوامبوونی هەتا ئێستای گۆڤارەکەو زاڵبوون بەسەر ئەو رێگرییانەی دەخرێنە بەر دەرچوونی ، مشووری بێ پسانەوەی ئەوانی پێوەدیارەو ، سەبارەت بەمەش شایانی پێزانین و دەستخۆشی و رێزلێنانن .

# بەشی سێیەم

# ئاوازی ژێیە رەنگالەییەکان

# پرسیارەکانی ئەزموونێکی گشتی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

خەونە . . . خەون نییە . . . نازانم . . . ئەزموونێکی گشتییەو چاودێرەکان دەیانەوێت شپرزەم بکەن . . . وەڵامەکان دەخایەنێت . . . ماوە چاوترووکانێکە ، بۆیە ناچار ، پەنام بۆ هێماکان بردو لەو تەنگژە دەروونییە خۆم دەربازکرد .

یەکەم پرسیار : تۆ بە رواڵەت نەدمیت ، کەچی زمانی نووسینت زۆر درێژە . ئایا ناترسیت رۆژێک لە رۆژان لە رەگەوە بۆتی ببڕن ؟

گوتم : ئەوە ئاساییە، " قەدەرێکە " نووسەرانی دەروێشی نان و ئازادی لە " ناوچەوانیان " نووسراوە !

دووەم پرسیار : بۆچی تۆ دەستەمۆ نابیت ؟ بۆچی دژە تەوژمیت و لەگەڵ رۆژگاردا ناسازێیت ؟ بۆچی بوار دەڕەخسێنیت نەیارانت زمانی بێویژدانییان لێت بەگەڕبخەن ؟

گوتم : ئەوەش دیسان "قەدەر " و " ناوچەوانمە " . . . پێش راپەڕین نەیارانم دزو درۆزن و هین بوون ، دواى چەند ساڵیش لە راپەڕین ، مشەخۆرو یاساشکێن و " مرۆ " ی کۆیلەو بوودەڵەشیان هاتەسەر !

سێیەم پرسیار : تۆ رات چییە لەوەى پیاوى دانا دەبێت لە دیپلۆماسییەتدا شارەزا بێت و بەدەستهێنانى تاج و تەختى پاشایەتى بەرنامەى بێ ؟

گوتم : من ئەو پاشایەتییەم ناوێ کە قورئانى موسڵمانان بەم شێوەیە وەسفى دەکات : " ان الملوک اذا دخلوا قریة افسدوها وجعلوا اعزة اهلها اذلة "

چوارەم پرسیار : لەبەرچى بەرنامەو پڕەوى بڕیاردراوى کۆنگرەى حزب و رێکخراوەکان پێشێل دەکرێن و کاریان پێناکرێت ؟

گوتم : چونکە ئیمڕۆ باوى پراگماتیزمەو یەک هەنگاوى " عەمەلى " لە دەرزەنێک بەرنامە باشترە !

پێنجەم پرسیار : خوشکى مامۆستایەکى شەهید گلەیى ئەوەى لێکردى کە بۆ رێزلێنانى براکەى هیچ نەکراوە ، تەنانەت قوتابخانەیەک ، شەقامێک ، گۆڕەپانێک ، باخچەیەکى گشتى بە ناوییەوە ناونەنراوە . بۆچى تۆ وەڵامت نەدایەوەو خۆت لێکرد بە کەڕەى شەربەت ؟

گوتم : ئیمڕۆ سەردەمى عەولەمەیە . . . جیهان گۆڕانى بەسەردا هاتووە . . . باوى ئەو سوننەتە کۆنانە نەماوەو ، لێمانگەڕێ با لیبرالیستەکان سەرزەنشتمان نەکەن و بیرکردنەوە لە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

جێبەجێکردنی داوای ئەو خوشکە بە ( مەرگدۆستی ) لە قەڵەم بدەن !

شەشەم پرسیار : ( ئازادی لە وەڵامدانەوەی یان وەڵامنەدانەوەی ) :

هۆکاری ئەوە چییە کە ئەو مامۆستایانەی مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرن ، دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەیان ، بۆ قوتابخانەکانی خۆیان نایانگێڕنەوە؟

گوتم : با ( یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ) و ( ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە کوردستاندا ) وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە . . .

کانوونی یەکەمی 2002

# رستێک پرسیار

لە کچێکم پرسی : بۆچی کچان - ژنان لە فەرمانگەکاندا، تاک و تەرایەکیان نەبێت، بەدەم لێپرسراوەکانیانەوە پێدەکەنن، ڕێزی پیاوە چاوزەق و داوێنپیسەکان دەگرن و، لە ئاستی پیاوانی سەنگین و بە ڕەوشتدا روو گرژ دەکەن و دوورەپەرێز لێیان رادەوەستن ؟

گوتی :چونکە وا نەبێت ئیشمان ناڕوات !

لە برادەرێکی مەسئولم پرسی : بۆچی ڕێزی کۆنە جاش و جاسوس و پیاوانی رژێم دەگرن و، جێوڕێیان دەدەنێ و، مەدالیای نیشتمانپەروەرێتی لە یەخەیان دەدەن و، خواستەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەن ؟

گوتی : چونکە لە هەڵبژاردندا ، یاسا یەک دەنگی بۆ من و بۆ هەر یەکێک لەوانە داناوە !

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**لە لێپرسراوی ڕێکخراوێکم پرسی : بۆچی بواری کەسانی هەلپەرست و هەڵمەتەکاسە دەدەن بە ناوی ڕێکخراوەکەتانەوە هەڵسووڕێن و ڕوخسارتان لەبەردەم خەڵکیدا ناشیرین بکەن ؟**

**گوتی : چونکە ئەوانە ڕوویان قایمەو، بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، دەست بە سنگەوە دەگرن و ، هەر جۆرە کارێکیان پێبسپێری، بەبێ سڵەمینەوەو چەندوچوون جێبەجێی دەکەن !**

**لە سیاسەتمەدارێکم پرسی : بۆچی ئەو سەنگەرانەی ،لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی شۆڕشی نوێدا، بە خوێنی شەهیدەکانتان، بەدەستتانهێناوە، بەرە بەرە بۆ حزب و ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی بەجێدێڵن ؟**

**گوتی : چونکە بڕوامان بە دیموکراسی هەیەو،دڵی دراوسێکانمان ناشکێنین !**

**لە تێکۆشەرێکی دێرینم پرسی : بۆچی مێژووی سەرهەڵدانی حزب و بزووتنەوە سیاسییەکان، ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، شۆڕشەکانی کورد ، بە دەستپاکی و ڕاستگۆیی تۆمار ناکرێت ؟**

**گوتی : ئەی نازانی هەمیشە مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوەو،بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتداران دەنووسرێتەوە !**

**ئابی 2002**

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەهاكانی سەردەمی پرنسیپ و رەوشتی شۆڕشگێڕانە

كاتێك خەم و ژانەكانی نامۆیی لە ناخی رۆشنبیرێك ، هاووڵاتییەكی هوشیار، نووسەرێكدا، هەڵدەچێت و كاسەی سەریان سەرڕیژ دەكات،پێویستییان بەوە دەبێت ساتێك لە میحرابی خەڵوەتدا ئارام بگرن، تا بۆ ململانێی نامۆبوونەكەیان گوڕببەستنەوەو هەڵوێستیان یان قەڵەمەكەیان لە هەڵەنگووتن بپارێزن.

ئەمجارە منیش لە خەڵوەتێكی سۆفیانەدا كەوتمە نێو هەندێ لە نووسینەكانی سەردەمی پرنسیپ و رەوشتی شۆڕشگێڕانەوەو تێیاندا ( فەنابووم ) هەتا ئەم چەند دێڕەم لێهەڵهات و جارێكی دیكە بە نووری خۆیان دیدەكانیان رۆشنكردمەوە: " مرۆڤی دڵپاك لە جەنگەڵی خراپەكاریدا دەتوانێت چی بكات ؟ دیارە دڵپاكییەكەی دەبێتە تراژیدیا، بەرزترین هەست لە ناخیدا دەدرەوشێتەوە، بەڵام لە جیهانی دەرەوەیدا بەرەنگاری دزێوترین كۆسپ دەبێتەوە...

بەڵێ ئا لەم بەرەنگارییەی ناوەوە و دەرەوە، ئیرادەو بەدیهاتن، هەست و كرداردا،تراژیدیای مرۆڤی دڵپاك سەرهەڵدەدات، لەبەر ئەوەی دڵپاكی تەنها بەهایەكی رەوشتیانەی نێو دەروون نییە بەڵكو كردارو رەفتارە،هەڵوێستێكی كردەوەییە لە ژیان و لە خەڵكی،ماندووبوون و بەخشینە بەبێ بەرامبەر "" ( محمود امین العالم )

ئەوە حەقیقەتی نامۆیی مرۆڤە هوشیارەكانە لە جیهانێكی نامۆ بە بەهاكانی زەمەنی پرنسیپ و رەوشتی شۆڕشگێڕانەدا.

ئەوە قەدەری ئەو مرۆڤانەیە كە دڵپاكیی پێكهاتەیەكی كەسایەتییانەو، دەبێت بەردەوام ئەو بەهایانە لە دەروونیاندا جۆش بسێنن و تەسلیم بە هەستە شێواوو ئاڵۆزەكان، كۆسپە دزێوەكان،ئیرادە نەخۆشەكان، كردارە ژەهراوییەكان، نەبن.

ئەوە چارەنووسی ئەقڵ و قەڵەمە ماندوو نەناسەكانە كە تا خوێن بە دەمارەكانیاندا بگەڕێ ، ببەخشن و ببەخشن و چاوەڕێی بەرامبەر نەكەن. سوپاسیش بۆ ( برێخت ) و بۆ شانۆگەرییەكەی: ( مرۆڤێكی دڵپاك لە ستسوان ) كە ئەم كۆمەڵە بەها ئەخلاقییە شۆڕشگێڕانەیەیان لێوە فێر بووین.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**حوزەیرانی 2000**

# گوتیان و ... گوتم

**1. گوتیان : تۆ سایکۆلۆژیت خوێندووە... تۆ ئەزموونی چل ساڵ کارت هەیە ، بۆ هەڵناکەی؟ بۆ لە گۆشەیەکی پڕ مشەدا داناسەکنێی؟**

**گوتم : چ زانستی سایکۆلۆژی و ، چ ئەزموونی کاری چەند دە ساڵێک، هێندەی هەفتەیەک کاری نێو دەزگا گەندەڵەکانی ئەمڕۆ ، ئەزموونیان بە من نەبەخشی. وانەکانی سایکۆلۆژی و تەنها هەفتەیەکی کارکردن بەسبوو بۆ ناسینی خۆم و ئەوان؛ بەسبوو بۆ بە سوێهێنانەوەی زامەکانی نامۆییم.نامۆیی سەردەمی خوێندن، نامۆیی چل ساڵ تەمەن و هەڕەت و ڕۆژانی کارکردن، بە ئەزموونی ئەم چەند ساڵە زاخاو دراو، بەرگێکی دیکەی نامۆیی بە باڵامدا بڕی.**

**2. گوتی : کە راست و چەپ کێشام بە ناوی دەمیدا، سی ودوو دانەی دەخەمە دەمیەوە.**

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

گوتم : بە چ هەقێک ؟

گوتی : بە هەقی هێز... من پیاوم و هێزم هەیە... من و ئەو ئێستا لە شەڕداین... شەڕ پێویستیی بە هێز هەیەو، منیش هێزی پیاوێتی خۆم  بۆ ئەو شەڕە بەکار دێنم !!

گوتم : ئافەرین ئەی پیاوە چەپڕەوەکەی جاران!  ئەی ئافەرین، ئەی (جێنتڵمان ) ئەی کوڕە ئازاکەی سینەما!

3. گوتیان : چاوی بە ڕۆژنامەیەکدا دەخشاند.. بانگەوازی ڕێکخراوێکی ژنانی بەرچاو کەوت..زەردەیەک پەڕییە سەر لێوی و گوتی : بۆ ژن  دەنگیش بەرزدەکاتەوە ؟!

گوتم : دە وەرە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆسیاڵ دیموکرات، ئەم زاتە سەرکردایەتیت بکات!

4. گوتیان : ڕێیناوێ هیچ نیگەران بیت، لەوەتەی مرۆڤ هەیە دونیا هەر وابووە : کە لێپرسراو بوویت ، رووپامابیت دەکەن.ماستاوت بۆ سارد دەکەنەوە. دەست بە سنگەوە دەگرن. چاوەڕێی فەرمانی جەنابت دەکەن. لەبەر پێتدا دەتوێنەوەو شتی تریش....، بە پێچەوانەشەوە : کە دەسەڵاتت نەما، پشتت تێدەکەن. دەتخەنە پەراوێزەوە.بە نەشتەری پەیوەندییە گەندەڵە باوەکانی کۆمەڵ کەموکووڕییەکانت، تەنانەت کارە یاساییەکانیشت، ونجڕ ونجڕ دەکەن. تیروتەشەرت تێدەگرن. لە پشتەوە چەمۆڵەت لێدەنێن. بۆیان بلوێ، قەستی سەریشت دەبن. بۆچی؟

گوتم : دڵنیا بن من ئەخلاق و سیاسەتی بۆرژواکان تێدەگەم و، زۆر لە مێژە سیاسەتمەدارێکی بەناو بانگی جیهانی سەرمایەداری، ئەخلاقی سیاسی خۆیانی بەم جۆرە  ناساندووە: " لە سیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی هەتاسەر نین،ئەوەی هەتاسەر لە کایەدایەو مانا دەبەخشێ : هەمیشەیی بەرژەوەندییەکانە "

گوتی : ئەی هەزارویەک ئەڵقەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟!

گوتم : بۆ ئەوەی لەوەشیان بگەیت،بڕۆ بۆ ژێرخانی کۆمەڵگا. بڕۆ بەناو بەرژەوەندییە چینایەتییەکاندا شۆڕبەرەوە، لە پەیوەندی بوونی کۆمەڵایەتی و هوشیاریی کۆمەڵایەتی ورد بەرەوە،باشتریشە بچیت ( سەرمایە ) ی مارکس بخوێنیتەوە،تا تێبگەیت....

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

5. گوتیان : بۆچی دەیان ڕێکخراوو سەندیکاو یەکێتی پیشەیی و جەماوەری ناتوانن ببنە بەشێکی ئۆرگانیکی کۆمەڵگەی مەدەنی؟ بۆچی ناتوانن هێزێکی گوشاری کۆمەڵایەتیی جەماوەریی بن بۆ سەر دەسەڵات و بڕیارە چارەنووسسازەکان؟

گوتم : کەی لە شیری حکومەت و کۆشی حزبەکان بڕانەوە، کەی کلیلی هۆش و کاریان بە خۆیان بوو، وەڵامی پرسیارەکەتان وەردەگرنەوە....

# خاڵبەندیی هەڵوێستی سیاسی

ڕەنگە ئاسانترین کارێک بۆ نووسەران بەرزکردنەوەی پەنجەی ئیعتیراز بێت لەبەردەم ئەو کێشانەدا کەکۆمەڵ دووچاریان بووە . . ڕەنگە تانووتلێدانی هەڵوێستە سیاسییەکان و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ، ڕازاندنەوەو زەرکەفتکردنی وشە قەبەکان و گەمە پێکردنیان ئارادەی سوان کارێکی زۆر پڕ ئەرک و مەترسی نەبێت و هەموو کەسێک پێی بوێرێ . .

بەڵێ . . ئالەم زەمەنە لنگەو قووچەدا دەشێت رووپامایی لەلایەک وهەڵوێستی بەرەنگاریی رووکەش بەوشەی پفدراو لەلایەکی دیکەوە جێی هەڵوێستی ڕاشکاوو پەیفی تێکۆشەرو دەستی کارامەی بنیاتنەر بگرێتەوە . . ئەمە ململانێیەکی هەمیشەیی ڕاستی و ناڕاستی و درۆو ڕاستگۆیی مەیلە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگایەو ڕەنگدانەوەی لەسەر پێنووسەکان هەیەو جێوڕێی هەڵگرانی لەرەوت و بزاڤی مێژوویی هەرقۆناغێکدا دیاری دەکات و ، نووسەری مولتەزیم و بەپەرۆشی دواڕۆژ ، لەنووسەرەکانی پەراوێزی واقیعی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ، جیادەکاتەوە .

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی نووسین و ململانێی فیکری و سیاسی نێو کۆمەڵگای کوردەواریداو لە هەلومەرجێکی مێژوویی زۆر ئاڵۆزو دژواردا ، لەبری هەڵوێستەی ئیعتیراز ، پێویستیمان بە خاڵبەندیی هەڵوێست هەیەو ئەم خاڵبەندییە دەبێت بنەمای ئیعتیراز بێت . کاتێ هەڵوێستی ئیعتیراز دەبێتە شێوازی سەرەکیی ژیانی نووسەرێک ، دەبێت پێنووسەکەی لەجێی خۆیدا بەکاربهێنێت و بوێرانە و بێ منجەمنج لەتەکیدا ڕێبکات . . . یەکبوونی ناوەوەو دەرەوە ، یەکێتیی ناخ و قەڵەم ، مەرجی ڕێزلێنان و ستایش کردن و متمانە پێکردنە ؛ چونکە هەرگیز ناکرێت دەسەڵاتی سیاسیت قبووڵ بێت و قبووڵ نەبێت لە هەمان کاتدا ، ناکرێت دەست لە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەسەڵات پانبکەیتەوەو خۆتی ڕێبژێینی ، بەڵام تەشەریشی لێبدەیت و گشت سیاسەتەکانی ڕەتبکەیتەوە ، ناتوانیت هەموو مێژووی گەلەکەت ڕەفزبکەیت و بە مێژوویەکی دزێوی بزانیت ، کەچی لەسەر هەواری خاڵیی ئەو مێژووەش (لەباری سەرنجی خۆتەوە) بەهیوای بنیاتنانی مێژوویەکی نوێ بیت ، ناکرێت مێژووی وشەی تێکۆشەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەت بەوشەی هەڵخەڵەتێنەری هۆش و چەواشەکاری بزانیت و ، لەولاشەوە بتەوێت ڕۆڵی شۆڕەسواری بوارەکانی بەکارهێنانی ئەو وشانە لە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسیدا ببینیت . بۆیە ئالێرەوە هیچ گومانێک نامێنێت کە دووفاقی لە ئاستی ئەم جمکە هەڵوێستانەدا مایە پووچ دەبێت و ئەوەی لەنێو دێڕەکانەوەو لەناواخنی وشەکاندا دەخوێندرێنەوە خاڵبەندیی هەڵوێستەکانە ، چونکە تەنها ئەوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵکی و ڕەوتی بەرەو پێشەوەچووی مێژووە .

ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (203)

2000/5/8

# ئەگەر کرێکار نەبێت ... !!

چەند ساڵێک لەمەوبەر بوو ... سەردەم ، سەردەمی هەرەسی شۆڕەوی و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بوو. لە گۆشەیەکی گۆڤارێکی عەرەبیداو، دواتر لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی کوردیدا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

، وێنەیەکی کاریکاتێرم بەدیکرد . . . چەند کرێکارێک و لافیتەیەک . . . وردبوومەوە ، لێی نووسرابوو " یا عمال العالم صلوا علی النبی " .

بە بینینی دەمارەکانم گرژ بوون . . . پەستییەک دایگرتم . . . ویستم لەبیر خۆمی بەرمەوە . . . چوومە دەرەوەو بێئاگایانە یەک دوو شەڕم بە تووشەوە بوو ، بۆیە برادەرێکم سەرزەنشتی کردم ، بەسەرمدا هات . . . پێی وتم : تۆ هێشتا هەر وشکە مارکسییەکەی جارانی . . . ماویت . . . کۆمەڵەی . . . کاکە دنیا گۆڕاوە ، خەڵکی بە ئازادی دەدوێن . . . کرێکارو مرێکار باوی نەماوە .

ئەو راستی دەکرد ، جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبوو . . . لەبەر ئەوە هیچم نەوت و کەوتمە خەیاڵەوەو نازانم بۆ لەو کاتەدا یەکەم شت چیرۆکی " وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ " ی ( حسین عارف ) م بیرکەوتەوەو ، دواتریش هەر بە خەیاڵ وەکو پاڵەوانی چیرۆکێکی دیکەی ، ( فەهد ) م بینی لە سلێمانی ( رۆحی بابەی ) دەفرۆشت !

دیمەنەکان یەک بە دوای یەکدا دەهاتن . . . شارێکم هاتە پێش چاو ، ئەفەندییەکانی رژابوونە سەر شەقامەکان . . . راپەڕیبوون . . . ئاگر لەچاویان دەباری و هەرچییەکیان بەردەست بکەوتایە دەیانسووتاندو، هەر جێگەیەک بچوونایە دەیانڕووخاند . . . خانوویەک ، کارگەیەک ، بازاڕێک ، باخچەیەک نەما وێرانی نەکەن ، کالایەک نەما گڕی تێبەرنەدەن . . . دواجار جلەکانی خۆیان سووتاندو پشوویەکیان دا .

ئەفەندییەکان ، دوای کەمێک پشوودان ، هەستیان بە برسێتی کرد . خۆرە بەهارییەکەی رۆژی یەکی ئایار تاویسەند ، گەرما تەنگی پێهەڵچنین ، بەناویەکدا هاتن و چوون ، جووڵەیەکی نائاساییان تێکەوت ، گەڕان . . . گەڕان ، هەتا شەکەتبوون . . . زمانیان بوو بە پەلاس . . .زگیان بە پشتیانەوە نووسا . . . پەراسووەکانیان یەکە یەکە دەرکەوت . . . نەسێبەرێکیان دۆزییەوەو نە پاروویەک نانیان چنگ کەوت . . . کە لە خۆشیان وردبوونەوە ، رووت و قووت بوون . . . مندالانیش وردە وردە خڕدەبوونەوەو هووهایان دەکێشا . . .

بەئاگاهاتمەوە . . . زەردەخەنەیەک پەڕییە سەر لێوم و هەستم کرد دەمارەکانم خاودەبنەوەو پەستییەکەم دەڕەوێتەوە . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

1 ی ئایاری 2000

# بووژانەوەی دڵ . . . بووژانەوەی هیواکان

دەلێن : لە دوای بوون، مەرگ هاوڕێیەکی نادیاری مرۆڤەو چرکە بە چرکەی ژیانی، لە پەنایدا خۆی حەشارداوەو، چاوەڕوانی دەرفەتێکە تا بوونی نەفیبکاتەوە.

دەڵێن : بە نزیکبوونەوەی مەرگ ، هیواکانی مرۆڤ لە سینەیدا دەتاسێن و بێهوودەیی ژیان لە چرکەساتەکانی سەرەمەرگدا بەرجەستە دەبێت.

دەڵێن و... دەڵێن ... بەڵام مرۆڤ لە دێر زەمانەوە، لە سەرەتای پیادەکردنی هۆشیەوە تا ئیمڕۆ، بۆ ئەم دیاردە سروشتییە، ئەوەندەی تەمەنی بوونی خۆی تراژیدیایەکی بێکۆتایی بۆ هۆنیوەتەوە ؛ هەر لە وێنەو نیگارەکانی نێو ئەشکەوتەکانەوە، تا سەر دەقی کتێبە ئایینییەکان،تا سەر شیعرو ئەدەبیات، تا سەر

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەنـدێ لە زانـستە مرۆییەکـان، گۆشــەیەکی بەرچاویـان مەرگ بووە، مەرگیش سـەرەتای عەدەمەو، عەدەمیش پێناسـە ناکرێـت. بۆیە ئەم ئاکامە  بە شـاراوەیی ماوەتەوەو مـرۆڤ سـەوداسـەری ئەو نهێنیـیە بـووەو پەیـی پێنەبـردووە، تەنهـا ئەوە نەبێـت کە هیواکـانی بەر لە مەرگ راسـتین و دەکرێـت پێناسـە بکـرێن و بناسرێن و، ئەوەی بۆ دوای مەرگیشە لە عەدەمدا "سـەقامگیر " دەبێت.

بەڵام سەرباری ئەو راستییەش ، دەشێت هیواکان بەردەوام بن و گۆڕانکارییـان بەسـەردا بێـت، کاتێـک چنگـی مەرگ لە ناکـاو یەخەگیـری مـرۆڤ دەبێـت و دوای چەنـد چـرکەیەک بـۆ کـاتێکی لەبارتر بەجێیدەهێڵێ... بەڵێ ئا لەم چرکـانەدا، کە چنگـی مەرگ دڵـی مـرۆڤ دەژاکێنـێ و خـاوبوونەوەی دڵ روو لە ژمـارە سـفر دەکـات ( شـریتی عـومری رابـردوو ) دێـتە بەرچـاوت ، لە گەڵ بێهوودەیی ئەو رابردووەدا هەست دەکەیت زۆریت لەدەسـتداوەو هیچـت بـۆ نیـشتمانەکەت ، بـۆ گەلەکەت، بـۆ بیروبـاوەڕەکەت، بـۆ مرۆڤـایەتی نەکـردووە... هەسـت دەکەیـت سـەرتاپای ژیانـت کەمتەرخەمی بـووەو تەنهـا خـۆت پەرسـتووەو بـۆ خـۆت ژیـاوی... بەڵێ لەو چرکانەدا ئەم شریتەش خۆی دەشارێتەوەو تەنها دەنگە دەنـگ و وڕەیەکـی کـپ و کـاس هەسـت پێـدەکەیت وهەسـت پێناکەیت...

دواتـر ، لەپـڕ دڵـت دەبـووژێتەوە، مەرگ دەرفەتەکەی لە کـیس دەدات و دوور دەکەوێتەوە... ئیتر جارێکی دیکە، بەر لەوەی زمانت بەربێـت و گوێیەکانت بە تەواوەتـی بکـرێنەوە ، کاروانێـک هیـوا بە بەرچاوانتدا ریز دەبن و لە نمایـشێکی خەیـاڵاوی سەرمەسـتانەدا رادەبوورن..

بەڵـێ... هیواکـان دەبـووژێنەوە، لە گەڵ چـالاکبوونەوەی دڵـدا دەگەشێنەوە... لە دڵی خۆتدا نەخشە دادەڕێژیت و بەڵێن بۆ خۆت و ، بە خەیـاڵ، بـۆ خەڵکـی نوێـدەکەیتەوە کە ئەوەی لەمەوبەر بـۆتنەکراوە، لە ئێـستا بەدواوە بیکەیـت و بۆشـاییەکانی ژیـانی پێشووت پڕ بکەیتەوە. بەر لەوەی بـۆ ئێجگـارەکی واشـەی مەرگ بتفڕێنێ، پێیەکانـت لە خاکەکەت تونـد بکەیـت و، لە باوەشـی پڕ سۆزی گەلەکەتدا سەری دڵنیایی بە سینەیەوە بنێیت و سـوێندی پیـرۆزی خـۆت بخۆیـت کە بـۆ بەدیهێنـانی هیواکانـت  ئەمجارەیـان نەسرەویت و بە پێوە پێشوازی لە مەرگ بکەیت.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کانوونی یەکەمی 1999

# پرنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو

ئەگەر پێناسەی زانایان بۆ بەرنامەڕێژیی ، وەک کردارێکی ئەقڵانی لە چۆنایەتی بەگەڕخستنی توانا ماتەری و بەشەرییەکان ، بسەلمێنین و ، زانستییانە لە پرۆسەی گۆڕانکاریی هەمە لایەنەی کۆمەڵی کوردەواری بڕوانین ، ئەوا بێ دوودڵی رۆڵی دەزگا حکومەتییەکان لەم پرۆسەیەدا دەبینین و لە بایەخی بەرنامەڕێژکردنی هەنگاوەکان تێدەگەین کە بێ هیچ یەکێکیان مەبەستە بنچینەییەکانی گۆڕانکاریی بەدینایەن . دیارە لەم بوارەشدا دەبێت دەزگا حکومەتییەکان مەرجەکانی سەرکەوتن لەم ئەرکە مەزنەدا دابین بکەن و لەبەر تیشکی پرنسیپە زانستییەکانی گۆڕانکاریدا هەڵسووڕێن ؛ ئەمەش پێویست بەوە دەکات توانا ماتەری و بەشەرییەکان بەباشترین شێواز بەکاربهێنن و لەنێوانیشیاندا توانا بەشەرییەکە بەپلەی یەکەم وەرگیرێت و، ئاراستە زانستییەکانی گۆڕانکاریی رووبان لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن و بژارکردن و بەهێزکردنی دەزگاکان بێت ، چونکە توانا مادییەکان بەبێ کاری بەشەر بەفیڕۆ دەڕۆن و خشتێکمان بۆ ناخرێتە بنچینەی تەلاری کوردستانێکی مۆدێرن ، کە هیوای بەدیهێنانیمان هەیە .

هەڵبەت لە نێو توخمە بەشەرییەکانی دەزگایەکی بەتواناشدا سەرکردایەتیی مەیدانیی رۆڵێکی سەرەکی هەیەو بەبێ رابەریکردنی کەسانی شیاو لەو شوێنە مەیدانییانەدا ریسەکان بە خوری دەبنەوەو رایەڵی کارەکان پێکەوە گرێنادرێن ، بۆیە دوای بەرنامەڕێژکردن و دابینکردنی مەرجە مادییەکانی گۆڕانکاریی ، هەمووو کادیرە کارگێرو هونەرییەکان پێکەوەو، ناوەندی کاری مەیدانی لە شەخسی بەرپرسی یەکەمی کارەکاندا، چارەنووسی کارەکان بڕیار دەدەن ، لەبەرئەوە هەڵبژاردنی بەرپرسی یەکەم و دیاریکردنی شیاوترین کەس بۆ ئەو شوێنە و

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەسـت ئـاوەڵاکردنی لەکارەکەیـدا زامنـی سـەرکەوتنی پڕۆژە چاوەڕوانکراوەکانی گۆڕانکاریی دەبێت .

لەکوردسـتانی دوای راپەڕینـدا و لەسـایەی هەلـومەرجێکی سیاسی - ئابووری - کـۆمەڵایەتی تـا دەگـاتە نـاتەواوییە کـارگێڕیو داراییەکان، بۆ دەساڵێک دەچێت سـەرجـەمـی کـار لـەم وڵاتـەدا ، رووبەڕووی شـپرزەیی و پاشـاگەردانی بـووە تەوەو مـۆرکی نەشـیاوییان لەکارەکـان داوە ، زۆر هۆکـاری دەرەکـی و نـاوەکی پێوەنـدی کـردوون و پـرزەی جووڵانـدنی لێبڕیـون ، ململانێکـانی نێوماڵی کورد بۆ خۆیان بواریان بۆ کەسانی نەشیاوو بێتوانـاو کەم ئەزموون و (زۆر جاریش بۆ کەسانی هەڵمەتەکاسەو بێهەڵوێست و ناپاکانی سەردەمی رژێم) رەخساندووە شوێنە گرنگەکان داگیر بکەن و ، بەنەخشە بێت یان بەنەزانی ، دامودەزگاکانی حکـومەت تووشـی ئیفلیجـی بـکەن . ئەمە کـارێکی وەهـای کـردووە دەزگـا حکومییەکان لە شـوێنی خۆیانـدا گیربخـۆن و نەتـوانن هەنگاوێـک بەرەو پێشەوە هەڵنێن . ئەم حـاڵەتە سـەلبییە ئەرکـی پرۆسـەی گۆڕانکـاریی گرانتـرو دژوارتـر کـردووە ، بـۆیە تێپەڕانـدنی ئـەو بارودۆخە ، ئیرادەو بڕیاری سیاسیی گونجـاوی دەوێـت کە واقیعە گەندەڵەکە دەسـتکاری بکـات و بـارە ڕاوەسـتاوەکە بـشڵەقێنێت و مـۆڵگەی گەنـدەڵییە ئیـداریو داراییەکـان بەسـەریەکدا بڕمێنێـت و بێبەزەییـانە دەسـتی کـارامەی گۆڕانکارییـان پێبگەیەنـێ و ، نەک هەر لەسەر ئاستی دەزگـا سـەرکردایەتییەکاندا بەڵکـو لە ئاسـتە مامناوەندییەکان و بنکە فراوانەکەی کارە خزمەتگوزارییەکانیشدا ، داروپەردووی بینـای کاریکـاتێریو سـاختەی ئەو تـوخمە بەشـەرییە بـێجەوهەرانە ژێـرەو زەبەر بکـات کەزۆرێـک لە ناوەنـدە کارگێڕییەکـانی حکومەتیـان زەوتکـردووە ، تـا لە شـوێنەواریاندا رێـڕەوە پێـشکەوتنخوازو مـۆدێرنەکەی گۆڕانکـاریی بچەسـپێت و دامودەزگاکانی خوارەوە لەچنگی کەسانێکی نەشیاو قورتـار بـبن کە بە ناچاریو لە غەفڵەتگیریی سـەردەمێکی ئـاڵۆزو تەمومژاویـدا هەڵتۆقیـون و جەسـتەی دامودەزگاکانیـان تووشـی چەنـدین تیراوێی ئیداری و مالی کردووە .

دیارە لە خوێندنەوەی ئەم واقیعەدا بەوە دەگەین کە سەرکەوتنی ئەو گۆڕانکـاریی لە دامودەزگاکـانی حکومەتـدا ، بەبـێ چڕکـردنەوەو بەرنـامەڕێژکردنی گۆڕانکارییەکـان و ، بەبـێ بەردەوامی و لەبەرچاو دانانی ئامانجی دیارو رۆشن و نەخشەی زانـستیانەو ، وەرگرتنـی نـوێترین پرنـسیپەکانی بنیاتنـانی کۆمەڵگـایەکی مەدەنـی و ، ئیـدارەیەکی شـیاو لەرێکخـستن و بەرنامەو ئامانجەکاندا ،بەدەست نایەت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کرۆکی ئەو پرنسیپانەی گۆڕانکاریش دانانی کەسانی شیاوە لە شوێنە شیاوەکانداو، پشتگیریی سیاسی و یاسایی و، خۆشکردنی زەمینەی جێبەجێکردنی پڕۆژە و بەرنامە حکومییەکانە ، ئەوەش وەها دەخوازێت بەپەلە بڕیاری دامەزراندنی (ئەنجومەنی راژە) جێبەجێ بکرێت و ، رابەرێکی وەسفیی کارە حکومەتییەکان (دلیل وصف الوظائف الحکومیة) لە کوردستاندا ، مەرجەکانی سپاردنی کار بە توخمە بەشەرییە شیاوەکان دیاری بکات و ، بەراستی کەسانی شیاو بۆ شوێنە شیاوەکان دابنرێن .

تێبینی : ئەم وتارە کەمێک دەستکاریی پێویستم تێدا کردووە .

تشرینی یەکەمی 1999

لە رۆژنامەی " هەرێمی کوردستان " دا  بڵاوکراوەتەوە

# هەنگاوێک بۆ دەرەوە ... دوو هەنگاو بەرەو نیشتمان

ترسناکترین هەنگاو ، یەکەم هەنگاوە. ئەو هەنگاوەیە کە گیان و جەستەت بەرەو جیهانێکی نادیار بەکێشدەکات ، هەنگاوێکە دوودڵی و رامان لەرزەی دەداتێ و کوێرانە دەهاوێژرێ.

هەنگاوەکان بەرەو دەرەوە ، دوورکەوتنەوە لە زێدو بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشەکان، داپڕان لە دایک و ئازیزانی دیکە ، تاسانێکی گیانیی دەخولقێنێ و بەربینت شەتەک دەدات ، گینگڵ و بێئۆقرەییت بۆ دروست دەکات. چۆن دروستی ناکات ؟ ئەو ( تۆ ) لە یادگارە خۆشەویستەکان و زمانە شیرین و پاراوەکەی دایک و ئەو دیمەنە سروشتییانە دەکات کە ئاوێتەی رۆح بوون و هەناسە بە هەناسەی ژیانت لەگەڵداون.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

**دەڕۆیت و بەرەو دەرەوە مل دەنێی ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا خۆت لێ بزر دەبێ ، کەڕوکاس دەبیت ، نامۆیی چەند جارە دەبێتەوەو سەرتاپات دادەگرێت ، بچووک بچووک دەبیتەوە هەتا دەبیتە جەستەیەکی بێگیان و ، بەرە بەرەو بە ئەندازەی هەنگاوەکانت گۆڕانکاریی بەرەو بە سفربوون پەلکێشت دەکات ، کاتێک دەبینیت بوویتەتە خاڵێک و هیچ بوعدێکت نییە ، یان دەتوێیتەوەو وەک خاڵیش نامێنیت . هەیت و نیت ، بەڵام نەبوونەکەت لەگەڵ هەنگاوەکانتدا دەبێتە وەهمی بوونێکی ناچاریی.**

**ئەمە راستیی هەنگاونانە بەرەو دەرەوە ، بۆیە تا زوو چارەسەری نەبوونەکەت بکەیت درەنگە . هەتا زوو لە بەخاڵبوون دەرچیت و بەرەو بوونی ئاسایی بگەڕێیتەوە ، دەروازەی بەهەشتێکی رۆحیت لەسەر ئاوەڵا دەبێت و ، وردە وردە ، خۆت دەبینیتەو ، دایکت دەبینیتەوەو بە شیری مەمکەکانی شاد دەبیتەوە ، زێدت دەبێتە باوەشێکی میهرەبانی گەورەو ، گیان و جەستەت هەتا مردن ، تەنانەت دوای مردنیش ، تێدا ئارام دەگرێت.**

**ئەمە عەزمی پۆڵایین و عەشقی بێپەی دەوێت . دەبێت دوو دوو هەنگا ، بەرەو خاک و خەڵک ، بەرەو دواڕۆژی مەسەلەی سەرەکیی بوونت ، لە یەک وشەدا : بەرەو لانکی هەبوونت، بەرەو نیشتمان ، هەڵبگریت و لە نێو شەپۆلی سۆزی خەڵکەکەیدا لەنگەر بگریت.**

**ئابی 1999**

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# بەهای کات

" کات بەهای زێڕی هەیە " پەندێکە هەر لە قۆناغی یەکەمی خوێندنەوە گوێمان پێی ئاشنابووە. ئەو سەردەمە تەنها وەک بابەتێکی داڕشتن سوودمان لێوەردەگرت و، لە ناوەرۆکەکەی تێنەدەگەیشتین ؛ زۆر جاریش گاڵتەمان پێدەهات ، بە تایبەتی کە ئامۆژگارییان دەکردین واز لە یاریکردن بهێنین و ، تەنها سەرمان بەسەرکتێبەکانماندا شۆڕبکەینەوە.

ئێمە ئەو سەردەمە نەماندەزانی ، پێوەرێکی بنەڕەتیی مرۆی پەیوەست بە شارستانی، زانین و پراکتیکی ئەم پەندە بە بەهایەیە. چونکە ئێمە لە ژینگەیەکی کشتیاریدا چاومان کردبووەوە، نەماندەزانی پیشەسازی چییەو ، سیمای کۆمەڵگەی مۆدێرن وئاکاری کۆمەڵایەتیی گونجاوی ئەم کۆمەڵگەیە چۆن دەکەوێتەوە. بۆیە لە کەسایەتیی هەر تاکێکی کۆمەڵدا چەمکی ( کات ) یان باشتر بڵێین ڕێزگرتنی ( کات ) وەک پرنسیپێکی ئاکاریی بوونی نەبوو.

( کات ) چییە ئەوەندە بایەخی پێبدرێ ؟ ئێمەومانانێک ، کشتیاریی بنەمای ژیانمان بێت و، تانوپۆی سەرەوەی کۆمەڵمان ئەو بنەمایەی تێدا ڕەنگبداتەوە،چ دەربەستی ( کات ) ین ، ئەوە بە کردەوە هەر ( کات ) ێک زەوییەکانمان و باخ و کێڵگەکانمان ئاوبدەین دەشێت و ، گەر چەند کاتژمێرێکیش دوابکەوین کاریگەرێتی لەسەر بەرهەمەکانمان دانانێت . بۆیە ئامێری کاتژمێر لەم کۆمەڵگەیەدا دەگمەن بوو، کەمالییات بوو. بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆمەڵگەی پیشەسازی و ئامێر - ئیمڕۆش کۆمپیوتەر - کۆمەڵگەی خۆبەستنەوە بە کاتەوەیە ، کۆمەڵگەیەکە بە وردی ڕێکخراوەو ناتوانرێت بۆ چرکەیەک ( کات ) ی تێدا فەرامۆش بکرێت ؛ ئەوە سروشت و بنەمای کاری کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە ، ئامێری

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کاتژمێر لێرە کەمالییات نییەو لە پێداویستییەکانە. بەڕاستی ( کات ) لەم کۆمەڵگەیەدا " بەهای زێڕی هەیە ".

ئایا دەتوانین لەمە بگەین ؟ یان دەتوانین شارستانیانە رەفتار بکەین ؟ ئایا لە نەرێت و رەفتارەکانی کۆمەڵگەی کشتیاری دادەبڕێین و بەرەو جیهانی زانست و تەکنەلۆژیای سەدەی بیست و یەکەم هەنگاو دەنێین ؟ ئایا دەتوانین بەهای بوونمان لە بەهای هەندێ رەفتاری ئەخلاقیانەی وەک رێزگرتنی ( کات ) دا ببینینەوە ؟ ئەوە پراکتیکی رۆژانەمان گەواهی دەبێت.

لە دوا وشەکانمدا سوپاس و پێزانینم بۆ دکتۆر ( زکی نجیب محمود ) کە گرێی فەرامۆشکردنی ( کات ) ی بۆ شیکردمەوەو ، یادیشت بەخێر ئەی ( خالید دلێر ) کە بەردەوام دەرسی ئەم پەندەت دادەدام و هەمیشە موتمانەت بە ( پیاوی بە مەوعید ) بوو ، وەک سیفەتێکی باڵای مرۆڤی راستگۆو تێکۆشەر.

تەموزی 1999

# ئەرکی مرۆڤە هوشیارەکان

# لە بەرامبەر رستە پرسیارەکانی بوون و هۆشدا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لەو کاتەوە هۆشی مرۆڤ چووزەرەی کرد، جمکی زمان و بیرکردنەوە پایەی تایبەتیی مرۆڤیان لەم گەردوونە بێپەیەدا دیاری کرد. مرۆڤ دووچاری ململانێی هۆش و بوونی خۆی بوو.

مرۆڤ، هەر لەو رۆژەوە، بە دوای خۆیدا دەگەڕێ، دەیەوێت لەم ژیانە کەم خایەنەدا خۆی بدۆزێتەوە، زمان و بیرکردنەوەی بالبگرن و لە نهێنییەکانی سروشت و مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بگات.

مرۆڤ لەم پێناوەدا ناچار بە کار بووەو چارەنووسی بە سەرەنجامی ئەو ململانێ نەپساوەی بوونییەوە بەستۆتەوە. بۆیە لە خەباتی بێوچانیدا، زمان و بیرکردنەوەی بۆ پێشخستنی کارو چاکترکردنی مەرجەکانی بوونی خۆی بەکارهێناوەو، پێبەپێی قۆناغە مێژووییەکانی ململانێ بەڕێکەوتووەو دەستکەوت دەسکەوتی کەڵەکە کردووەو، دەستاو دەست نەوەکانی لە یەکترییان وەرگرتووە، تا بەم سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیایە گەیشتووە.

مرۆڤ  لە نێو کارو بەرهەمهێنانەوە زمان و بیرکردنەوەی ، لە پەرەسەندن و هەڵکشاندا بووە، بەهرەی خودی و توانای داهێنان و وزەی مێشکی بۆ ژیانێکی باشترو ئایندەیەکی گەشەدارتر بەگەڕخستووە؛ هەر بۆ خۆشی ئامرازەکانی فەلسەفەو زانست و ئەدەب و هونەری داهێناوەو، لەو ململانێیەدا چەکی خەباتی بوون و، بوون و هۆشی خۆی پێ جەختکردۆتەوەو، ئاوێنەی ناسینەوەی خۆی ومرۆڤەکانی  دەورو بەری بوون. بەڵام ئەم رەوتەی ژیانی مرۆڤ بێ گرێ و گۆڵ نەبووە، بۆیە لاپەڕەکانی خەباتی، وشەو پیت پیتی بە ئارەقەو خوێنی خۆی نەخشاندووە. لەم نێوەشدا مرۆڤە چەوساوەکان،لە نێو ئەوانیشدا مرۆڤە هوشیارەکان،سەرکاروانی ئەوانیش کە فەیلەسوف و زاناو ئەدیب و هونەرمەندانن،بەشی هەرە گەورەی ئەو ئەرکە مێژووییەیان لە ئەستۆ گرتووەو هێماو ئاڵای هەموو وەرچەرخاندنە مێژووییەکان بوون.

ئیمڕۆش وەکو دوێنێ، هەر وەکو سەرجەم رۆژەکانی ئەم مێژووە ئەرکەکان هەر لە کۆڵی ئەواندایە،مرۆڤە چەوساوەکان، مرۆڤە هوشیارەکان، مرۆڤە رۆشنبیرەکان، خاوەن قەڵەمە شەریفەکان، ئەم میراتەیان بۆ ماوەتەوەو، لە بەرامبەر سەرانسەری مێژووی کۆن و ئێستاو دواڕۆژدا بەرپرسیارن. ئەمە چارەنووسێکی مێژووییەو بە بوونیانەوە لکاوەو، ئەرکێکی مێژووییەو ناتوانن لە گەردنی خۆیانی داماڵن.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەم چـــــارەنووس و ئەركە لە بەرامـــــبەر چەوســـــاندنەوە بێئەندازەكانی ئەم گۆشـەو ئەو كەناری جیهـانی ئیمـڕۆدا، هەتـا دێـت مەزنتـرو قـووڵترو زەقتـر دەبێـتەوە. لەبەر ئەوە هەتـا دێـت ئەركی قەڵەم و زادەی بیرو گیانی خۆنەویستیی دەبنە ناسنامەی یـــاخیبوون و بەرهەڵـــستی و شـــۆڕش لە رووی هەمـــوو ئەو كەندوكۆسـپانەی، كە سـەرەڕێی رەوتـی بەرەو پێـشەوە چـوونی مرۆڤ دەگرن.

لە جیهـانی ململانێـی بێئامـانی هێزەكانـدا، لە نێـو دۆزەخـی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتـی و رەگەزیـدا،لە جەنگـی گەرم و سـاردی بەرژەوەنـدییە ئابوورییەكانـدا،مرۆڤی چەوسـاوە، چینە چەوساوەكان، پیاوانی بەرهەمهێن، ژنانی كـۆیلەی مێژووی دڕنـدایەتی و نەزانـی و خەرافییـات، منـداڵانی برسـی و ئـاوارەو بـێلانە...هتـد ، كەرەسـەی زمـان و بیـری رۆشـنبیریی خەبـاتگێڕن، خـاڵی یەكـانگیربووی هـێڵە رەشـــەكانی مێـژووی بەشـــەرن، قوربانییانی بەربەرییەتی سەرتاسەری مێژووی چەوسـاندنەوەن. بۆیە ئیمڕۆش وەک دوێنێ، هەر دەبێت بابەت و هەوێنی چالاكییە رۆشـنبیرییەكان بـن. ئەمە ئەركێكـی جیهـانگیرەو یەخەی مـرۆڤە رۆشـنبیرو خـامە بە دەسـتەكان دەگرێـت و، پابەنـد بـوون پێـیەوە پێـوەری راسـتگۆیی و هوشـیاری و، نیـشانەی خـۆدۆزینەوەیەكی بەردەوامە،كە لە سـەرەتاكانی بـوونی كـۆمەلایەتیی مـرۆڤ و چەرخە دێرینەكانەوە درێژەی هەیەو هەتا مرۆڤیش بمێنـێ درێـژە دەكێشێ.

ئەم ئەركە ، ئەم راســـتییە،هەموو مــــرۆڤە هوشـــیارەكانی سـەردەم،بە تایبەتی توێژە قەڵەم بەدەستەكان دەگرێتەوەو، هەتا لە سـەفەری ئەم ژیـانەدا بـن، هەمیـشە رسـتێ پرسـیار پێـشیان پێدەگرێت و دەبێت وەڵامیان بدەنەوە.

گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

ژمارە 12و13 /1999

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# رەخنەو دژە رەخنە

بزافی رۆشنبیریی لە کوردستاندا ، بۆ زیاتر لە چارەکە سـەدەیەک دەچێت ، تووشی " تیراوێیەکی رۆشنبیریی " بـووە. سـاڵ دەڕوات و ساڵ دێت ، بارودۆخێک ماڵئاوایی دەکات و هەلومەرجێکی نـوێ ســەرهەڵدەدات ، کەچـــی ئەم زامە نەفـــرەتییە دەتەنێـــتەوەو کەسیش دەستپێشخەریی بۆ چارەسـەرکردنی ناکـات ، کەسـێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ناکۆڵێتەوە .

بـۆچی ئەم بـرینە سـاڕێژ نابێـت ؟ ئەمە پرسـیارێکە لە ئاسـتیدا دەستەوسانین و خۆمان بۆ وەڵامدانەوەی ماندوو ناکەین ، چـونکە ئەم وەڵامـــدانەوەیە خەوشـــەکانی واقیعـــی رۆشـــنبیریمان لەبەردەمـدا زەقـدەکاتەوەو ، بـۆ بەرەورووبـوونەوەی ، ئەرکـی گەورەو پـشووی درێژمـــان لێـداوا دەکـــات ؛ چـــونکە لە لایەک شـیکردنەوەی پیـسبوونی ئەم ژینـگە رۆشـنبیرییەی دەوێـت و، لەلایەکـی دیـکەوە چەنـدین نیـشانەی پرسـیار لە بەرامـبەر کەسایەتی و رادەی راستگۆیی و ئاسـتی فیکـری و نیـازی قەڵەم دادەکوتێت .

ئەمە راســتییەکە ، بە کـــردەوە ، لە پەیوەنـــدیی نێـــوان زۆربەی روونـــاکبیران و نووســـەراندا رەنگیـــداوەتەوەو لە تـــاوتووکردنی بەرهەمەکـانی یەکتریـدا بەرجەسـتە بـووە . بەنـاوی رەخـنەوە ئەمیـان لە پـارێزی ئەویانـدا خـۆی مەڵاس دەدات و کەوکـوژیی نیـشاندەگرێتەوە تـا بە " سـاچمەی رەخـنە " کـانی یەکە یەکەی وشەکانی " نەیارەکەی " بپێکێ و بێگیانیان بکات ، ئەویشیان بـێ ئەوەی پێکان و نەپێکانی بۆ ساغبێتەوە ، بـێ سـێ و دوو کـردن " قەڵەمـــی دەبـــان " لە هەســـان دەدات و بەپەلە وشـــەکانی بەرامبەرەکەی دادەپاچێت .

ئەمە ئەو دیاردەیەیە کە بە زمانی تایبەتیی ئەم رووناکبیرو ئەدیب و نووسەرانە ( رەخنە ) ی پێدەگوترێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەم دیاردەیە ، گەر ئەدەبیانە ناوی بنێین ( رەخنەو دژە رەخنە )، لە چ سەرچاوەیەکەوە سەردەردێنێ ؟ بۆچی بەم شێوە سامناکە باڵی بەسەر واقیعی بزافە رۆشنبیرییەکەدا کێشاوە ؟

لە راستیدا هۆکارەکان زۆرن. کێبەرکێکان هەمە ڕەهەندن، ریشەی قووڵیان هەیە ، بەڵام لەسەرەوەدا دەبینرێن و لە چەند رواڵەتێکدا دەردەکەون، وەک ئەوەی رەخنەگرو رەخنەلێگیراو ، هەریەکەیان ، لە شوێنی خۆیانەوە ( گەر نەڵێم لە سەنگەری خۆیانەوە ) وا هەست دەکەن کەسایەتییان شکێندراوە، فەرمانی لە سێدارەدانی رۆشنبیرییان بەسەردا دراوە، پیرۆزیی وشەکانیان لەکەدارکراوە . بۆیە بەوپەڕی گڕژییەوە ، بە هەناسەی توندو سوارەوە دەستدەدەنە پێنووس و ئەوەی نەشێ و نەکرێ بەیەکتری دەکەن ! لە بازاڕی قسەی ساردو سووکدا مامەڵەی بەرهەمەکانی یەکتری و هەڵوێستە جیاجیاکان و فیکرو بۆچوونە جیاوازەکانیان دەکەن ، وەکو تریش هەریەکێکیان خۆی بە هەواداری ئازادی و دیموکراسی و رستێک چەمکی سیاسیی ( مۆدێرن ) دەزانێت . لەم نێوەشدا، لەسەر داب و نەریتی عەشایەری ، کای کۆن بەبا دەکەن و شەڕی کۆنەقین و تۆڵەسەندنەوەو گەلەکۆمەکێ ( وەک عورفی کۆنی شەڕە گەڕەک ) لە تاکتیکە " رۆشنبیریی " و " ئەدەبی " یەکاندا بەگەڕدەخەن !

- ئەرێ . . . ئێوە، خاوەنانی ( رەخنەو دژە رەخنە ) ناکرێت رەخنە بهێننەوە سەر رێچکە رەسەنەکەی ئەدەب و، وەک کارێکی هونەریی شان بە شانی شیعرو چیرۆک و رۆمان و نووسینە جۆراو جۆرەکانی دیکە خەمی لێبخۆن ؟

- ئەرێ ناکرێ ( ئێوە - ئێمەی نووسەران ) بێدەنگ بین و یەکسەر ( دژە رەخنە ) ی نەرێیانە بەرامبەر ( رەخنە ) نەنووسین ؟

- ئەرێ ناکرێ هەر نووسەرێک چی لە توانادایە، خۆنەویستانە، پێشکەشی بکات و چاوەڕێی ئافەرین و پاداشت و پیاهەڵدان و دەستخۆشانەو چەپڵەڕێزان نەکات ؟

- ئەرێ ناکرێ بڕیارێک بۆ خۆتان لەگەڵ خۆتاندا بدەن و تەنهاو تەنها بۆ خەڵکی بنووسن و، خۆسەلماندنەوەی خودتان بۆ رادەی کارتێکردنی بەرهەمەکانتان لە خەڵکی و بۆ خەڵکی بەجێبهێڵن ؟

- ئەرێ ناکرێ هزرتان ، وشەتان ، کردارتان ، پرۆژەی بەردەوامتان سەر سامانی رۆشنبیریمان بخەن ، لە جیاتی ئەوەی هەر یەکە لەلایەکەوە مەیدانەکە زەوت بکات و ، پڕ بە میراتی رۆشنبیریدا بکات و ، چ مەیدانەکەو چ میراتەکە بە موڵکی تایبەتیی خۆی و

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هاوبیرانی بزانێت و ، بۆ سەروەری و شکۆداریی خودیانەی خۆی قۆرخیان بکات ؟!

کانوونی یەکەمی 1998

# پەیامی نووسین و گەیاندنی بە خوێنەران

نووسەر..پەیام..خوێنەر.. سێ خاڵی پەیوەندیداری پرۆسەی نووسینن. لەم پڕۆسەیەدا، نووسەر سەرچاوەیەو ، نەخشی قەڵەم شێوازەو ، خوێنەر هەستی وەرگرتنە .

پەیامی سەرکەوتوو ، بۆ نووسەر، ڕەوتێکی زەمبەلەکیانەی کارتێکردنە ، کە لە هەر ئەڵقەیەکی ئەم ڕەوتەدا ، نووسەرو خوێنەر کاریگەرێتی پەیامەکە ئاڵوگۆڕ دەکەن و بەرەو مەودایەکی فراوانتر هەنگاو دەنێن. پەیامی نووسین - لە هەر بوارێکدا بێت - ئەم ئامانجەیەو، پێچەوانەکەشی، دەرچوونی بێگەڕانەوە، یان پووکانەوەی پەیامەکەیە لەو سنوورەدا کە خاڵی تێگەیشتنی خوێنەر دەستپێدەکات. بۆیە تێگەیشتنی نووسەرو روونیی بابەتەکە لەلای خۆی، شێوازی نووسینەکەی و چۆنایەتی ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێ دیاری دەکات ؛ بەمەش هاوکێشەیەک لە نێوان تێگەیشتنی نووسەرو تێگەیشتنی خوێنەر دروست دەبێت و ، هەر لاسەنگییەک لە تایەکیاندا، بۆ بزربوونی توخمێک لە توخمەکانی ئەو هاوکێشەیە بەڵگەیە.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بەم پێـودانگەی سـەرەوە، سـەرچاوەی تێگەیـشتنی خـوێنەر لە نووسەرەوە دەستپێدەکات. کەواتە کرداری تێگەیاندن و تێگەیشتن کاتێک ئاوێتەی یەکتر دەبن کە پەیامنێر ( نووسـەر ) رەچاوی ئەوە بکات : پەیاموەرگر ( خوێنەر ) لە ئاستی دەستپێداگەیشتنیدا بێـت و پەیامەکەی بیگاتێ .

پـێچەوانەی ئەمەش، ئەو حـاڵەتەیە کە لە هەنـدێ نووســینی ئەمـڕۆدا بەدیـدەکەین ، بە تـایبەتی ئەو نووسـینانەی ، زمـانی هەنـدێ قوتابخـانە یـان رێبـازی فەلـسەفەیی و رۆشـنبیریی رۆژئاوایی تێدا بەکاردەهێنرێـت ؛ ئەوانەی کە بە ریزکردنـی دەیـان زاراوەو چەمکـی نـوێ پردەکـرێنەوەو ، بە شـێوازێکی ئـاڵۆزو داڕشتنێکی نـامۆ خـوێنەر تووشـی سـەرەگێژە دەکەن. ئەم جـۆرە نووسینە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ، لەوانە :

1. درێژدادڕی و جوونەوە .

2. زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی زاراوە " نوێ " یەکان.

3. چاندنی فەرهەنگۆکێک ناوی زانایان و ئەدیبـان ...هتـد - بەپێـی جۆری نووسینەکە - بە نێو وشەکاندا .

دیارە نووسەرانی ئەم جۆرە نووسینە مەبەستیانە :

- لە پاڵ ناو هێنانی ئەو زانایانەدا ( فیـزی ) زانـایی لێبـدەن و خەڵکی بەو سیفەتە بیانناسن.
- خـــوێنەران بترســـێنن و بەر هێرشـــی تۆقانـــدنی رۆشنبیرییان بخەن.

بەم دوو مەبەسـتەش ، لە لایەک هەیـمەنەی رۆشـنبیریی لە نێـو بـارودۆخە شـپرزەکەی ئیمـڕۆی رۆشـنبیریدا مـسۆگەر دەکەن و رێگـــای رەخنەلێگرتنیـــان دادەخەن ؛ لە لایەکـــی دیـــکەوە، لە لێکۆڵینەوەی واقیعی ئێستای دیاردەو رووداوە سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا، کە هەڵوێستی روون و ، قـسەی راستەوخۆو ، دەربڕینی بێپێچوپەناو ، کاری بەرجەستەیان گەرەکە ، خۆیـــان دەدزنەوەو بە ژێـــر کەڵەکەی نووســـینە ئاڵۆزکـــاوە نامەفهوومەکانیـــانەوە دەکەن و، پاســـاوی هەڵنەگرتنـــی بەرپرســـیارێتیی مێژوویـــی خۆیـــان بەرامـــبەر ژیـــانی واقیعـــی کۆمەڵەکەیان ، پێدەدەنەوە.

لێرەدا دەبێت ئامـاژە بە بەشـێکە دیـکە لەو نووسـەرانە بکەیـن کە دەرئەنجامی تێگەیشتنێکی ئەکادیمی و بەدواداچوونێکی جیـددی و فـراوان ، بەم شـێوازە خوێنەرانیـان بەسـەردەکەنەوەو، زیـاتر

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کـــاریگەرێتیی ئاســـــتی رۆشـــــنبیریی و ژیـــاریی ئەو کۆمەڵگـــا رۆژئاواییانەیـان لەسـەرە کە لێیگیرسـاونەتەوە . ئەم نووسـەرانە چەنـدین خـاڵی ئومێـد ، بە کراوەیـی، لە پێـشیان دادەنێـین و ، چنینەوەی خاڵەکانی ئومێدیش بە دواڕۆژ دەسپێرین .

کانوونی یەکەمی 1998

# خوێندنەوە . . . دایەلۆگ . . . گۆڕانکاریی

هەر کە بـارودۆخێکی سیاســـی لە ئاســـتی جیهانــدا، یـان لە سیـستمی وڵاتێکـدا گـۆڕانی بەسـەردا دێـت و ، هەلـومەرجێکی سیاسی - ئـابووری - کـۆمەڵایەتیی نـوێ جێیـدەگرێتەوە ، تەواوی بونیـادی رۆشـــنبیریش دەهەژێـــت و ، بـــۆ سەروســـیمادانەوە بە بونیادە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیەکە بەخۆدەکەوێت . لە نێـوانی ململانـــێ هەمە جۆرەکانـــدا ، کە کـــارلێکی گـــشت هۆکارەکـان ئاڕاسـتەیان دەکـات ، بـارێکی دەروونیـی شـڵەژاوو چاوگێڕانەوەو پێداچوونەوەو ، هەندێ جاریش نائومێدی وگومـان و رەفزکـــردن و خۆدەربـــازکردن لە ئەرکـــی گرانـــی میکـــانیزمی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ناکۆکییەکــان و خۆبەدەســتەوەدانی واقــیعە ( نــوێیەکە ) دێــنە کـایەوەو ، هەسـت و هـۆش و بیـرو قەناعەتەکـانی نووسـەران و ڕۆشنبیران لە بێژنگ دەدەن .

ئەوەی ئیمـڕۆ وەک زاراوەیەک بە نـاوی ( خوێنـدنەوە ) وە لەسـەر زارەو لە نووسینی بەشێک لە نووسەرە گەنجەکاندا بە چێژێکی " نوێگەرییانە " وە جەختی لەسەر دەکرێت ، دیاردەیەکە بە دیوێکدا ئەرێیانەو بە دیوەکەی تریدا نەرێیانە دەکەوێتەوە .

ئەوە مـافی بـێ ئەمـلاو ئەولای هەر ڕۆشــنبیرو نووســەرێکە لە گۆشــە نیگـای خـۆیەوەو ، بەپێـی جیهـانبینی خـۆی و ، ئەزمـوونە خودییەکــانی و ، چــۆنیەتی تێگەیــشتنی لە ململانییەکــانی ئەم جیهـانە ، چـۆنی دەوێـت ، بەو شـێوەیە ( بخـوێنێتەوە ) ، واتە لە دەوروبەرەکەی بکــۆڵێتەوەو راڤەی بکــات و، شــوێنی خــۆی لە یەکێک لە سەنگەرەکانی ڕۆشنبیریی سەردەمدا دیاری بکات .

ئەوە مـافی بـێ چەنـدوچوون ورۆڵێکـی ئەرێیـانەیە کە لە پێنـاوی بەرپــاکردنی دایەلــۆگێکی فیکــری و سیاســی و ڕۆشــنبیریدا ، نووســەر ( خوێنــدنەوە ) کەی بەگەڕبخـات و ، ئەسـپی قەڵەمـی خـۆی بـێ مانـدووبوون ، بە نیـازی شۆڕشـێکی ڕۆشـنبیری و جووڵانەوەیەکی هوشیارانەی مەعریفی ، تاوبدات ؛ تا بە ئامانجی سیاســی و ئـابووری و کــۆمەڵایەتیی دیـارو گونجـاوو لەبـاری پێـشکەوتووانە بگـات و ، سـەرئەنجام بە پڕۆژەی گۆڕانکـارییەکی ریــــشەیی ژیــــانی کۆمەڵگـــا کۆتــــایی بێـــت . بەڵام ئەوەی نەرێیـانەیەو نابێـت لەو پێنووسـانە بوەشـێتەوە ( خوێنـدنەوە لە پێناوی خوێندنەوە ) دایە . . ئەو خوێندنەوانەی ، لە پەنا بانگاشەی دایەلۆگـدا ، تەڕو وشــکی ســامانی مەعریفــی و دەســتکەوتە ڕۆشـنبیرییەکانی بەشـەرییەت لە هەزاران سـاڵەوە تـا چەرخـی زانـــــست و تەکنەلۆژیـــــای ئیمـــــڕۆ ، هەڵـــــدەپرووکێنن ، ئەو خوێنـدنەوانەی لەبـری دایەلـۆگ ، سکتاریـستیی ڕۆشـنبیریی و ، بگرە خۆپەرسـتیی ڕۆشـنبیرانە ، دەخەنەوەو ، گۆڕانکـاریی - وەک پڕۆژەو بەرنامەی عەمەلـی و کـارێکی خەباتکـارانەی جیـددی - لە فەرهەنگیاندا نییە .

تشرینی دووەمی 1998

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# نامەیەک بۆ سێ کیژی برازام لە سوید

ئەو ساڵە ، ساڵی هەرەس بوو . بڕوای خەڵکی تازێر سفر دابەزیبوو . ورە داماو ، تانجییەکی رستکراوی دەستی چەپەڵی بەعس بوو . ((کوڕ)) ئەوەبوو خۆی دەربازکا ، بڕواو خەباتی رابردووی بۆ فاشستەکان هەراج کا !

ئەو کاتە بوو ، ئێوەی منداڵ . . ئێوەی فریشتەی بێگەردی دنیای جەنجاڵ ، بێخەم گەمەی بووک بووکێنەو ماڵەباجێنەتان دەکرد . . . هەرئەو کاتە باوکی ئێوە ، خەمی هەرەسی لەکۆڵناو بەرەو دواڕۆژ هەنگاوی بوێرانەی دەنا . . . هەر ئەو کاتە باوکتان ،وەک پیرەمەگروونی دێرین ، هەرەسی رەتدەکردەوەو ،تین و گوڕی بەگیانی شلوشێواوی رووخاوەکان دەدایەوە . . .

ئێوەی کۆرپەی لە نوێ پشکووتووی ئەو کاتە بێئاگابوون . . . بەڵام باوکتان لە ترۆپکی ئاگاییەوە ، ملی بۆ چەقۆ رانەهێشت ، رێگای سەختی پڕ پێچ و پەناو هەورازی هەڵبژاردو ، چارەنووسی خۆی و ئێوەی پێبەستەوە .

ڕۆژانێک بوو . . . سەردەمێک بوو . . . زاتی مرۆڤ ، گەوهەری بیر ، ڕەگی هەڵوێست ، لە ئەزموونگای ترێرۆری فاشستەکاندا ، رەسەنێتییان دەسەلما ؛ باوکی ئێوە ، بێباکانە ، کوورەی ئاگری ئەزموونی بەزاند ، بەورەی پشکۆرەنگەوە ، هەڵۆ ئاسا ، بەرز فڕیو لە لوتکەی چیای سەرکەشدا نیشتەوە .

بەڵێ . . . کیژەکانم . . . کاتێ باوکتان سەرگەرمی بەندهەڵبەستن بوو ، بۆ بەربەستیی لافاوی نەگریسی هەرەس بەپەرۆش بوو ، کەم کەس هەبوو لەم شارەدا ، تەنها بەوشەش

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بوێری ، باسی باڵە فڕەی هەڵۆ ، گەشـیی پـشکۆ ، کڵپەی ئاگر ، نەک بۆ خەڵکی ، تەنانەت بۆ خۆشی بکات .

کاتێک باوکی ئێوەی منداڵ ، تەک بەتەکی شەهید ئارام ، چیا چیاو دۆڵاو دۆڵی فەرەداغیان تەیدەکرد ، کەم کەس هەبوو لە ((سەرەڕۆیی)) ئەو گەنجە سەرکێشانە سەرسام نەبێت ، دوودڵ نەبێت ، بە گومان و بێ هەڵوێست و رووگیرو شەرمەزار نەبێت . .

چاوەکانم . . . رەنگە ئێوە ، وەکو خەون ، وەکو خەیاڵ ، بەبیرتان بێت ، کاتێک لانەتان لێشێوا ، کاتێ رەوتی هێدیو ئاسایی ژیانتان پێچرایەوە ، کاتێک بێماڵ ، بێ پوول ،بێکەس ، بێ دەرەتان ، ئاوارەی نێو شارەکەی خۆتان بوون ؛ کاتێک دایکە خۆڕاگرو بەئارامە هێمنەکەتان ، کۆڵان کۆڵان ، ئەم ماڵەو ماڵ ، دەیشاردنەوە تا کەڵبەی تیژی ئەژدەهاک نەتانگاتێ .

رەنگە تۆ ئەی کچی پرچ زەردو چاوکاڵ بیرت نەبێ ، چۆن لەسەری کۆڵانێکی کانێسکاندا ، وەک گوڵی لە نوێ پشکووتوو ، وەک نەمامی ناسکی بەهار دەڕوایت و ، سەرەتاتکێت لەگەڵ خشپەو سروەو چپەی رێبوارانـدا دەکرد ، نەکا جلخوارێ ، دان ڕیچێ ، چاوزەردێ هەست بکات و بەوناوەدا گوزەر بکات . . . ئەمسەرەو سەری گەڕەکت دەپشکنی و ، بەو وردییەت ، پاسەوانیی باوکت و گشت هاورێکانیت کردبووە پیشە .

ئەی کیژۆڵە نازدارەکان . . . من رووداو بە رووداو و ، سات بەساتی ئەو سەردەمە نەهاتەم بیرناچێ ، من هەرگیز ئازارو خەم و پەژارەتانم بیرناچێ ، من ئەو ئەرکە گران و سامناکەی ئێوە شانتان نابووە بەری لەیادناچێ . . . بۆیە ئیمڕۆ بەم نامەیە دڵی شکستتان دێنمەوە ، تا لەپاداشتی ساڵانی ڕەش و تاڵ ، لەجێی قسەی بێڕەنگی تفت و بەتاڵ ، شەکرە وشەیەکی راستیی دیاریم بێت و گەردی گەشتە کورتەکەتان بسڕێتەوە . . .

گوتم گەشت . . . کوا ئێوە بە نیازی گەشت ئەرکی دووری و سەختیی ڕێتان کێشا ! کوا ئێوە تەنها بۆ خۆشیی ، بەرەو ئەم لانە وێرانە باڵتان گرت و ملتان دەنا ! ئێوە تاساوی دیمەنی رەووەکە بوون ، ئێوە تامەزرۆی دیداری ڕەشە خەڵکی ئاوارە بوون ، پێشتر ئێوە بۆ ئێمەی ئاوارەی شاخان هەڵگری توورەکەی سواڵ و دیدەی پڕ لە ئەسرینی ئەڤین و سۆز بوون .

کیژەکانم . . . تۆ ئەی پەریی چاو مامزی ژیرو وریا ، تۆ ئەی تێکۆشەرە بچکۆلەکەی شارە دۆزەخەکەی جاران ، تۆ ئەی کچە سەلارە هێمنەکەی خاوەن سەرنجی قووڵ و ورد : چاوەڕێ بوون ئەمەکداران ئامێزتان بۆ ئاواڵەکەن ، چاوەڕێ بوون لە چاوانی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

خۆشەویستی و سۆزی ئەم شارەدا ئارام بگرن ، چاوەڕێ بوون
خەوی پەمەیی ببینن ، تاسەی دەربەدەری و دووریی چەندین
ساڵەتان بشکێنن .

نەتانزانی . . . ئێوەی سەرکاروانی ئاوارەکانی هەندەران . . .

نەتانزانی . . . . ئەمەکداریی نانێکە ئەمڕۆ لە خوانە . . . !

نەتانزانی . . . سۆز گڕێکی قیناوییە . . . !

نەتانزانی . . . چاوی مرۆ ونبووەکانی شار ، دۆزەخی ڕق ،
پەلامارو لوورەی گەلە گورگێکی

برسییە . . . !

نەتانزانی . . . تاسەی پیرۆز تەنها بەشی نامۆییە . . . خەونی
هیوا زەلکاوی نائومێدییە !

کچەکانم . . .

لێیان مەگرن . . . ئەوانە خۆیان قوربانین . . .

لێیان مەگرن . . . لەم وڵاتە وێرانەدا ، سێ دەهەیە ، گورگ شوان
، کەڵبە زێڕو ، قەپ ماچی

((خۆشەویستییە)) .

سێ دەهەیە . . . مێشک پەمووە ، شمشێر یاساو ، ئەنفال سۆزو ،
زیندان خەون و ، ژەهر شەرابی

تاسەیە .

لێیان مەگرن . . . لێرە لەم وڵاتە کاولەدا ، خۆشەویستیی لە
چرەدووکەڵی قیندا گۆشکراوە . . . سۆز لە کوشتارگای گەرمیان و
هەڵەبجەدا هەنجن بەهەنجن کراوە . . . خەون بەقرمەی فیشەک
و ناڵەی تۆپ و گرمەی تانک و مێک و سیخۆی زڕێنراوە . . . تاسە
لەنێو دەریای خوێنی هەزارانی بێ کارو نان خنکێنراوە .

لێیان مەگرن . . . لێبوردەبن . . .

ئێوە هەڵگری پەیامی ژیاری ئەم سەردەمەبن . . .

ئێوە مەلی خۆشەویستی و کانگای سۆزو کانیی زانست و
هونەرو گڕی ئەفسانەڕەوێن بن . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئێوه پەیامی پیرۆزی دواڕۆژێکی پرشنگدار بن . . .

ئێوه پێشەنگی کاروانی گوڵخونچەکانی وڵات و هەندەران بن . . .

لێیان مەگرن . . . لێبوردەبن . . .

منیش لێرە چاوەڕوانم . . .

گوێ بۆ نامەکەم رادێرن . . . .

سلیمانی 1992/11/12

گۆڤاری (دیمانە) ژمارە (5)

زستانی 1993

# نەکەن خەم و ژانەکانی دوێنێ لەبیربکەن . .!

پەتی خەیاڵی مەستی ئەم کەمۆکە ئازادییەم بەرەڵلا کرد . خەیاڵ بە پەیژەی (کات ) داهەڵزنا ، تا لە رۆخی نێوان مرۆڤ و سروشتداهەڵوێستەی کرد . چەند جارێک مێژووی خوێندەوە، وشەکانی شەنوکەو کرد ، راستییەکانی لێهەڵهێنجاو تۆماری کرد . راستییەکان وەها نووسرابوون : ئەو کاتەی سروشت مرۆڤی لێڕسکا ، راستگۆیانە رەفتاری کرد . پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین کرد .هەستەکانی رێک دابەش کرد ، هەر یەکەیان لە شوێنێکی جەستەی ئەودا کاری خۆی پێ سپێردرا، سەربەستیی گەشەسەندنی پێدان ، ئەندامەکانی : بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، چێژتن و هەستکردن، بوونە پێنج دەروازەی زانینی مرۆڤ ، خۆی و کەرەسەکانی ئامێزی ، خستە پێناو کارو رەنجی مرۆڤەوە .

کاتێ کارگەی سروشت ، ئەندامانی جەستەی مرۆڤی دەنەخشاند ، یاسای کاری خۆی پێبەخشین . بۆ هەر یەکە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

فرمانێک و ، ڕێڕەوێک و ، مەودایەکی ژیانی تەرخان کرد . ئەو کات سروشت بە دڵپاکی کارەکانی خۆی ئەنجامدا . ئەو کات هێشتا پێی نەئاڵابووە دیاردە خۆڕسکەکانی خۆی . هێشتا مرۆڤ ، گەورە دیاردەی ڕسکاوی هەناوی سروشت ، ململانێی بێپەیی خۆی هەستپێنەکردبوو .

سەرەتای بەرهەمی سروشت مرۆڤێکی سادەو کاڵ بوو . مرۆڤ لە ڕەوتی زاوزێدا ، یەکبینە ، خۆی دووپات دەکردەوە . ژیانی مرۆڤ ڕێچکەی بەست ، ملی ڕێگای هەورازو نشێوەکانی گرت ، ئامرازەکانی سروشتیش ڕێنوێنییان کرد . کارکردن بووە چارەنووس ، لە نێو شەپۆلی ئارەقەی نێوچەوان و شان و مل و ، کووڕبوونی موورەگەی پشتیدا ، گەشەی کردو ، ئاکام تاجی سەروەرێتی سروشتی نایە بان سەری . یاسای ناچاریی بەجێهێشت و ، هەنگاو هەنگاو ، نەختە نەختە ، ناچاریی کردە سەربەستی و ئازادیی خۆی بەدەستهێناو بەدەستدێنێت .

سروشت وەها بناوانی ژیانی مرۆڤی دانا . ئەو نەیزانی ڕۆژێک دەبێت کارەکانی بەر شاڵاوی ڤین دەکەون . هەر کارێکیان بۆ ئامانجێک بە کێش دەکرێت . سروشت هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ، کە بتەکانی مێژووی مرۆڤ هار دەبن ولە سروشتی دایک یاخی دەبن و ، کارەکانی هەڵدەوەشیننەوە ؛ ئامرازەکانی مرۆڤ بەسەر یەکدا دەشێوێنن و مرۆڤایەتییان زەوت دەکەن ، ئاودامانیش نامۆیی دەکەنە بەرگی گیانی هوشیاریان .

بتە زیندووەکانی مێژوو بڕیاریان دا ، سروشت شەرمەزار بکەن و پەنجەکانی خۆی بگەزێت . ویستیان سروشت ، لە ناخەوە ، ڕەنگی ژێوانبوونەوەی داڕێژێ و حاشا لە دایکێتی مرۆڤ بکات .

بتی زیندوو پشتئەستووری سەمای بتەوانەکان بوو . بت ، بتەوان هەر دوو پێکڕا ژینگەی سروشتکردو مرۆڤکردی مرۆکانیان ژێرەو ژوور کرد . هەستەکانیان تواندەوە ، گیانەکانیان لە کوورەی قەتران هەڵکێشا . تارای ڕەشیان لە خومخانەی قەتران بەرهەمهێناو ڕووی سروشت و مرۆکانیان پێداپۆشی .

مرۆکانی ئەم وڵاتە ، ئێمە ، هەموو مرۆکانی ئەم گۆشەیەی سەر ئەم گۆیە ، لە پەرستگای گەورە بتی " مێژووکردی " زەمانەدا تاڵان کراین . دیارییەکانی سروشتی بەخشندە زەوت کران . لە سەمای بێئاگایی و بێکۆتایی ساتی کڕنووشی بیست ساڵەو نوێژی زۆرملێی کۆیلەیەتیدا ، لە دەرباری ئەژدەهاکدا ، پێشکەش بە ئەژدیها چاوزیتەکان کران .

هەر دوێنێ بوو . . .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لاوێکم دی ، ملی بە لارەوە نابوو لۆش لۆش دەڕۆی ، هەردوو پێیان لەکارخستبوو ، ڕێپێوانی ڕێگای بێهوودەیان پێدەکرد ، کەچی ئاماژەیان بۆ دەکردو بە گەلحۆو گێژ ناویان دەبرد .

هەر دوێنێ بوو . . .

چاوم بە مرۆیەک کەوت ، قفڵێکی ئاسنی گەورە لە هەردوو لێوی درابوو ، ئەڵقەو دوولاییەکی پۆڵایین لەمسەرو ئەوسەری زاری بەسترابوو ، کۆئەندامی دواندنیان سڕیبۆوە . بتەوانەکانی دەوروبەریش پێیان دەگوت : خۆی کەمدووە ، وشکە ، بەسەزمانەو قەپی بە قفڵدا کردووە .

هەر دوێنێ بوو . . .

خەمەکانی مرۆیەکی هوشیارم دی ، گرۆ گرۆ ڕاوەستابوو ، ژانەکانی لەسەر دڵی پەپکەی دابوو ، خاڵ بە خاڵی خەمەکانی چقڵ بوون و ، چقڵەکانیش بە پەڕەی دڵیدا دەچزان ، ژان لە کەڵە ئەنگوستی دەجماو لە هەردوو چاوانیدا بروسکەی دەدا . دڵ و چاوی ئەم مرۆیە کاری نوێیان پێدرابوو . کاری نوێیان هاوشانێتی خەم و ژان بوو ، بۆیە لە فرمێسکی قەتیسماوی چاوی پڕ لە بروسکەدا ، خەم و ژان ئاوێتەی یەکدی بوو بوون .

لە ڕوخساری ئەم مرۆیە هوشیارەدا ، ئارایشتێکی خەمناک و پەژارەیەکی بێ وێنە گرێیان لە یەکدی دابوو ، بتەوان و کەمژیرو هەرزەفامیش دەیانگوت : " ئەمە مرۆیەکی گرژو مۆنە و زەردەخەنە ماڵئاوایی لێکردووە . "

هەر دوێنێ بوو . . .

مرۆیەکی هوشیارو چالاکم بینی ، دۆشدامابوو . دەیانەویست لە ئاهەنگی بتی مەزن سەما بکات ، دەیانەویست گەرووی بلندگۆی ئاهەنگ بێت، دەیانەویست ڕوخساری ئەو ڕووی ورشەداری سۆزانی بێت ، دەیانەویست وشەکانی سۆزانی بن و دەست و قەڵەمیشی پێناوی بای شان و شکۆی فەرماندە بێت . بەبێ ئەوە بەردی تانەی تێدەگیرا ، لە پشتەوە بەنامەردی دەستی لێدەوەشێندرا .

ئەم هوشیار بوو . خودی هوشیاریی بارێکی ئێجگار گرانبوو . مرخێش مرخێش خەمەکانی لەکۆڵ نابوو و بە دوای خۆیدا رایدەکێشان ، پەیتا پەیتاش چەقۆی تیژی بتەوانان دەیانبڕی و لە ناخەوە دەیانجنی ، ئازار تەنگیان پێهەڵدەچنی و گینگڵدانی پێبڕابوو ، کەچی مرۆ نەفام و دەستەمۆکانی دەوروبەری

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

پێناسەیان وەک مرۆیەکی بەنگکێش و لە گوێی گادا نوستوو دەکرد .

هەر دوێنێ بوو . . .

هاوڕێیەکم ، وەک هەر مرۆیەکی نامۆی ئائەم شارە ، یەکە یەکەی ئەندامەکانی هەستی پەکخرا ، پێستیان گوڕی و یاسای کاری جەستەییشی لەکارخرا. ویستی بەسەر بتەکاندا زاڵ بێت ، ویستی هەست و گیان و یاسای دەستکرد بخاتەگەڕ ، ویستی پێچەوانەی نامۆییەکەی خۆی دەربخات ، دیپلۆمات بێ و خۆی رام بکات ،بزەی لێوی نەکوژێتەوەو ماسولکەی رووی لەکشان بێت . بەڵام تواناى نواندنی نەبوو ، هەر زوو دەستەکەی کەوتەڕوو ، گرژیی ناوچەوانی پۆشی ، گەڕایەوە سەر سروشتی یەکەم جاری ، بایدایەوە سەر دۆخی خۆی ، باڵی بێدەنگی بەسەریدا کێشایەوەو ، بەسەر ژان و خەمەکاندا گرمۆڵە بوو .

هاوڕێ . . . هاوڕێ . . . هاوڕێکەم دەنگی نەمابوو ، زمانی لەناو زاریدا هەڵواسی ، وشەکانی رووەو ناخی گەڕانەوە ، لە ناخیدا وشەکان پەنگیان خواردەوە ، تۆپەڵبوون ودایانە نێو پێچە گرنجاوییەکانی مێشکی ، لەوێدا دەبوونە زنجیرە دوانێکی بێکۆتایی ، بە دەمارەکاندا دەگەڕان و بە خانە خانەی مێشکیدا رادەبووردن . مێشکیان هەژاند ، خەویان لە چاوەکانی فڕاند ؛ لەولاشەوە ئاگاییەکەی یاخی دەبوو ، دەتۆرا ، لە شەقەی باڵی دەداو ، تەنیا بە جەستەیەکی بێگیانەوە دەهات و دەچوو ، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری هۆشیی کۆمەڵایەتی دەڕۆیشت ، لەوسەریشەوە بۆ ئەمسەری لایەنەکانی دیکەی هۆشیاریی دەهاتەوە . بەڵام ئەوەندەی تر نامۆ دەبوو ، هەستی بە بزربوون دەکرد ، هەستی دەکرد سەراتاپا کەوڵکراوەو لە پێستی خۆی هاتۆتەدەر . هەستی دەکرد گوڕەوشاری دڵی دەدەن و چنگی ئازار دوا ریشاڵی هەڵدەکێشێت . هەستی دەکرد بەرە بەرە هەناوی شیدەبێتەوەو ناخی دەکەوێتە سەر خوێن . خۆزگەی بەو " مرۆ " یانە دەخواست کە ژیری و فرمانی ئەم ژیانەیان لە خواردن وخواردنەوەو زاوزێ کردن تێپەڕ ناکات .

ئەو خۆزگەیە چەند چرکەیەکی دەخایاند . خۆ ناکرێ ئەم هۆشی خۆی بدۆڕێنێ و ئاژەڵ ئاسا ژیانی خۆی بەرێتەسەر ! بۆیە وەها نائاسایی ژیانی جێژت . ئەو بە خۆیدا شۆڕدەبۆوەو نامۆیی خۆی لە هەموو گەردیلەکانی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبینی و ، ژیانەکەی دەوروبەری بە شایانی بێزکردنەوەو هێڵنجی رەتکردنەوە دەزانی ، تا مەستیی نامۆبوون بەری بداو ، هوشیارانە بەرەنگاری ئەو ژیانە رابوەستێ .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەر دوێنێ بوو . . .

منیش ، وەکو هاوڕێکانم ، نامۆبوونم بەسەردا سەپێندرابوو ، لەگەڵ خۆمدا مرۆکانی دەوروپشتم لە نامۆبوونێکی قووڵدا بەدیدەکرد . نامۆبوونی خۆمم لە چلە پۆپەی نامۆبوونێکی گشتیدا دەبینییەوە ، تیشکی چاوم دیواری نامۆیی دەبڕی و ، ئەودیوەکەی دەخوێندەوەو ، هۆکاری دیلێتی خۆم و هاوڕێکانمی تەواو ڕۆشن دەکردەوە .

نامۆبوونم بیابانێکی بەرین بوو . تاک و تەنیا بە کەشکۆڵێ ژان و ئەڤینەوە ، بەدوای چۆرێ هیوای ژینی ئازادیدا دەگەڕام ، تا گەرووی وشکمی پێ تەڕ بکەم . مرۆکانی دەوروپشتم لەگەڵ نامۆیی تەبابوون ، هۆشیان بڕی هەستکردنی نامۆبوونیانی نەدەکرد . نامۆبوونیان ژیانێکی ئاسایی بوو ، لەبەر ئەوەی هۆشیان مۆڵەتی وەرگرتبوو ، پەییان بە رادەی کوێرەوەرییەکانیان نەدەبرد .

مرۆی کوردو نامۆبوونی ، راستییەکی ئاشکرابوو ، دیاردەی دزێوو ناڕەواش ڕەنگدانەوەی ریالیستیی راستییەکان بوو .

من باوەڕم بە چەکی هوشیاریی هەیە ، بێ ئەم چەکە ئاگایی و ورەی مرۆکان تەکان نادەن . بێ ئەم چەکە بەردی بناغەی راچەنین دانامەزرێ ، بێ ئەم چەکە کار ناڕەخسێ و جوولانەوە هەنگاو نانێت ، بزووتنەوە سەرجەمی ژیان ناگۆڕێت .

من کۆتایی نامۆبوونی مرۆڤی کورد لە ئازادیی نەتەوەدا بەدیدەکەم . ئازادیی نەتەوەکەشم لە ئازادیی جیهانێکی بێ ( سەرمایە ) دا دەبینم .

ئازادیی راست ( بێ سەرمایە ) بنەبڕیی نامۆییە ، گێڕانەوەی سروشتێکی مرۆییە ، سەندنەوەی هۆشی لە ( مرۆ ) ئاوارەیە . بۆیە بانگی مرۆکانی دەوروبەرم دەکەم و دەڵێم : نەکەن ئەو پریشکە ئازادییەی لە بەهاردا بەدیتانکرد خامۆشیکەن ! نەکەن ئیمرۆ بپێچنەوەو دوێنێ لە گۆڕ دەربهێنن ! نەکەن بیرەوەریی خەم و ژانی مرۆڤە نامۆکان لە ئەزموونگەی کەمۆکەیەک ئازادیدا لەبیر بکەن !!

رۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی ) ژمارە ( 14 )

مارتی 1992

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# سیستمی نویٚ . . . نامۆیی مرۆڤ

ئێمە نامۆی ڕەوتی مێژووین . . . هەزاران ساڵ بەر لە ئیمڕۆ ، منداڵدانی قۆناغێکی ئەم مێژووە ، نامۆبوونی لێوە ڕسکا . . . نامۆبوونی نەوە لەدوا نەوەی ئەم زەمینە ، بووە مۆرکی کەسایەتیی مرۆکان و ، هەتا ئێستاش ، هاودەم لەگەڵ مێژوودا ڕێدەکات .

یەکەم هەنگاو دابەشکردنی کار بوو . . . بەشێکی کۆمەڵ بووە خاوەنی زەوی و کەرەسەی بەرهەمهێنان ، بەشەکەیدی تەنیا هێزی کاری خۆی بۆ مایەوە . . . ئەمە بنەمای دابەشبوونی کۆمەڵگا بوو بە دوو چینی سەرەکییەوە . . . پێویستییەکانی ڕەوتی گەشەکردنی ژیان ، خاوەنداریێتی تایبەتی دا بە کۆڵی مێژوودا ، چینەکانیش لەم ڕەوتەدا بەشبوون بە چەوسێنەرو چەوساوەوە . . . بەشێکیان بە ئارەقەی ڕەنج و دەست و بازووی کاریان ، ژیانی خۆش و مفتەیان بۆ بەشەکەیدی دابینکرد . خۆیان برسی و رووت و ڕەجاڵ ، خاوەن زەوی و کەرەسە بەرهەمهێنەکان تێرو پۆشتە . . .

نایەکسانیی بڕا بە بالای ژیانی مرۆڤەوە . ئەم نایەکسانییە بزوێنەرو مایەی خەونی چەوساوەکان بوو . . .ئازادی و یەکسانی ، بەختیاری و بنبڕبوونی چەوساندنەوە ، بوونە ناوەرۆکی خەونەکانیان . . .

ئەم خەونانە بە بالای مێژوودا ئالان . خەونەکان بوونە هەوێنی خەباتی نەپساوەیان ، بوونە کردارو هەوڵی ڕۆژانەیان و ، لە شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکانی میژوودا ڕەنگیاندایەوە .

چینە چەوساوەکان ، دێر بە دێرو ، وشە بە وشەو ، پیت بە پیتی ئەو نووسینانەیان ، بە بێگاری و کاری مەرگبارو ژیانی کولەمەرگی و خوێنی خۆیان ، ئاودا . . .

دەریای خوێن و فرمێسک و ئارەقەی چەوساوەکان ، هەمیشە سەریکردووەو ، ئاسۆی هیوای ڕووناک کردۆتەوەو ، مرۆڤایەتی ، قۆناغ بە قۆناغ ، گواستۆتەوەو بەم سەدەیەی گەیاندووە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سەدەی بیستەم زادەی چەندین سەدەی پێش خۆیەتی و ، بەری ڕەنجی بەرەو پێشەوە کشاوی مێژووە . لەم سەدەیەدا دوو خەونی مێژینەی مرۆڤ بۆ سەرزەمین دابەزین و ، مرۆڤیان خستە سەر ڕەورەوەی بەدیهێنانیان . . .

خەونی یەکەم بە زۆرانبازیی نێوان مرۆڤ و سروشت ، لە سایەی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژییەوە ، بە ڕەوتێکی نەرم و پاشان بازی گەورە گەورە ، دنیای ناچاریی بەجێدەهێڵێ و ئازادیی مرۆڤ دابیندەکات . هەموو ڕۆژێک بیرو دەستی بەکاری مرۆڤ ، پەی بە نهێنییەکی ئەم گەردوونە دەبات و ، وردە وردە سەربەستیی خۆی بەدەستدەهێنێت و، یاساکانی سروشت لە هەموو بوارێکدا دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە . . .

خەونی لە ڕەگوریشە دەرهێنانی چەوساندنەوەش بووە خەباتی بێوچان و مێژووخایانی چەوساوەکان . خەبات تا دەهاتە پێشێ گڕیدەسەند ، تەشەنەی دەکرد ، ڕێکوپێکتر دەبوو ، تا خۆی گەیاندە لوتکەیەک لە لوتکەکانی مێژوو و ، مژدەی جیهانێکی نوێی هێنا . . .

خەونی دێرینەی یۆتۆپییەکان بووە خەباتی ڕۆژانەو کردارێکی زیندوو . لە نیوەی یەکەمی سەدەکەدا بوو بە ڕاستییەکی ژیان . زۆرانبازیی نێوان ڕووناکی و تاریکی ، نێوان کۆن و نوێ ، نێوان هێزی دەستی کارو دزەکانی بەرهەمی کار ، هەتا دەهات پەرەی دەسەند . . .

ململانێی نێوان چەوسێنەرو چەوساوەکان ئەوەندەی قەوارەی سەرکەوتنە مەزنەکانی مرۆڤ توندوتیژ بوو . بەڵام گورگە هارەکانی مێژوو ، بە چەک و تفاقی نوێی هاوچەرخەوە ، بەربوونە گیانی سەرکەوتن . . . تەوری ڕک و کینەی مشەخۆران کۆرپە نازدارەکەی مێژووی داپاچی . . . ئاگری قینیان کردەوەو بەریاندایە بێستانی ڕەنج و ماندوویی مرۆڤە چەوساوەکانی دنیا . . .

کۆرپە تاسا . . . جەستەی ئەنجن ئەنجن کرا . درەختەکان ، نەمامەکان ، بوونە سووتوو . ڕەوتی مێژوو کەوتە نووچدان . کاروانەکە بێ سەرکاروان ڕێگەی هەڵە کردو وێڵ بوو . . . پاشەکشەو بەدواهاتن جێی پێشکەوتنی گرتەوە ، کۆیلەیەتی بووژایەوە ، بەرگێکی زەردی چڵکنی کردە دیاری و باڵای چەوساوەکانی پێپۆشی . . .

مرۆڤە هوشیارەکانیش بێبەش نەبوون ، نامۆییان بۆ مایەوە . . . ئەوان لە سزای ئەوەدا ، نەفرەتیان لە بەرگی زەرد کرد ، بەر

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شاڵاوی سوژنئاژنی چەوسێنەران کەوتوون . هەلاجیی  بە گیان و مێشک و دەروونیان دەکەن ، گەرەکیانە نوقمی دەریای واقوڕمان و دۆشدامانیان بکەن .

بەڵێ . . . خەون و هیواو رەنجی مێژووکردی دەست و مەچەکی هێزی کار بوو بە لافرتێی زەمانە . . . دزە هەناسە وەبەرهاتووەکانی خوێنی مرۆڤ ، دەیانەوێت بە ژاوە ژاو ، دەنگی چەوساوەکان کپکەن . . . ئەوەتا فووی ژەهراوییان بە زوڕناکانیاندا دەکەن و ، بە هەر چوار قوڕنەی جیهاندا دەیفیشکێنن . . .

نەهەنگەکان لە بازاڕی جیهانیدا ، پڕ بە گوێی ئەم سەر زەمینە زاریان کردۆتەوە ، دەیانەوێت مرۆڤایەتی هەڵلووشن ، نانی برسییەکانی دنیا بە بەر چاوی خۆیانەوە لوولدەن . . .

ئای بۆ مرۆڤە نامۆکان . . . بە چاوی تیژی خۆیان دەبینن ، بە دڵی وریاو هوشیاری خۆیان ئاگادارن ، چۆن هیواو ئاواتەکانیان ، خەون و رەنجی مێژووسازی چەوساوەکان دەپێچرێنەوە ؛ دەبینن چۆن ، لەمپەڕ تا ئەوپەڕی جیهان ، بازرگانییەکی نوێ بە کەوڵی ئەوانەوە دەکرێت . . .

پیشەسازیی کەوڵکردنی مرۆڤ دەبینن . بە دووچاوانیان دەبینن : پێستیان ، ئێسکیان ، خوێنیان لە گیانیان نامۆ دەکرێن ، زەریاو دەریای ئەم جیهانە بوونەتە ئاوی دەباخانە و ، چەتەکانی دەریا خوازیارن مێشک و هۆشیی مرۆڤە هوشیارەکانی پێبشۆنەوە . . .

کێردوەشێنەکانی مێژوو دەیانەوێت مستیان چاڵی چاوی ئەوان بێت و ، مێشکی هوشیاریان هەڵکۆڵن . . . دەیانەوێت بەراوەژوو وێنەکانیان بۆ بخەنە روو، رەنگەکانیان لێبگۆڕن . . .

چەوسێنەرە جیهانییەکان سەرگەرمن مێژوو داخ بکەن . کوورەیەکیان داخستووە. کوورە ئەوەندەی زەمینە و، سووتەمەنی ئەم کوورەیەش مرۆڤە چەوساوەکانە . . .

ئەوەتا من بە چاوی خۆم دەیانبینم ، دەستی کارامەیان دەقرتێنن ، جەستەی پڕ تواناى کاریان دەبڕنەوە ، هەناسەی بانگی ئازادی و یەکسانی لە سنگیاندا دەتاسێنن . بەسەریاندا دەقیژێنن ، دەگرمێنن ، دەڵێن : ئێمە کوێخاو میرزای شارستانیی ئەم سەردەمەین ، ئێمە  ئەم جیهانەمان قۆرخکردووە ، یاسای ئێمە باڵادەستی یاساکانە ، یاسای سەردەم لەلای ئێمە هەر یەک دێڕەو بەم شێوەیە داڕێژراوە : " سیستمی جیهانی نوێمان ، سیستمێکی جیهانگیرە : سیستمی دەستەمۆی کارو ، مەرگی هۆش و ، کەوڵی مرۆڤی نامۆیە . "کانوونی دووەمی 1992

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

* له ژمـــاره 4 ) ی گۆڤـــاری (خه‌رمـــانه ) دابه ناونیـــشانی ( سیستمی نوێ . . . ماستی مه‌ییو ) بڵاوكراوه‌ته‌وه

# میتۆدی لێكدانه‌وه‌ی دیارده‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی

راسته كه سه‌روسیمای هیچ یه‌كێك ، بۆ راده‌ی ئاماده‌بوونی یان كه‌م بایه‌خـــدانی به‌هاوبه‌شـــیكردنی خه‌بـــاتی شۆڕشـــگێڕانه‌ی گه‌له‌كه‌ی ، به‌ڵـگه نییه ، به‌ڵام هه‌موو دیارده‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی - بمـانه‌وێ یـان نه‌مـانه‌وێ - ســه‌رچاوه‌یه‌كی چینـایه‌تی هه‌یه كه راسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی به‌باری ژیانی ماددی خه‌ڵك و باری سیاسـی و رۆشنبیریی كۆمه‌ڵگاوه هه‌یه .

به‌م پێـیه له لێكـۆڵینه‌وه‌ی هه‌ردیارده‌یه‌كـدا ، ده‌بێـت سـه‌یری ئه‌و باره كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسـی و رۆشـنبیرییه بكه‌یـن كه‌ئه‌م رواڵه‌ته دروســـت ده‌كـات ، پاشـان حـوكم بـده‌ین به‌وه‌ی كه ئه‌م رواڵه‌ته نیشانه‌ی چییه‌و به‌ڵـگه‌ی چیمان به‌ده‌سته‌وه ده‌دات .

له‌سه‌رێكی تره‌وه ، هه‌ردیارده‌یه‌ك ، ده‌بێت به‌پێی باری تـایبه‌تیی هه‌ر كۆمه‌ڵـــگایه‌ك هه‌ڵبـــسه‌نگێندرێت ، ئه‌گه‌ر دیـــارده‌كه بـــۆ جووڵانه‌وه‌یه‌ك له‌دژی یاساو نه‌ریتی دواكه‌وتووی كۆمه‌ڵ نیـشانه بێت و ، بۆ رزگاربوون بێـت له‌و خوو و ره‌وشتانه‌ی كۆمه‌ڵگا به‌زۆری زۆرداره‌كـــی ســـه‌پاندوونی ، ئه‌وا جـــووڵانه‌وه‌یه‌كی په‌ســـه‌نده‌و ، دیسان - بمانه‌وێ یان نه‌مـانه‌وێ - ده‌بێـته كـارێكی بـاوو جـێگه‌ی خۆی له ژیانی رۆژانه‌ی خه‌ڵكدا ده‌گـرێ ؛ خـۆ ئه‌گه‌ر ته‌نهـا بریتـی بێـت له‌لاساییكردنه‌وه‌و ، له‌كۆمه‌ڵگایه‌كی تـره‌وه خوازرابێـت كه‌له رووی بـاری سیاســی و ئـابووری و كـۆمه‌ڵایه‌تی و رۆشـنبیرییه‌وه جیـاواز بێـت و له‌گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌نـدییه راسـته‌قینه‌كانی كـۆمه‌ڵانی خه‌ڵـكدا نه‌گونجێت و هیچ كـاریگه‌رێتییه‌كی له‌سـه‌ر پێشخـستنی پێویستییه‌كانی گه‌شه‌كردنی كۆمه‌ڵایه‌تی نه‌بێت ، ئه‌وا نه‌ك هه‌ر وه‌ك گێژه‌ڵـووكه‌یه‌ك دێـت و ده‌ڕواو نامێنێـت ، به‌ڵكـو بـۆ ئه‌وه‌ی رێگای ئاسایی گه‌شه‌كردنی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌رێكـوپێكی و خـاوێنی بمێنێته‌وه ، پێویسته كه‌سه هوشیاره‌كانی ئه‌و كۆمه‌ڵگایه به‌گژیدا بچن و ریسوای بكه‌ن و هه‌وڵـی چاره‌سـه‌ركردنێكی زانـستییانه‌ی بده‌ن تا بتوانن ، زیانی ، تاراده‌یه‌كی زۆر ، كه‌مبكه‌نه‌وه .

هه‌ر له‌م باری سه‌رنجه‌وه پێویسته له دیارده‌ی ((خونفوسییه‌ت)) بڕوانرێت . ئه‌و كه‌سه‌ی لێیده‌كۆڵێته‌وه ، بۆ ئه‌وه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ی وردبێـت ، پێویـسته ببه‌سـتێته‌وه به‌م قۆنـاغه‌وه كه ئێـستا گه‌لـی كوردی پێدا ده‌ڕوات . هه‌روه‌ها ده‌بێت ببه‌ستێته‌وه به ئه‌ركه‌كانی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لاوانــی کــوردو هەرزەکارەکــانیەوە لە ئاســتی ئەو بــارودۆخە مێــژووییەو ئەو پێویــستییانەی کەســـەرکەوتنی مەســـەلەی ئـازادیخوازانەی کـورد گەرەکیەتـی ؛ تـا بـزانن بەچ رادەیەک ئەوە دوورکەوتنەوەیە لەو ئەرکانە ، یان نزیکبوونەوەیە لێیان .

هەروەها چاکترین شێوە بۆ لێکدانەوەی ((خونفوسییەت)) ئەوەیە لە رووی چینایەتییەوە بکرێت ، بۆ دەستنیشانکردنی سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی ئەم دیـاردەیە ، بـۆ ناسـینی ئەو چینـانەی کە رواڵەتەکە هەست و ئارەزوو و جیهانبینییان دەردەبڕێت ، بۆ ئەوەی بزانرێــت ئەو چینــانە : جەمــاهیری کرێکــاران و جووتیــاران و زەحمەتکێـشانی گەلەکەمـانن ، یـان چینـی بـۆرژوازی و وردە بـۆرژوازین ؟ بـۆ ئەوەی بزانرێـت ئەو تـوێژە کـۆمەڵایەتییەی ئەم رواڵەتەیان تێدا تەشەنە دەکات ، هەر مەسـەلەی بایەخدانیان بە خۆیان مەبەستەو ، سەرنجدانیان بۆ کۆمەڵگاو باری ژیانی ماددی جەماهیر لە گۆشەی بەرژەوەندیی (تایبەتی)ی خۆیانەوەیە ، یان جۆری بیرکردنەوەیان خودیانە نییەو بابەتییانە سەرنج دەدەن و لە سووچی بەرژەوەندیی فراوان و (گشت)ەوە تێیدەڕوانن .

((خونفوسییەت)) وەک دیاردەیەک ، کە ئیمڕۆ لە زۆر شـوێنی ئەم جیهـانەدا سـەریهەڵداوە ، دەبێـت بەیەکچـاو سـەیری نەکـرێ . ئیدانەکردنی یان ستایشکردن و پێداهەڵوتنی ئەم رەفتارە ، دەبێت بەپێـی بـاری هەرکۆمەڵـگایەک بەجیـا دیاریبکرێـت ؛ بەو پێـیەش حـوکمی بەسـەردا بـدرێت ، کەکـارێکی لاسـاییکردنەوەیە یـان یـاخیبوون ، کـارێکی شۆڕشـگێڕانەیە یـان ونبــوون ، کــارێکی هوشیارانەیە یان وێڵبوون و سەرلێشێواوی .

بـۆ ئەوەی پێـوانەی یـاخیبوون و شۆڕشـگێڕیو هوشـیاریش کەل نەکرێت ، پێویستە بەباڵای یاخیبوونی شۆڕشـگێڕانەو هوشـیاریی راسـتەقینەیان بپێـوین ، کەلەم سـەردەمەدا تەنهـا یـاخیبوون و هوشیاریی مارکسییانەیەو هیچی تر ، تا بزانرێت کاڵا بە پڕ بـاڵایە یان کەموکورت دێنێ و بەبەری ناکات !

ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (189)

1973/10/19

* ناونیشانی ئەم وتارە لە بڵاوکردنەوەیدا بەم جۆرە بوو :

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

( رایەک بۆ لێکدانەوەی خونفوسییەت )

# ئەمجارەش ... ئەگەر کرێکار نەبێت !

بەبۆنەی رۆژی کرێکارانی جیهان لە ئایاری ساڵی 2000 داو ، لەستوونی ( رەنگاڵە ) ی دوا لاپەڕەی هەفتەنامەی ( هەرێمی کوردستان ) دا ، وتارێکی کورتم بە ناونیشانی " ئەگەر کرێکار نەبێت ! " بڵاوکردەوە . یەک دوو هەفتە دوای ئەوە ، لە گۆڤارێکی ( کۆمەڵایەتی – سیاسی – کاریکاتێری ) دا گاڵتەیان بە وتارەکەم کردو ، بەناوی " سوعبەت " ەوە ئەم تەشەرەیان لێدا : " ئەگەر کرێکار نەبێت! ... کەس بە یەکی ئایار ناڵێ کەرت بەچەند " .
ئەم سووکایەتیکردنە بە یادکردنەوەی رۆژی یەکگرتن و هاوپشتیی چینی کریکار لە جیهاندا ، ئەگەرچی بەناوی " سوعبەت " ەوە ئاڕاستەکراوە ، بەڵام دەتوانین لە نێوان پیت و وشەکانییەوە فیکرو هەڵوێستی نووسەرەکەی بخوێنینەوە ، کە لانی کەم فیکرو هەڵوێستی کەسێکە هەست بە لێپرسراویی کۆمەڵایەتی ناکات ، ئەگەر لە بنەڕەتدا فیکرو هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەی دژ بە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیش دەرنەبڕێت !!
پێشینانی کورد دەستەواژەی " کەس بە . . . ناڵێت کەرت بەچەند " یان ، بۆ هەڵوێستی سووکایەتی و بێبایەخی و پشتگوێخستن

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

، یان پەراوێزکردنی مرۆڤەکان ، یان رەفتارەکان ، یان رووداوێکی دیاریکراو بەکارهێناوە .
ئەم دەستەواژەیە ، لەزۆر رووەوە لێکدانەوە هەڵدەگرێت و ، بەڵگەو نیشانەیە بۆ مەیلێکی کۆمەڵایەتی کە چاوی لە ئاستی چەوساندنەوەی چینی کرێکاردا نووقاندووە ، یان چاوی بە خەباتە جیهانییەکەی ئەم چینەدا هەڵنایەت .
ئەم تەشەرە دواکەوتووانەیە لە رۆژی یەکی ئایارو خەباتی جیهانیی چینی کرێکار ، لەڕووی سیاسییەوە ، ئەقڵییەتی بۆرژوازییەتی وڵاتە دواکەوتووەکان دەردەبڕێت کە لە گوێی گادا نوستوون و بایەخی هێزی کاری کرێکاران لە ژیاری ئەم سەردەمەو جیهانی زانست و تەکنەلۆژیادا نازانن . ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی نیمچە دەرەبەگی و ، لەنێو ژیانێکی کشتیاری و پەیوەندییە خێڵایەتییەکاندا دەژین ، بۆیە گرنگیی کار بۆیان مەبەست نییە ، یان لەبەرەی دەسەڵاتدا پاڵیانلێداوەتەوەو ، مفتەخۆرانە ، بەرهەمهێنان و رەنجی چینی کرێکار لە بەڕێوەبردنی ماشێنی ژیانی کۆمەڵگەدا بەکاردەبەن . بە واتایەکی دیکە ، دەستی ماندووی کرێکاران و زگی تێری ئەمان ، لە کرۆکی ئەو دەستەواژەیەدا رەنگدەداتەوە . دیارە ئەمە بۆخۆی ئەوە دەگەیەنێ کە ئابوورییەک لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا باڵادەستە کە خاوەندارێتی تایبەتی و کاری کرێگرتە دەپیرۆزێنێت و بەرگری لە دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و بازاڕی ئازادیی چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی دەستکورت و هەژار دەکات .
ئەم دەستەواژەیەی کە پێشینان دایانڕشتووەو ، بۆرژوازییەتی مشەخۆری ئیمڕۆ بە دژی کرێکاران بەکاریدەهێنێ ، رەهەندێکی رۆشنبیری و پەروەردەییشی هەیە . لەڕووی رۆشنبیرییەوە ، لەلایەک ئاستی رۆشنبیریی رۆشنبیرانی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی دەردەخات و ، لەلایەکی دیکەوە هەلبازیی ئەم چینە باڵادەستە دەخاتەڕوو . ئەوان بە تەشەردان لەچینێک کە چەرخی ژیانی کۆمەڵگە دەچەرخێنێت ، بەڵگەی کەمیی هوشیاریی یان لە باشترین حاڵەتدا" هوشیاریی چەواشە " یان دەسەلمێنێ . ئەمە جگە لەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی ئێجگار نەشیاوە کە سووکایەتی بە یەکێک لە چینە فراوانە ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگە دەکەن و ، بەو کارەیان تۆوی تێکدانی کۆمەڵ و چەسپاندنی سیستمی چینایەتی دەوەشێنن کە کاریگەرێتی لەسەر رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەبێت و لەمپەرێکی گەورە لەبەرامبەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا دروستدەکات و ، بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەی دژە جەماوەری خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش لەنێو نەوە گەنجەکاندا دەخاتەوە .
لەڕووی پەروەردەییشەوە ، ئەم هەڵوێستە ئاماژە بۆ پەروەردەی بۆرژوازی و قوتابخانەی بۆرژوازی و بەرنامەیەکی بۆرژوازی دەکات کە سیستمی چینایەتی بەرجەستە دەکەن و کەسانێکی بێ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

پرنسیپی پەروەردەیی پێدەگەیەنن کە گاڵتە بە چینێکی بەرینی کۆمەڵ بکەن و ، بەهای کارو کارگەران لە بەردەوامیی کۆمەڵ و نەخشاندنی ئاسۆی دواڕۆژی کۆمەڵگادا بسڕنەوە .

ئاياری ٢٠٠٨

# سەقافەتی شۆڕشگێڕانە

هەموو سەقافەتێک تیشکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆجیو سیاسەت و ئابووری کۆمەڵێکی دیاریکراوە . سەقافەتی بێ سنوور لە دنیادا نییەو ، هەمیشە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە . سنووری سەقافەت ، سنوورێکی چینایەتییەو ، لە کۆمەڵێکی فرەچیندا هەر سەقافەتە مۆری چینێکی کۆمەڵایەتی بەناوچەوانەوەیە . سەقافەتی هەرچینە تیشکدانەوەی بوونی کۆمەڵایەتی ،واتە مەرجە ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، ئەو چینەیە . بەم پێیە سەقافەت بەشێکە ، بەشێکی گرنگی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییە .
هۆشیاریی (الوعي) بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی سروشت ، شتێک نییە بۆ مرۆڤـــ بێتە خوارەوە ، یان (تفاعلات)ی سەربەخۆی مێشکی مرۆڤـــ دروستی بکات ، بەڵکو تیشکدانەوەی ماددەیە لە مێشکی مرۆڤدا . رەنگدانەوەی ماددە لە مێشکداو ، کارتێکردنی مێشک - کەماددەیەکی رێکوپێکی بەرزە - لەو شتانەی سروشت ، هۆشیاریی پێکدەهێنێت .
هۆشیاریی کۆمەڵایەتیش هەر بەم شێوەیەیەو ، بەرهەم و رەنگدانەوەی مەرجە ماددییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە .
هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو تێگەیشتنەی لەبابەت گەلێک لە مەسەلەکانی سەرخانی کۆمەڵ دێتەکایەوە ، وەک بیروباوەڕی سیاسیو دەستوورو فەلسەفەو زانست و ئایین و ئەدەب و هونەر

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

. ئەم شێوانەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە ، سەر بە یەک
بوونی کۆمەڵایەتی دەبن . جۆری تێگەیشتنی هەر چینەیش بۆ
ئەو مەسەلانەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن ،
ئایدیۆلۆجیی ئەو چینە دیاری دەکات .
هۆی هەرە سەرەکی یەکنەبوونی ئایدیۆلۆجی و سەقافەت لە
کۆمەڵێکی چینایەتیدا بۆ بنکە ئابووریبەکەی کۆمەڵ دەگەڕێتەوەو ،
بەهۆی ئەوەی ناکۆکییەکانی ئەم بنکەیە جیاجیاو دوژمن بەیەک
دەبن .
بەڵام سەقافەت هەر تەنها تیشکدانەوەیەکی میکانیکی بنکە
ئابوورییەکە نییە ، بەڵکو سەبارەت بەرابوردوویەکی مێژوویی ،
سەربەخۆییەکی نیسبی ، لەو بنکە ئابوورییەی هێناویەتەکایەوە
، وەردەگرێت و ، بەدەوری خۆی کاریگەری لەسەر ژیانی ماددی
کۆمەڵ دەبێت ، بۆیە دەبینین کە بیروباوەڕە پێشکەوتنخوازەکان
دەوریان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە .
ئینجا بابزانین لە کۆمەڵێکی فرە چیندا چ سەقافەتێک
شۆڕشگێڕانەیەو ؟ مەبەست لە سەقافەتی شۆڕشگێڕانە چییە ؟
سەقافەتی شۆڕشگێڕانە ، ئەو سەقافەتەیە لەگەڵ گەشەکردن
و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێو دەوری لەو گەشەکردن و
پێشکەوتنەدا هەیە . ئەو سەقافەتەیە کە هاوکاری دەکات لە
یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و
پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا ، واتە ئەو سەقافەتەی
نوێنەرایەتی ئارەزوو و ویستی هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنانە ،
سەقافەتی شۆڕشگێڕانەیە .
سەقافەتی شۆڕشگێڕانە ئامرازێکی خەباتی ئایدیۆلۆجییە
بەدەست چینە شۆڕشگێڕەکانەوە . ئەمەیش بۆ خۆی خەباتێکی
چینایەتییە سەبارەت بەوەی خەباتی ئایدیۆلۆجی شێوەیەکە لە
شێوەکانی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵێکی چینایەتیدا .
سەقافەتی شۆڕشگێڕانە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانی تێدا
دەبێت . ئەو چینانەی لە قۆناغێکی مێژوویی زانراودا
سەقافەتەکەیان شۆڕشگێڕانەیە ، لە قۆناغێکی مێژوویی دیکەدا
- بەپێی ئەرکەکانی شۆڕش - هەموویان لەبەرەیەکدا نامێننەوەو
لە رووی بەرەی سەقافیشەوە لە یەکتری دەپچڕێن ؛ لە هەر
قۆناغەیشدا سەقافەتی چینێک تا چینێکی تر جیاوازی هەیە ،
کەلەنێوانیاندا سەقافەتی چینی کرێکار شۆڕشگێڕترین و
زانستیترین سەقافەتە ، جائەو قۆناغە قۆناغی شۆڕشی
سۆشیالیستی بێت یان قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی و
نیشتمانی .
دۆست و دوژمنەکانی شۆڕش ناسنامەی سەقافەتی
شۆڕشگێڕانە دیاری دەکەن چونکە سەقافەتی شۆڕشگێڕانە
بریتی دەبێت لە سەقافەتی هێزە بزوێنەرەکانی شۆڕش و لە
سەنگەری بەربەرەکانی و دوژمنایەتیکردنی هێزەکانی دوژمن بە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

شۆڕش رادەوەستێت .
دۆست و دوژمنیش بەشیکردنەوەی قۆناغی مێژوویی
دەستنیشان دەکرێت . هەر قۆناغێکی مێژوویی دۆست و دوژمنی
زانراوی خۆی هەیە . لەوڵاتانی دواکەوتووی ئاسیاو ئەفریقیاو
ئەمریکای لاتیندا کە قۆناغی شۆڕش ، شۆڕشی دیموکراتی
نیشتمانییە ، هێزە نوێیەکانی بەرهەمهێنان بە سایەی ئەو
پەیوەندییە کۆنانەی بەرهەمهێنانەوە کەباوە ، رێی گەشەکردنی
لێگیراوە ، بۆیە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی نێوان ئەم
دوو تایەی شێوەی بەرهەمهێنان ، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی
شۆڕش پێویستە ، کە ئەم ئەرکانە نەک هەر ژێرخانی ئابووری
دەگرێتەوە ، بەڵکو بەتەواوەتی سەرخانیش - کە سەقافەت
بەشێکی بایەخداری ئەم سەرخانەیە - دەگرێتەوە . لەبەرئەوەیە
خەباتی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بۆ بڕینی قۆناغی شۆڕشی
دیموکراتی نیشتمانی ، سەقافەتی ئەم چینانەی گەرەکە چونکە
سەقافەتێکی شۆڕشگێڕانەی قۆناغەکەیەو لە خزمەتی ئەو
ئەرکانەدا دەبێت کەلە ئەستۆیان گرتووە .
لەم قۆناغەدا هەموو سەقافەتێک کە دژی دوژمنەکانی شۆڕش
بێت بە سەقافەتێکی شۆڕشگێڕانە دادەنرێت . دوژمنانی ئەم
شۆڕشە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتییە ، بۆیە سەقافەتی
شۆڕشگێڕانە سەقافەتێکی دوژمن بە ئیمپریالیزم و
دەرەبەگایەتی دەبێت .
سەقافەتی ئیمپریالیستی و دەرەبەگایەتی لەلایەک و ،
سەقافەتی گەل لەلایەکی تر ، دوو سەقافەتی لە یەکتری
جیاوازن کەبەدرێژایی قۆناغەکە لەبەربەرەکانیدان ؛ ئەویان
سەقافەتی کۆنەپەرستان و دیلێتی و چەوساندنەوەیە ،
ئەمیشیان سەقافەتی پێشکەوتن و رزگاری و بەختیارییە .
سەقافەتی شۆڕشگێڕانە دژی ئایدیۆلۆجیی کۆیلەیەتییە کە
ئایدیۆلۆجییەکی ئیمپریالیستییەو ئاشکراترین شێوەی روخساری
ئیمپریالیزمە ، بۆیە دەبێت سەقافەتی شۆڕشگێڕانە لە خەباتدا
بێت دژی ئیمپریالیزم ، دژی سیاسەتی داگیرکردنی وڵاتان و
چەوساندنەوەی گەلانی دنیا ، دژی سەرمایەگوزاریی لە ئابووری
وڵاتە دواکەوتووەکاندا ، دژی دەست بەسەردا گرتنی
شادەمارەکانی ئابووری لەو وڵاتانەداو ، دژی چینە بۆرژوازییە
ئەڵقە لە گوێکانیان .
سەقافەتی شۆڕشگێڕانە بەنیسبەت نەتەوەیەکی بچووکی
وڵاتێکی فرەنەتەوەوە ، لە بەرامبەر ئایدیۆلۆجیی ئیمپریالیستی ،
هەر هەمان ئەرکی لەسەرە ، ئەرکی بەربەرەکانی کردنی
ئیمپریالیزم و خەبات دژی شوێنە ئابوورییەکانی لە وڵاتدا ؛ ئەمە
لەلایەک ، لەلایەکی ترەوە ئەرکی خەباتکردن دژی شۆڤێنیزمی
نەتەوەی گەورە ، کە بەرهەمی حوکمی ئیمپریالیزمەو شێوەیەکە
لە شێوەکانی ئایدیۆلۆجیی کۆیلەیەتی کە ئیمپریالیزم بە دیاری بۆ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

چینە چەوسێنەرەکانی نەتەوە گەورەکانی وڵاتانی فرەنەتەوەی
هێناوە . هەروەها خەباتکردن دژی تاکڕەویی نەتەوایەتی
ئەرکێکی تری ئەم سەقافەتەیە چونکە تاکڕەویی نەتەوایەتیی
نەتەوەی بچووک شێوەیەکی ترە لە شێوەکانی جێبەجێکردنی
ئایدیۆلۆجیی ئیمپریالیزم کەلە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتی
خۆیو بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسییەکانیدا ، کەرتکردنی خەباتی
یەکگرتووی چینە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکانی وڵاتێکی فرە
نەتەوەی مەبەستەو ، هەمیشە تۆوی جیاکردنەوەی ئەو خەباتە
یەکگرتووە دەکات و ژەهری توندڕەویی نەتەوایەتی دەڕێژێت و
ئەم نەتەوە بەگژ ئەو نەتەوەدا دەکات .
بەم پێیە ، لایەنێکی بنچینەیی لەناسینی سەقافەتی
شۆڕشگێڕانە لەم وڵاتانەدا ئەوەیە کەدژی ئایدیۆلۆجیو
سەقافەتی ئیمپریالیزم بێت ، بەو شێوانەشەوە کە ناڕاستەوخۆ
دەیانهێنێتە کایەوەو لەڕێی چینە چەوسێنەرەکانی
ئەڵقەلەگوێیەوە پەیرەوی دەکات .
جگە لەمە پێویستە سەقافەتی شۆڕشگێڕانە لە خەباتدا بێت
دژی دوژمنێکی سەرەکی تری شۆڕش کە ئەویش
دەرەبەگایەتییە .
لەو وڵاتانەدا کە هێشتا قۆناغی شۆڕشی سۆشیالیستی لەئارادا
نەبێت بەڵکو قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی بێت ، سەقافەتی
دەرەبەگایەتی ، کەبەشێکی گرنگی سەرخانی بنکەی ئابووریی
نیمچە دەرەبەگییە ، سەقافەتێکی باوە . بۆیە بەئەنجام گەیاندنی
ریشەیی شۆڕش ، لە بنچینەدا ، بەندە بەراماڵین و بەزاندن و
نەهێشتنی سەقافەتی دەرەبەگایەتی و پەیوەندییەکانی
دەرەبەگایەتییەوە .
لە راستیدا هەر تەنها گۆرینی ژێرخانی ئابووری بۆ نەهێشتنی
دەرەبەگایەتی بەس نییە بەڵکو گۆرینی سەرخان بەتەواوەتی
مەرجی بنچینەیی گەشەکردن و بڕینی قۆناغە شانبەشانی
مەرجەکەی تر کە نەهێشتن و راماڵینی دەسەڵاتی سیاسیو
ئابووریو سەقافی ئیمپریالیزمە .
سەقافەتی دەرەبەگایەتی لە سیستمی پەروەردەوفێرکردن و
رێبازی ئەدەب و هونەرو رێکخستنی کاروباری ئیداری و
عەسکەریی دەوڵەت و بیروباوەڕی سیاسیو دەستووری ، واتە
لەهەموو شێوەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی باودا خۆی دەنوێنێ
، بۆیە سەقافەتی شۆڕشگێڕانە دەبێت لە سەنگەری
بەربەرەکانیکردن دژی ئەو سەقافەتە بجەنگێ .
مەسەلەی جووتیاران و شۆڕشی زەوی و بانگڕاهێشتن بۆ
بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەرەڵلاکردنی سەربەستییە
دیموکراتییەکان بۆ گەل و ، رزگارکردنی ئافرەت لە بەندایەتی
پیاوو ، جەماوەری گەلیش لە خەرافیات ، کەرەسەی ئەم
سەقافەتەو نیشانی تیری ئەم سەقافەتە شۆڕشگێڕانەیە دەبێت

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

.
لێرەدا پێویستە ئەو راستییەیش بڵێین کە سەقافەتی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بێ ناوکێکی سەرکردایەتی نەک هەر شۆڕشگێڕانە نابێت بەڵکو بێ ئەوەی پێبزانێت لە خزمەتی دوژمنانی گەلدا دەبێت و ، هەرچەندە بەرگی شۆڕشگێڕانەیش بپۆشێ بەڵام لە جەوهەردا خزمەتی سەقافەتی شۆڕشگێڕانەی گەل ناکات .

ئەم ناوکە سەرکردایەتییەیش پێویستە سەقافەتی سۆشیالیستی بێت سەبارەت بەوەی ئەم سەقافەتە :

1- درێژە پێدانی هەموو بەشە زیندوو و بەکارەکانی سەقافەتی نەتەوایەتیو نیشتمانیی رابردووە .

2- پوختەی تاقیکردنەوەی گەلانی دنیاو سەقافەتی ئومەمییە .

3- سەقافەتی چینی کرێکارە کە شۆڕشگێڕترین چینەو دواڕۆژی دنیا هی ئەوانە .

4- سەقافەتێکی زانستییەو تاسەر لەبەردەم هەموو سەقافەتێکی نازانستیو کۆنەپەرستیدا خۆی دەگرێت .

5- سەقافەتێکی جەماهیرییەو لەگەڵ پێویستییەکانی ژیانی جەماهیرو پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵدا دەگونجێ .

ئەمانەو گەلێ هۆی تریش سەقافەتی سۆشیالیستی لەناوەندی سەرکردایەتیدا دادەنێت ؛ کە بەبێ سەرکردایەتی ئەم سەقافەتە ، سەقافەتی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل رێ هەڵەدەکات و دۆست و دوژمنی لێتێکدەچێت و سیفەتی شۆڕشگێڕانە لە خۆی دەسڕێتەوە .

ئابی 1972

# بەتەنگەوەهاتنی کەسوکاری لێقەوماوانی کوردستان

(( . . . هەروەها حکومەت ، سەبارەت بەچەند ئیعتیبارێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی بەتەنگ هەموو ئەو بێوەژن و هەتیوو

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سـەقەتانەوە دێـت کە بـوونەتە قوربـانیی کـاری توندو تیژیـی لـە ژووروی نیشتمان .))

ئەمەی لای سەرەوە بەشێکی ماددەی پانزەیەمی بەیاننامەکەی 29ی حوزەیرانی ساڵی (1966)ە ، کەتیایدا حکومەت خۆی بە جێبەجێکردنی ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی زۆر گرنگ بەستۆتەوە ، ئەویش بەتەنگەوە هاتن و مشوورخواردنی باری ژیان و گوزەرانی هەموو ئەو لێقەوماوانەیە کە بوونەتە قوربانیی کارەساتە خوێناوییەکانی کوردستان .

لێرەدا ، هەر لە خودی ئەم ماددەیەدا دان بەوەدا نراوە کە ئەو بێوەژن و هەتیوو سەقەتانەی لە ئەنجامی شۆڕشی کوردستاندا هاتوونەتەکایەوە ، پێویستییان بە بەدەنگەوەچوون و گرنگیپێدان هەیە ، ئەمەشی بە کارێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی داناوە . ئەمە لەلایەک ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەو لێقەوماوانە وەک هەموو هاونیشتمانییەک کە لە ئەنجامی کاری توندوتیژیی چەند ساڵێکەوە تووشی زیان بوون ، ئێستاش ئەو هاونیشتمانێتییەیان بۆ ئەژمێررێت ، بەو پێیەی کە ئەوانە دەسەڵات و کارێکیان لەو ماوەیەدا بەرامبەر کارەساتەکانی وڵات و ئەو شەڕەی تیایدا بووە ، نەبووە .

ئەوە کارێکی باشە کە کاربەدەستان بەو جۆرە بیربکەنەوە پاش کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە بێئامانەی کە دەشت و دەرو خانوو بەرەی هەزاران جووتیارو هەژاری کوردی پێوە ئەسووتاو ، خوێنی لاوەکانی کوردو عەرەبی بەفیڕۆ ئەدا ، ئەڵێین . . . ئەم بیرکردنەوەیە شتێکی باشە ، کەپاش ئەوە ، حکومەت لا لەو داماوانە بکاتەوەو بەچاوی هاونیشتمانی سەیریان بکات . ئەوە نیشانەیەکی ئیجابییە بۆ بڕاندنەوەی ئەو کوشتارەو نەهێشتنی ماکەکانی و دەرکێشانی لە ڕەگوڕیشەوە ، ئەمە جگە لەوەی دانانی ئەم کارە بەکردەوەیەکی مرۆڤایەتییانە ، نیشانەیەکە هەستکردن دەرئەخات بەوەی کە لە رووی مرۆڤایەتییەوە ئەو لێقەوماوانە هەڵسەنگێنراون و حسابی کەسوکار یان ماوەی ئەو توندو تیژییەیان بۆ نەکراوە کە هەموو خەڵکی کوردستان ، یان باشتر بڵێین ، زۆربەی خەڵک بەشدارییان تێداکردووە .

ڕەنگە کەسێک نەبێت ، لەگەڵ ئێمەو ، لەگەڵ ئەو چەند وشەیەدا نەبێت کە لەو ماددەیەی بەیاننامەکەدا نوسراوەو بەبەرچاومانەوە ئەنجامەکەی ئەبینین بەوەی کە ڕۆژ نییە بەدەیان لێقەوماوو باسوخواسی لێقەوماوانی شۆڕشی کوردستان بە بەردەممانـدا تێنەپەڕێت و لە پەڕەی گوێمان نەدات .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئـێمە بەبەرچـاوی خۆمـانەوە بەسـەدان ئـافرەت و پیـرو جـوانی کـوردی دەربەدەر ئەبینـین کەلە شـەقامی شـارەکاندا خەریکـی سواڵکردنن ، دەست لەم و لەو پانئەکەنەوە ، تەنانەت برسـێتی و رووت و رەجـاڵیی پاڵیپێوەنـاون بـگەنە پایتەخـت و شـارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق ، هەروەها سەدان خێزان لە شەڕدا نانپەیـداکەرانیان کـوژراون و بـێکەس مـاونەتەوەو بە کـولەمەرگی رۆژگار ئەبەنەسەرو ، لە هەموو خۆشـی و مـافێکی ژیـان بـوون و بەنانەسـکی بەرێـوە ئەچـن و لە هەمـوو کـارگوزارییەکی کۆمەڵایەتی بێبەشن ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەزاران کـوێرو گۆج و ئیفلیج هەن کە هەریەکە ئەنـدامێک یـان چەنـد ئەنـدامێکی لەشـیان لە شۆڕشـدا دانـاوەو بە کەساسـی مـاونەتەوەو توانـای خۆژیانـدنیان نیـیە سـەبارەت بەوەی لەکـارکەوتوون و ئـیشیان پێنـاکرێ ؛ بەم جـۆرەو ، بەتێکڕایـی بیگـری ، لە سەرانـسەری کوردستاندا ئەوەنـدە کەساسـی و هەژاریـو داماویو لێقەومـاویی هەیە کە لە باسـکردن و ژمـاردن نـایەت . جـا دیـارە لێکـۆڵینەوەی چۆنایەتی ژیـانی ئەمـانە هەسـتی هەمـوو کەسـێک و کۆمەڵێـک ئەجووڵێنی ، جووڵانـدنێکی نیـشتمانیانەو مرۆڤایەتییـانە . . . بەڵام هەر جووڵانـدنەوەی سـۆزی دڵـی خەڵکـی ، هەر داننـان بەوەدا کەیارمەتیـدانی ئەوانە شـتێکی پێویـستەو کـارێکی نیـشتمانی و مرۆڤایەتییە بەس نییە ، بەڵکو ئەم داننان و سـۆزە ، وەک هەمـوو کارێکی تری ئەم دنیایە ، ئەگەر ئیشی پێنەکرێ ، لە قسەی بۆش و بەتـاڵ بەولاوە چیتـری لێـدەرناچێ و ، چەندیـشی لەسـەر بنووسـرێ هێـشتا بەس نیـیە ، بەواتە هەمـوو کارێـک گەر لەمەیدانی کردەوەو کارکردنا دیار نەبوو ، ئەوە بە نەبوو ئەژمێررێ و جێی باوەڕو متمانەی خەڵکی نابێت .

لێـرەدا مەبەسـتمان ئەوەیە بەراوردێـک بکـرێ لە نێـوان ئەم مـاددەیەو رادەی جێبەجێکردنیـا و بـزانین تائێـستا چـی کـراوە ؟ هەموو یەکێک لە ئێمە راستەو راسـت بێڕاوەسـتان ئەڵێـت : هـیچ نەکراوە ، تائێـستا تەنـانەت بیریـشی لێنەکـراوەتەوەو پڕۆژەیەکـی وای بۆ دانەنراوە کە حکومەت بیکاتە پرۆگرامی کردەوەیی خـۆی . حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیش پێش حەڤدەی تەمموزی پـار لە جیاتی جێبەجێکردنی ئەم بەندەی کە خۆیان دایانناوەو بەڵـێن و پەیمـانی جێبەجێکردنیـان دابـوو ، پتـر هـانی شـەڕو کوشـتیاریان ئەداو ، بەو سیاسەتە لاوازە چەوتەیان ئێش و ئازاری گەلەکەمـان و چینە رەنجدەرەکانی ، بەتایبەتی جووتیاران ، پترکـردو لە جیـاتی بەتەنگـەوە هـاتن و مـشوورخواردنی ئەو لێقەومـاوانە بەسـەدان لێقەوماوو کەسکوژراوو دەربەدەری تر هاتنەکایەوە ئەمجارە نەک بەدەسـتی حکـومەت بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ بەڵکـو لەژێـر پەردەوە بەیارمەتی و رێخۆشکردن بۆ دەستێوەردانی ئیمپریـالیزم لە کوردسـتاندا کەتائێـستاش بە ئـارەزووی خۆیـان لەمـسەر تـا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەوسەری کوردستان تەراتێن ئەکەن و هەر رۆژە چەند بارێکی تر ئەخەنە سەر بارخانە گەورەکەی لێقەوماوانی کوردستان .

کاتێ کە حوکمی نوێ لە عێراقدا هاتە کایەوە ، سەبارەت بەو هەنگاوانەی لەسەرەتای حوکمی خۆیدا هاویشتی لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە ، بەتایبەتی کردنەوەی دانیشگای سلێمانی ، وای ئەخستە یاد کە حکومەت لەسەرجێبەجێکردنی بەیاننامەکەی 29ی حوزەیران سوورە ، بەلام وا زیاتر لەهەشت مانگ بەسەرهاتنی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بۆ سەر حوکم تێپەڕی ، کەچی هێشتا هێندێ لە بەندەکانی بەیاننامەکەی حوزەیران هەروا دەستەوسان راوەستان و چاوەڕێ ئەکەن تۆزی سێ ساڵیان لەسەر هەڵگیرێ و بهێنرێنە ناوناوانەوە ، کەلەوانە یەکێکیان مەسەلەی بەتەنگەوە هاتن و بایەخدانە بەژیانی ئەوانەی بوونەتە قوربانیی رۆژە تووندوتیژییە خوێناوییەکانی کوردستان . . . ئینجا لەبەرئەوەی کەیەکێک لەو سەنگانەی دڵپاکی و نیازچاکیی حکومەتی بەرامبەر خەڵکی کوردستان پێئەکێشرێ ، بەشێوەیەکی هەستپێکراوو بینراو ، ئەمەیە ، کەلەباری بەدیهێنانیدا خاڵێکی پروپاگەندەو درۆو دەلەسە لەدەست دوژمنانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد وەرئەگرێتەوەو ، رێ لەو گومان و بیروڕاوایە ئەبەستێتەوە ، کە دوژمنان ئیمڕۆ بە نیازێکی خراپ ئەیخەنەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێفریوبدەن و کەم و زۆر کاریان تێبکەن .

ئێمەش کە داوای جێبەجێکردنی ئەم بەندە ئەکەین نابێ کەس وا بزانێ پێشوازی لە پروپاگەندەی ناحەزان ئەکەین ، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە میانەی ئێمەو ئەو دوژمنانەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوانە بە هەق و ناهەق ئەو گومانە ئەخەنەوە ، بێگوێدانە هیچ بەرژەوەندییەکی میللەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی عیراق ، بە پێچەوانەی هەڵوێست و رای ئێمەوە کەلەرووی دڵسۆزی بۆ یەکێتیی خەبات و تێکۆشانی ناوکۆیی هەردوو گەلی کوردو عەرەب و بەتەنگەوە هاتنی هێمنی و ئاسایش لەسەرانسەری عێراقداو بۆ رێبڕین لە پروپاگەندەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی ، ئەکەوینە ئەو گومانەوەو بیری کاربەدەستانی ئەخەینەوە . . .

ئەمانەی سەرەوە لەلایەک ، لەلایەکی تریشەوە هەروەک بەندەکە خۆشی ئەڵێت ، جێبەجێکردنی ئەمە کارێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتیشە . بێگومان کارێکی ئاوا ، واتە رزگارکردنی ئەو لێقەوماوانە ، هەروا ئیشێکی سادەو ئاسان نییە بەڵکو لێکۆڵینەوەو رێدانان و پرۆژەیەکی ئەوێت کە بتوانێت چارەسەری

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بکات و ، ئەم بەجێگەیاندنەی بەندی بەیاننامەکە ، بەتەواوەتی ، دەست هەژارو رەشورووتەکانی کوردستان بخات .

لێرەدا ، هەروا بەسەرپێیی ، چەند شتێک بەرچاوی کاربەدەستان و بەرچاوی خەڵکیش ئەخەین ، هەرچەندە دیراسەکردنی ئەمەو دانانی پلان بۆی زۆر لەم چەند خاڵە کورتەی پتر ئەویست ، هیوادارین کە دەرگای چوونە ناو ئەم مەسەلەیە بکاتەوەو ، مایەی رزگارکردنی ئەو بێوەژن و هەتیوو پەککەوتووانە بێت کە دواڕۆژو ژیانیان لە مەترسیدایە :

(1) شەهیدەکانی کوردستان هەروەکو ئەو کوژراوانەی لەشکری عیراق ، لەدوا شیکردنەوەدا ئەمانگەیەننە ئەو راستییەی کە وەکوو یەک بوونەتە قوربانیی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی عێراق و ، سەرنجدان و وردبوونەوە بەباشی دەریئەخات کە شەڕەکە شەڕی نێوان دوو برابووە ، بۆیە ئەبێت کاربەدەستان بەبیرێکی فراوانەوە تەماشای ئەمەبکەن و لەتای تەرازوودا بەرێکی شەهیدانی کوردستان راگرن و وەک کوژراوەکانی سوپای عیراق باری گرانی ژیان لەسەر شانی کەسوکاریان سووکبکەن لەرێی :

ا- بڕینەوەی مووچەیەکی تەقاعودی بۆ کەسوکاری شەهیدەکانی کوردستان بەتایبەتی بۆ ئەو بنەماڵانەی هیچ دەرامەتێک و سەرچاوەیەکی ژیانیان نییە .

ب- دۆزینەوەی کار بۆ کەسوکارو خێزان و منداڵی شەهیدەکان و دامەزراندنیان .

ج- دانی میقدارێکی ئەوتۆ لەو پارەیەی بۆ (تعویض ) دانراوە بە کەسوکاری شەهیدەکان .

د- بەزوویی (تعویض) بدرێ بەوانەی کەسەرەڕای کەسکوژرانیشیان باخ و خانوو بەرەیان سووتاوەو دەربەدەربوون .

ه- دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی بەسەر ماڵی جووتیارە شەهیدەکاندا .

و- لەشارەکاندا زەوی حکومەت بەخانەوادەی شەهیدەکان بدرێ و ، بەپارە یارمەتییان بدرێت بۆ دروستکردنی خانوو تیایدا یان حکومەت خۆی بە هۆی دائیرەکانی ئاوەدانی و ئیسکانەوە خانوویان بۆ دروست بکات .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

(2) بـایەخێکی زۆر بـدرێت بەهەتیـوو پەککەوتـووان ، قوتابخـانەی هەتیـوان و لانەی پەککەوتـووان بکـرێتەوە بەجـۆرێکی زۆر بـاش و فراوان و لقی ئەم دوو دەسگا خێرخوازییە لە قەزاکاندا بکرێتەوە ، هەروەهـا لەرووی پەروەردەی هەتیـوانەوە گرنگیـی پێبـدرێ و ، لەرووی کـــۆمەڵایەتییەوە هەمـــوو مـــاوەیەکی پێـــشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانیان بخرێتە بەردەست .

ئەمـانەو گەلـێ شـتی تـریش ، هەروەکـو وتمـان ، پێویـستییەکی نیشتمانی و مرۆڤایەتییەو ، دیراسەکردنێکی قووڵی ئەوێت .

دەســتپێکردن بەجێبەجێکردنــی ئەو خـاڵانەی ســەرەوە بەرە بەرە دەمی زامە قووڵەکانی ئەم هەشت ساڵەی رابردوو پڕ ئەکاتەوەو رێگای چارەسەرێکی باشمان لەبەردەمدا بەرین ئەکات .

گۆڤاری (رزگاری) ژمارە (1) ساڵی یەکەم

یەکشەممە 20 ی نیسانی 1969

# پرسیارو رەخنە

یەکێـــک لە تایبەتمەنـــدییەکانی کـــۆمەڵگەی باوکـــسالاریی، پەیوەنـدیی سـتوونی نێـوان مرۆڤـانە. مەبەسـت لەو پەیوەنـدییە بـوونی پەیوەنـدیی یەکرەهەنـدییە لە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە، واتە نەبوونی یەکسانییە لە نێوان هاووڵاتیاندا.

بەم پێـیە هەمیـشە فەرمانەکـان ، ئامۆژگارییەکـان، سـەپاندنی ئیرادە، ستەملێکردن لە گەورەوە بۆ بچووک دێـت، واتە لە پیـاوەوە بۆ ژن و، لە پیاوو ژنەوە بۆ منداڵ و،لە براوە بـۆ خوشـک و، لەبـراو خوشکی گەورەوە بۆ براو خوشکی منداڵترو...هتد دادەبەزێت .

ئەم پەیوەنـدییە سـتوونییە لە ئاســتەکانی دیــکەی کۆمەڵگــادا دەتەنێـتەوەو، تایبەتمەنـدێتییەکی هەمـوو دامەزراوە سیاســی و ئیداری و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێت.

یەکێـک لە دیاردەکـانی ئەم سیـستمەی رێکخـستنی پەیوەنـدیی کـــۆمەڵایەتی، کە رەگوریـــشەی بـــۆ نەریتەکـــانی کـــۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی دەگەڕێتەوە، بێبەشکردنی ئاسـتەکانی خـوارەوەی ســـتوونەکەیە لە مـــافی پرســـیارکردن و رەخنەگـــرتن. بە پێـــی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ریزبەندیی سەرەوە - خوارەوە، ئەم دوو مافە بۆ سەرەوە هەیەو بۆ خوارەوە نییە . ئەم مافە دوو لایەنەیە ، چونکە هەموو کەسێک لە هەڵوێستێکدا کە لە سەرەوەیە ، مافی هەیەو ، لە هەڵوێستی دووەمدا کە لە خوارەوەیە ، مافی نییە . هەموو تاکەکانیش پێکەوە لە ئاستی دامەزراوە گەورەکانی وەک حکومەت ، حزب ، سوپاو پۆلیس و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی دیکەو ، کۆمپانیا جۆراوجۆرەکاندا، هەمان بێمافیی لە چوارچێوەی ئایدیای باوو یاسادا دەیانگرێتەوە. لەبەرئەوە"راستی" لەلای سەرەوەیەو ، خوارەوە تەنها بەڵێ وملکەچبوون و سەلماندنی "راستییەکان " ی سەرەوەی لە سەرە . بۆیە یەکەم کاری بەرەنگاربوونەوەو تێکۆشان بۆ گۆڕانکاریی لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا خستنەوەی هوشیارییەکی هەمە لایەنەی فراوانە سەبارەت بەم بارودۆخە، ئەلفوبێی ئەم هوشیارییەش بە پرسیارو رەخنە دەستپێدەکات.

دەبێت پرسیارو رەخنە ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە کەسایەتیی مرۆکاندا، بە تایبەتی منداڵان و گەنجان و ژنان و هەر کەسێکی دیکە کە نەریتە کۆمەڵایەتییەکە لە دەستەی خوارەوەدا ریزیان دەکات. هەروەها دەبێت رەخنەگرتن چەکی بەرهەڵستی بێت وسەرجەمی کۆمەڵانی خەڵکی بەو گیانە پەروەردە بکرێن کە سەرنجی رەخنەگرانەیان هەبێت، خۆشباوەڕنەبن، بەبێ ئارەزووی خۆیان ، بۆهیچ رێساو یاساو فەرمان وبانگەوازو بانگاشەیەکی راگەیاندن و...هتد سەردانەنوێنن.

ئەم ئەرکە ، ئەرکی هاندانی پرسیارو رەخنەگرتن ، بەشێکی گرنگی پەیامی پێنووسەران و ئەدیبان و رۆژنامەنووسانی هوشیارو بە هەڵوێستە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# پەیامی نووسەرو پرسیاری : دەبێ چی بکەین ؟

نووسەرو پەیام هەمیشە ئاوێتەن و بە جیا جیا هیچ مانایەک نابەخشن . نووسەری بێ پەیام و پەیامێکیش نووسەری نەبێت نەبوونەو ، نەبوونیش هیچی لێ سەوز نابێت . ئەو نووسەرانەی جێدەستیان لەسەر مێژووی پێشکەوتنی ململانێی نێوان مرۆڤ لە لایەک و ، سروشت و کۆمەڵ و ئایدیا لە لایەکی دیکەوە هەبووەو هەیە ، ئەوانەن کە پەیامێکیان بۆ خۆیان داناوەو تەمەنیان بۆ بەدیهێنانی ئەو پەیامە تەرخان کردووە ؛ ئەو پەیامانەشی ئاڕاستەی گۆڕانکارییان کردووەو ، ژیاری مرۆڤیان لە سەرانسەری مێژووداو ، لە چەند ناوچەی جیا جیای ئەم جیهانەدا پێکهێناوە ، ئەو پەیامانەن کە نووسەران و رابەران و هەڵسووڕاوانی خاوەن بەهای گۆڕانکاریی و کاری نەپساوەو هوشیارییان هەبووە .

لەبەر ئەوە یەکەم مەرج بۆ نووسەر ، پەیامێکی دیاریکراوەو ، پەیام هەمیشە ناسنامەی نووسەر دەستنیشان دەکات .

پەیامی کاریگەر ، پەیامێکە لە هوشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت و کاری گۆڕانکاریی لە پێش خۆی دادەنێت . واتە هوشیاریی و گۆڕانکاریی دوو مەرجی پەیامن و ، پەیامێک خزمەتی مرۆڤ بکات دەبێت ئەو مەرجانەی تێدا بێت .

پەیامی هوشیارو ئامانجی گۆڕانکاریی بەرەو پێشەوە ، وەڵامدانەوەیە بە پێداویستییەکانی گۆڕانکاریی هەمە لایەنە لە ژیانی مرۆڤدا . وردەکارییەکانی پەیامی نووسەریش ، وەڵامە بێکۆتاییەکان و ئەو چارەسەرکردنانەیە ، کە لە نێو وەڵامەکاندا جێوڕێیان بۆ دادەنێت .

بۆ ئەوەی نووسەروەڵامەکانی دروست بن و لە رەوتی چارەسەرکردنی کێشەکانی سروشت و مێژوو و فیکردا بەردی بناغەی گۆڕانکارییەکی دروست و گونجاو دابمەزرێنێ ، پێویستە سەرچاوەی وەڵامەکانی روون و دیاریکراو بن و تەمومژیان بەسەرەوە نەبێت . دەبێت نووسەر لە هەر بوارێکدا پێنووسەکەی بەگەڕخست ، لەم پرسیارە مێژووییەوە دەست پێبکات ، پرسیاری : دەبێ چی بکەین ؟

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەم پرسیارە چەند تایبەتمەندییەک لە خۆی دەگرێت ، چ لە پێش پرسیارەکەداو چ دوای ئاڕاستەکردنی پرسیارەکە . بەر لە پرسیارەکە لە نووسەر دەخوازێت زانیاری تەواوی لەسەر ئەو واقیعە هەبێت کە بە نیازە پێنووسیان بۆ بەکار بهێنێت ، سەرنج و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون وتۆژینەوەی تەواوی لەبەردەستدا بێت ، تا کە پرسیاری ( دەبێ چی بکەین ؟ ) ی کرد سەرچاوەیەکی زۆرو فراوانی بۆ چارەسەرکردنەکان هەبێت .

تایبەتمەندیی دوای پرسیاریش ئەوەیە کە پەیامی گۆڕانکاریی دەخاتە روو ، گۆڕانکاریی دەکاتە مەبەست و لە ئاستی لێکدانەوە ( تفسیر ) دا گیر ناخوات .

لێکدانەوەو گۆڕانکاریی دوو ئاستی جیاوازن ، لێکدانەوە ئاستی یەکەم و خوارەوەو گۆڕانکاریی ئاستی دووەم و سەرەوەیە . ئەم دوو ئاستە پەیوەندیی دیالێکتیکی بەیەکەوە گرێیان دەدات و دەبێت ئاستی یەکەم بە ئاستی دووەم تەواو بکرێت ، ئەگینا لێکدانەوەکان سوودیان نابێت و مەبەستیی گۆڕانکاریی لە خۆیان ناگرن . ئاستی دووەمیش بەبێ لێکدانەوە رێ هەڵە دەکات و ناتوانێت جۆری چارەسەریی دروست بدۆزێتەوەو پراکتیکی گۆڕانکارییەکان بکات .

لێرەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی کە نووسین و لێکدانەوەو بیروبۆچوونەکان وتۆژینەوەو . . . هتد ، تەنهاو تەنها بە پراکتیک و گۆڕانکاریی دەکەوێتە خزمەتی مرۆڤەوەو ، هەر دوو قۆناغەکەش ( لێکدانەوەو گۆڕانکاریی ) وەڵامن و ، سەرچاوەکەی بۆ پرسیاری ( دەبێ چی بکەین ؟ ) دەگەڕێتەوە .

لەبەر تیشکی ئەو واقیعەدا ،دەبێت پرسیاری ( دەبێ چی بکەین ؟ ) لەبەر دەمی گشت پرسیارەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا دابنێین و ، ئەوە بکەینە بنەما بۆ وەڵامدانەوەکانمان . دەبێت پرسیارەکە ئاڕاستەی رەهەندە جوگرافی و سیاسییەکان و ، بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە جیا جیاکان بکەین . ئەو رەهەندانەش بۆ کۆمەڵێک خاڵی تر وردبکرێنەوە تا هەموو پرسیارەکان بگرێتەوە . پرسیارەکانیش لەبەر تیشکی ناسینی واقیعی ئەم رەهەندانە ، یەک یەک و لە پەیوەندییاندا لەگەڵ یەکتری ، داڕێژرێن :

1 -رەهەندێکی جیهانی و ، واقیعی ئەو بارودۆخەی سیستمی سەرمایەداریی لە سایەی جیهانگیریدا خولقاندوویەتی ، بە تایبەتی سیاسەتی دەوڵەتساڵاریی یەک جەمسەریی و داگیرکاریی ئیمپریالیستی لەم سەدە نوێیەدا لەلایەک و ، سەرلەنوێ بووژانەوەو پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاران لە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

باكووری جیهان و چرۆکردنەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە باشوور ( ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین ) لەلایەکی دیکەوە .

2 - ڕەهەندێکی ناوچەیی ، بە تایبەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتی و میکانیزمی ئیدارەی ململانێ خوێناوییەکان لە عێراق و لوبنان و فەلەستیندا .

3 - ڕەهەندی عێراقی و شەڕی تایەفەگەریی سوننە و شیعە و ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ململانێ خوێناوییەکان و تەشەنەکردنی لە ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو کوردستان و باشووری عێراق .

4- ڕەهەندی کوردستانیی و ئایندەی باشووری کوردستان و چارەنووسێکی نادیار لە نێو فەزایەک دوژمنکارانەدا کە لە هەموو لایەکەوە ئابڵووقەی کوردستانیان داوە .

ڕەهەندێکی سەرەکیی دیکە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکە بە پەیوەند لەگەڵ ئەو ڕەهەندانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد . واتە وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی لە ڕووی گوزەرانیانەوە ، لە ڕووی بژێوی و سەرپەناو پۆشین و ، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک کارو ئاستی داهاتێکی گونجاو بۆ ژیان و ، خوێندن وتەندروستی و کارەباو ئاوو ئاوەڕۆو سووتەمەنی و ڕێگاوبان و . . . هتد .

ئەم ڕەهەندانە ، ئەم خاڵە وردانەی کە دەتوانرێت هەر یەکەیان بۆ چەندین خاڵی وردتر شیبکرێنەوە ، گەلە پرسیار هەڵدەگرن و ئەرکی پێنووسە مولتەزیمەکانە ئەم پرسیارانە بەردەوام بووروژێنن .

## بزووتنەوەی وەرزش لە کوردستاندا

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

سەرنجدانێکی گشتیی بزووتنەوەی وەرزش لە عێراقداو بەتایبەتیش لە کوردستانداو ، بەراوردکردنی ئاستی بزووتنەوەکە لەگەڵ بزووتنەوەی وەرزش لە وڵاتەکانی تری گێتیدا ، ئەو راستییەمان دەخاتە بەرچاو کە ولاتەکەمان پتر لە چەند هەنگاوێک لەم کایەیەدا لە دواوەیە .
بێگومان دواکەوتنی هەر وڵاتێک ، جا لەهەر کایەیەکدا بێت ، نیشانەی بوونی تەنگ و چەڵەمەو هۆی کاریگەری ئەوتۆیە لەناو ئەو وڵاتەدا ، کە کەم و زۆر کار دەکاتە سەر رادەی پێشکەوتن یان دواکەوتنی لەو کایەیانەدا .
ئەم راستییە کت و مت بەسەر عێراقدا دەچەسپێ کە تا باری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە شڵەقان و ئاڵۆزاندا بوو بێت ، بزووتنەوەی وەرزش وەک هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک لە شوێنی خۆیدا تەپەی هاتووەو بگرە بەرەو دواوەشەوە گەڕاوەتەوە . یارییەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو و تا ئێستاش لە نێوانی عیراق و وڵاتەکانی ترداو ، دۆڕاندنی عێراق لە زۆربەی زۆری ئەو یارییانەدا ، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی تا ئێستا لە عێراقدا تیپێکی وەرزشی وەها نییە کە بتوانێ لە ئاست و ریزی تیپە عالەمییەکاندا بێت . هەروەها هیچ کەسێکی وا لە عێراقدا نابینین کە لە یارییە عالەمییەکاندا پاڵەوانێتییەکی نواندبێ و کاسی پاڵەوانێتی لە یارییەکدا وەرگرتبێ .
ئەگەر سەرنجەکەمان لەسەر کوردستان کۆبکەینەوە ئەوا جیاوازییەکی تەواو دەبینین لە نێوان بزووتنەوەی وەرزش لە شارەکانی کوردستان و شارەکانی تری عێراقدا . دیارە ئەمەش لەسەرێکەوە بۆ نەبوونی هێمنی و ئاسایش لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە و ، لەسەرێکی ترەوە بۆ گرنگی پێنەدانی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان - کە وەرزش بەشێکێتی - لەلایەن ئەو کاربەدەستانەی حوکمی عێراقیان بەدەستەوە بووە ، وەک بەشێک لە سیاسەتە چەوتەکانیان بەرامبەر گەلی کوردو ئامانجەکانی .
هەرچەندە گەلێک جار مەسئولییەتی دواکەوتنی بزووتنەوەی وەرزش لە کوردستاندا دەخرێتە سەر ئەم و ئەو ، یان دەخرێتە سەر هەندێ هۆی بێجێ وەک باران بارین و باشنەبوونی ئاووهەواو گەلێ بیانووی لەم بابەتە ، بەڵام ئەوەی راستییە ئەوەیە کە ئەو هەموو گیروگرفتانەی وەک کۆسپ باس دەکرێن هیچ رێگەیەک لەم بزووتنەوەیە ناگرن و هەموویان چارەسەریان هەیەو ، ئیمڕۆ زۆرترینی ئەو چارەسەرکردنانە لەو وڵاتانەدا دەبینرێن کە لەم رووەوە پێشکەوتوون و ، ئەگەر بە لاساییکردنەوەش بێت دەتوانین سوودیان لێوەربگرین .
ئیمڕۆ گرنگیدان بە لاوان لە هەموو وڵاتانی گێتیداو ، بایەخدان بەپەروەردەی لەش - کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پەروەردەیەکی تەواو - لە ئەرکەکانی ئەستۆی ئەو دەزگایانەدایە کە بۆ ئەم

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

مەبەستە هێنراونەتە کایەوە ، بۆیە ئەرکی سەرشانی ئێمەو ئەو دەزگایانەشە کە لە کوردستاندا بە وەرزشەوە خەریکن ، قۆڵی کۆشش و هەوڵدانی لێهەڵماڵن بۆ گەشەپێکردن و ژیاندنەوەی ئەم گیانە لە ریزی رۆڵەکانی کوردستاندا .
گۆڤاری ( رزگاری ) یش * کە ئەرکی خەباتێکی مەزنی لەهەموو کایەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا خستۆتە ئەستۆی خۆی ، بەڵێن دەدا وەک هۆیەکی کاریگەر لەم مەیدانەدا دەوری ئیجابی خۆی ببینێ و لەسەر لاپەڕەکانی ، ئەو گیروگرفتانەی رووبەڕووی وەرزش دەبنەوە ، بخاتە روو و چارەسەرەکانیشی دەستنیشان بکات و ، لەسەر ئەم رێبازەو بەنیازی پێشخستنی وەرزش دەرگا بۆ هەموو نووسەرێکی وەرزشەوان بخاتە سەر پشت .
ئەم وتارەم ( وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەران ) بە ناوی گۆڤاری ( رزگاری) یەوە بڵاوکردەوە
گۆڤاری ( رزگاری ) ژمارە ( 2 ) 27 ی نیسانی 1969

# پاراستنی سامانی شینایی لە کوردستاندا

لادێکانی کوردستان سەرباری هەموو دواکەوتنێکیان ، سەرباری نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەژاری ، سەرەڕای بوونی چەوساندنەوەی بێئەندازەی ئاغاو خاوەن موڵکە گەورەکان بەسەر جووتیارانی هەژارەوەو ، جگە لەو بارە ئاڵۆزاوو گیروگرفتە زۆروزەبەندانەی مەسەلەی زەوی وزار ، لەگەڵێک رووی ترەوە بایەخیان پێنەدراوە .
لەو چەند ساڵەدا کە زۆربەی ناوچە جووتیارییەکانی کوردستان مەیدانی کارەساتە توندوتیژە خوێناوییەکان بوون ، باری کۆمەڵایەتی لادێ و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک لە تێکچوون و هاتنەخوارەوەدا بوو ، سەبارەت بەوەی ئەم کارەساتانە رێگری بیرکردنەوە بوون لەو لایەنانەی کە ئیمڕۆ پێویستییان بە بیرکردنەوەو چارەسەرکردن و بەتەنگەوەهاتن هەیە .
چارەسەرنەکردنی ئەو جۆرە گیروگرفت و رووانەی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی و باری لادێکان لەو کاتەدا ، تا رادەیەک رێگای پۆزش بۆ هێنانەوەی هەیە و هۆیەکانی بەجێن ، بەڵام مانەوەی ئەو بارە هەر بەو شێوەیەی ئێستا بەهەر بیانوویەکەوە بێت راست نییەو شوێنی خۆی ناگرێت سەبارەت بەوەی زۆر لەو ناوچانە بوارێکی فراوانیان هەیە تا دەستی ئاوەدانی و

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

خزمەتگوزارییان بۆ رابكێشرێت و مستەوای ژیانی خەڵكەكەی بەرزبكرێتەوەو بەرژەوەندی جووتیاران زامن بكرێت و ئەو ناوچانە لە هەموو كایەیەكدا پێشبخرێن .
هەر كەسێك لە كوردستان ژیابێت ، یان هەر لە دووریشەوە جوگرافیای كوردستان شارەزابێت ، ئەو راستییە دەزانێت كە سەرانسەری كوردستان شینایییە ، دارو دەوەن و چڕەداری بەردارو بێبەرە ، هەمەجۆر كشتوكاڵی تێدابووەو ، بەشێكی هەرە گەورەو بایەخداری ئەم سامانە دارو درەخت بووە .ئەم درەختانە ، ئەوەی سوودی لێوەرگیرابێ ، خەڵكی بەتەنگییەوە هاتووە ، لەرووی ئابوورییەوە كەڵكیان لێوەرگرتووە ، چاندنی زیادكراوەو خەڵكی لەبەرهەمەكانی خواردووە . دارەكانی تریش كە بێبەر بوون لەگەڵ دەوەن و شتی كەدا بۆ سووتەمەنی و گەلێك پێویستیی كەڵكی لێوەرگیراوە .
ئەو كاتانەی هێشتا رێگاوبان نەچووبووە لادێكانی كوردستانەوە ، بۆ پڕكردنەوەی پێویستیی ناوماڵ ، هەر لە داڕەڕای خانووەوە تا سەر هەندێ كەل وپەلی ناوماڵ و خۆگەرمكردنەوە لەكاتی سەرماو سۆڵەی زستاندا، خەڵكی لە داروەرەختی ئەو كەژو كێوەی بردووەو ویستەمەنییەكانی خۆی پێ جێبەجێ كردووە .
كاتێك كە رێگاوبان نەبووەو ، شارستانێتی بە هیچ جۆرێك دەستی بۆ ناو جەرگەی ناوچە جووتیارییەكان نەكێشابوو ، خەڵكی هۆیەكی وایان نەبووە كەلەجیاتی ئەوە بەكاریبهێنن ، بۆیە ناچاربوون لە سامانی شینایی چیاو كەژو هەردەكان كەڵك وەرگرن . بەڵام پاش ئەوەی رێگاوبان چووە لادێ و چیا چڕەكان و ، بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە دەتوانرا بە ئاسانی هاتوچۆی بۆ بكرێ ، داربڕین لەوە دەرچوو كە خەڵكی دێهاتەكان وەك جاران تەنها بۆ خۆیانی ببرن و چەند سەد بارێكیشی بە وڵاخ بۆ شارەكان بنێرن ، بەڵكو خەڵكی بە ئۆتۆمبیل كەوتە كێشكردنی بۆ شارەكان ، تەنانەت هەندێ كەس فرۆشتنی داریان كردە پیشەو ، بە چەندایەتییەكی ئێجگار زۆر بۆ شارەكانیان دەبرد . ئەمە لەجیاتی ئەوەی چوونی ئۆتۆمبیل بۆ لادێ شارستانێتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و ، لەم رووەوە چۆنایەتییەكی تری سووتەمەنی – لەجیاتی دار – بۆ خەڵكی لادێكان بەرێت تا لە بری داربڕین و رووتەنكردنی كەژو گردو دۆڵەكان سووتەمەنی نوێ بەكاربهێنن كە باشترو بەكەڵكتر بێت چ بۆ خۆیان و چ بە نیسبەت پاراستنی سامانی شینایی لە لادێدا .
دیارە ئەمەی باسمان كرد یەكێكە لە رواڵەتەكانی سیاسەتی چەوتی حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق كە دەربەستی پێشكەوتنی كۆمەڵی كوردەواری نەهاتوون و بەتەنگ كوردستانەوە نەبوون و ، لە هیچ كایەیەكدا بەرژەوەندی كۆمەلانی خەڵكی چەوساوەی كوردستانیان مەبەست نەبووە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئیمڕۆ لە زۆر ناوچەی کوردستاندا کەژو گردو دەشتەکان لە ئەنجامی داربڕین بەڕووتەنی دەبینرێ ؛ ئەو شوێنانەش کە کەمێک دارو دەوەنی پێوە ماوە مەترسی بڕین و نەمانیان لەسەرەو ، لە ماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا وایلێدێت ئەوەندەی پێوەنەمێنێ کە بەشی پێویستیی خەڵکی دێهاتەکان خۆشیان بکات ؛ بۆیە ئەگەر باری ژیانی خەڵکی لە لادێدا هەر لەم بارەدا رابوەستێ و هیچ پێشکەوتنێکی بەسەردا نەیەت ، تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە دەبن . لەبەر ئەوە پاراستنی سامانی شینایی لە کوردستانداو چاندنی زۆرو رواندنی دارو بایەخدان پێی ئەرکێکی گرنگەو لەسەر شانی هەموو یەکێکە .
خەڵکی دێهاتەکان - هەرچەندە هۆیەکی تریان نییە بۆ پرکردنەوەی ویستەمەنییەکانیان کە جێگەی دار بگرێتەوە - پێویستە بیر لە پاشەڕۆژی ئەو دارانە بکەنەوە ، لە کاتی بڕینی داردا دەستیان لە بڕینی داری تەڕ بپارێزن ، ئەوەندەی دەتوانن و ماوە هەیە ، بەتایبەتی ئەو دێهاتانەی لەسەر رێگاوبانی ئۆتۆمبێلن ، بۆ سووتەمەنی نەوت بەکاربهێنن ، بەهەمیشەییش خەریکی رواندنی دار بن ( بەردارو بێبەر ) بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نیسبیش بێت جێگەی هەندێک لە دارو درەختە بڕدراوەکان بگرێتەوە .
بەنیسبەت کاربەدەستانی حکومەتیشەوە ، بۆ دانانی سنوورێک بۆ داربڕین و رووتەنکردنی دەشت و دەر ، بۆ بەتەنگەوەهاتنی سامانی شینایی ، پێویستە ئەمکارانە بکەن :
1 - دەسەڵاتی تەواو بە ( دائیرەی غابات ) بدرێت کە یاساکانی پاراستنی غابات بە باشی جێبەجێ بکات و ، پشتگیری ئەو ئیجرائاتانەی بکرێت کە بۆ پاراستنی دارو دەوەن لە بڕین وەریدەگرێ .
2 - هێنانی دار لە دێکانەوە بۆ شارەکان قەدەغە بکرێت ، جگە لە هەندێ باری تایبەتی وەک هێنانی داری داڕەڕاو و نیسبەتێکی دیاریکراو بۆ کاری دارتاشەکان
3 - رێگە بە خەڵکی لادێ بدرێت کە بێ هیچ کۆت و پێوەندێک نەوت لە شارەکانەوە بەرنە دەرەوەو ، چەند مەرکەزێکی نەوت فرۆشتنی حکومی یان ئەهلی لە دێهاتەکاندا دابنرێت .
4 - چاو بە یاساکانی پاراستنی غاباتدا بخشێنرێتەوە و ، سوود لە یاسای وڵاتە پێشکەوتووەکان وەربگیرێت ، بۆ دانانی یاسایەکی نوێ کە گەشەکردنی غابات مسۆگەر بکات .
ئا بەم شێوەیە دەتوانین سامانی شینایی بپارێزین و وڵاتەکەمان کەڵکی لێوەگرێت چ لەڕووی جوانی دیمەنییەوە و چ لەڕووی ئابوورییەوە .
هەڵگرتنی ئەم ئەرکەو ، جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە ، بانگەوازێکە ، بە پیرەوە چوونی بە قازانج و فەڕ بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کوردستان بەگشتی و ، بۆ ئابووریی نیشتمانی بەتایبەتی دەگەڕێتەوە .

گۆڤاری ( رزگاری ) ژمارە ( 12 ) 7 ی شوباتی 1970

تێبینی
ئەم وتارە تایبەتە بەو سەردەمەی تێیدا نوسراوە ، بۆیە لێرەدا دەستکارییەکی زۆرم کردووە تا لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستادا بگونجێ و خوێنەران سوودی لێوەرگرن ، ئەوەندەی وتارەکە سوودی هەڵگرتبێ ، بەتایبەتی هێشتا دوای سیی وحەوت ساڵ لە نووسینی ئەو گیروگرفتە لە کوردستاندا هەر ماوە . ( نووسەر )

# ( گەنج ) و ( پیر ) لێکدانەوەی ئایدیالیستانەیان بۆ دەکرێت !

ئەگەرچی منیش چەمکی ( گەنج ) و ( پیر ) بەشێوە باوەکەی بەکاردەهێنم و ، وەک دوو چەمکی ئەبستراکت ( مجرد ) لە نووسینەکانمدا دێن ، بەڵام دیدو بۆچوونم بۆ ئەو دوو چەمکە ، لەو شێوە بەکارهێنانە باوە جیاوازە کەلەئاستی فیکرو سیاسەتدا ، بە مەبەست یان بێمەبەست ئەم لایەن و ئەو لایەن ، ئەم حزب و ئەو حزب ، ئەم نووسەر و ئەو ئەدیب بەکاریان دەهێنن و دەیانەوێت گەنجەکانیش ئەمەیان لەلا بچەسپێت و چوارچێوەیەکی رازاوە بە دەوری خۆیاندا بکێشن . ئەم لێکدانەوە ئایدیالیستییە کە ( گەنج ) و ( پیر ) بەڕاوەستاوی دەبینێت ، پشت بە ڕێگەی کات ( زمن ) دەبەستێت وەک ئەوەی کە دەروونناسەکان پۆلینی تەمەنیان کردووە بەچەند قۆناغێکەوەو ، لەڕێی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەکانیانەوە خەسڵەتی هەر قۆناغەو پێداویستییەکانی مرۆڤیان لەو قۆناغەدا دیاریکردووە .
بێگومان سوودوەرگرتن لەو ئەنجامانەی ئەم زانستە ( دەروونناسی ) پێیگەیشتووە کارێکی زۆر پێویستە بۆ مامەڵەکردنی مرۆڤەکان بەپێی تەمەن و ئەو قۆناغەی تێیدەپەڕێنن . دەبێت کۆمەڵگەی تەندروست بۆ یارمەتیدانی هەر تاکەکەسێکی کۆمەڵ ، لەو دەستکەوتە زانستیانە بەهرەمەند بێت ؛ لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چەند رەهەندێکی ئەم دوو چەمکە لەبەرچاو بگیرێت و گەنجەکانیش لە واقیعیبوونی ئەم رەهەندانە تێبگەیەنرێن ، تا چەواشە نەبن و وەک قەوارەیەکی جیاواز لە کۆمەڵدا و دوور لە واقیع بۆ خۆیان نەڕوانن ، بۆ ئەوەی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بانگەشەی هەر لایەنێک یان هەر حزبێک یان نووسینی هەر نووسەرێکی ناوبانگخواز نەتوانێت فریویان بدات و بەلاڕێدا مەڕ ئاسا پێشخۆیانیان بدەن.
لێرەدا ئاماژە بە سێ رەهەند دەکەم و سەرنجی گەنجانی بۆ رادەکێشم :
1 ) گەنج چەمکێکی ئەبستراکت نییە . راستە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤە ، بەڵام لەم قۆناغەدا ( گەنج ) بەدەر لە ئینتیمای چینایەتی نییە . واتە هەمیشە ( گەنج ) کائینێکی چینایەتییەو ناسنامەیەکی چینایەتی دیاریکراوی هەیە . هیچ گەنجێک لەدەرەوەی چینەکان یان لە سەرووی چینەکانەوە نییە .
مرۆڤ لەهەر تەمەنێکدا بێت ، جا ئیتر چەمکی ( گەنج ) یان ( پیر ) بیگرێتەوە ، بەپێی شوێن و جێوڕێی لە سیستمی بەرهەمهێناندا، ئەندامی یەکێک لە چینەکانی کۆمەڵگە دەبێت ، لەبەر ئەوە هەر ( گەنج ) ێک یان هەر ( پیر ) ێک سەر بە چینێکی دیاریکراوە وەک چینەکانی : ( کرێکاران ، جووتیاران ، وردەبۆرژوازی ، بۆرژوازی ، دەرەبەگ ... هتد).
لەڕاستیدا هەندێ خولیاو کێشەی تایبەتی هەیە پەیوەندی بە قۆناغی گەنجێتییەوە هەیە و لەنێو گەنجاندا ناوکۆییە ، بەڵام بەرژەوەندی و شێوازی ژیانی گەنجێکی کرێکار و گەنجێکی جووتیارو گەنجێکی رۆشنبیری وردەبۆرژوازی و گەنجێکی بۆرژوازیی سەرمایەدار لە یەکتری جیاوازن و ناتوانرێت یەک سیفەت و رەهەندی ئەبستراکتیان وەک چەمکی ( گەنج ) ی بێ سەروسیمای چینایەتی پێبدرێ . ئەم راستییە بۆ چەمکی مرۆڤە ( پیر ) ەکانیش هەر بەو جۆرەیە .
2 ) هەر لەسەرەتای پەیدابوونی فیکرەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و ، بەدرێژایی چەند هەزار ساڵ ململانێی فەلسەفی لەم مێژووەدا ، هەمیشە ململانێ لە نێوان فیکری نوێ و فیکری کۆندا هەبووە ، بەڵام هەرگیز فیکری مرۆڤ بەسەر ئایدیای ( گەنج ) و ئایدیای ( پیر ) دا دابەش نەبووە . ئایدیایەکی تایبەتی نەبووە تەنها بۆ ( گەنج ) بێت و ئایدیایەکی دیکەش تەنها بۆ ( پیر ) بێت . لەسەرێکی دیکەوە گەنجێتی و پیرێتی فیکریش بە حسابی ( گەنج ) ی و ( پیر ) ی خاوەن و پێرەوانی نەبووە . گەنجێتی فیکر لە زیندوومانەوەی و کارابوونی و وەڵامدانەوەی بە کێشەکانی سەردەمەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە ، پیرێتیشی لەوەدا خۆینواندووە کە بە پێچەوانەی رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی مێژووەوە بووبێت و تەعبیری لە داواو خواستەکانی چینە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵ کردبێت . لەمێژووی بەشەرییەتدا زۆر فیکرو ئایدیا هەبوون کە ئیمڕۆش هێشتا هەر گەنجن ، لە ئیمڕۆشدا ، لەم سەردەمەی زانست و تەکنۆلۆژیایەدا ، زۆر ئایدیاو تیۆری تازەکوورەش هەن بۆگەنیان لێدێت و تەعبیر لە چینە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵ دەکەن و دژ بە رەوتی ئاسایی مێژوو

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

رادەوەستن و لە کەنار سیستمی گەندەڵی سەرمایەداریدا سەنگەریان لێداوە . ئەم ئایدیا گەنجانەیە وەک تەمەن ، پیر وەک فیکرو ئاڕاستەو بۆچوون ، نموونەیان لە ئاستی ناوەوەو دەرەوە ، یان بڵێین لە ئاستی جیهانی و نێوخۆییدا هەیە . دەبێت گەنجان لەبەر تیشکی ئەم راستییەدا بەباشی لە ئایدیاکان بکۆڵنەوەو تێیانبگەن و بە پێی پێوەرە پێشکەوتووەکان حوکمی گەنجێتی و پیرییان بەسەردا بدەن نەک بەپێی تەمەنی خاوەن و نووسەرەکانیان.
3 ) رەهەندی سێیەم پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە . ئەمڕۆ لەسەروبەندی باڵادەستیی سیستمی جیهانیی سەرمایەی جیهانگیرداو لە ئاکامی هەرەسی دەوڵەتە سۆسیال بۆرژواکانی بلۆکی رۆژهەڵات و نائومێدییەکی جیهانی و خۆماڵیی سەبارەت بە کاری سیاسی و حزبی ، ماشێنەکانی کاولکاریی فیکری بە پاڵپشتی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەسگاکانی سەرمایەداری کەوتوونەتەگەڕ . یەکێک لەو توێژە فراوانەی کاریگەرێتییان لەسەر دواڕۆژی جیهان هەیە گەنجانن کە بەچڕوپڕی ئەم سیاسەتی کاولکردنە فیکرییەیان ئاڕاستە دەکرێت . میرزاکانی فیکری بۆرژوازی لەڕێی نووسینەکانیانەوە و ، بەسوودوەرگرتن لە هۆیەکانی گەیاندنی هاوچەرخ و ئەو شۆڕشە زانیارییەی جیهانی گرتۆتەوە بەتایبەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەیانەوێت گەنجان لە فیکرو سیاسەت دووربخەنەوە . ئەم ماشێنە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لەکاردایەو لەهەر شوێنە بە پێی بارودۆخی ئەو شوێنە ژەهرەکانی خۆیان دەڕێژن و گەنجان دەکەنە قوربانیی سیاسەتەکانیان .
لەڕاستیدا سیاسەتی ئاڕاستەکردنی گەنجان بۆ هەڵوێستی هیچگەرایی و گاڵتەهاتن بە هەموو نەرێتە باشەکان و رکلێبوونەوەی نیشتمان و گەل و ژیانی نێو کۆمەڵگەکەیان و ، هەڵوێستی سەلبی لە کاری سیاسی و حزبی و ، دەربەستنەبوونی چارەنووسی نەتەوەو ململانێ چینایەتییەکان لە ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا ، هەوڵێکە بۆ شێواندنی کەسایەتیی گەنجان و سەپاندنی پیربوونێکی دەمودەستە بەسەریاندا .
ئەو قەڵەمانەی بریکاری سەقافەتی لیبراڵی سەرمایەدارین ، بەو ئاڕاستەکردنانەیان ، وزەیەکی گەرمی لەبننەهاتووی کۆمەڵ ساردەکەنەوەو مەیدانی خەبات و کاری ئیجابی و هەرچی نەرێتی باشە لە گەنجان زەوتدەکەن و خوێنی گەرمی جەستەو فیکری زیندووی روو لە گەشەکردنیان ژەهراوی دەکەن و بەمەش جەزرەبەیەکی کاریگەر لە ژیانیان دەدەن و هەر بە گەنجێتی دەیانمرێنن .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# گەنجان و نائومێدیی

گەنجان ئەو گەنجینە هەمیشەییەن کە بەردەوامیی بە ژیانی کۆمەڵ دەبەخشن . کۆمەڵگاکان ، نەوە لەدوای نەوە ، ئەرکی گشت لایەنەکانی ژیانیان لە ئەستۆی گەنجەکانیان دادەنێن . ئەمە واقیعێکی ژیانی مرۆڤە لە سەرانسەری جیهاندا . زیندوویەتی و کارایی کۆمەڵگاکان بە زیندوویی و کارایی گەنجانەوە بەستراوەتەوە ، بۆیە بەتەنگەوەهاتنی پرسی گەنجان ، وەک یەکێک لە پڕبایەخترین پرسەکانی کۆمەڵگا ، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر چالاکی و هەڵسووڕانی ماندوونەناسانەی گەنجان هەیە . بڕوای گەنجان بە ڕۆڵی ئەکتیڤانەی خۆیان و ئاڕاستەکردنی دروستی تواناکانیان ، دوو لایەنن هاوکێشەیەک پێکدەهێنن کە هەر یەکەیان ئەویدیکەیان تەواو دەکات و ، هەردوو لایەنیش کۆمەڵ لێیان بەرپرسیارە .
ئەو کاتە گەنجان بڕوایان بە خۆیان دەبێت و دەتوانن تەواوی تواناکانیان بخەنەگەڕو ڕۆڵی ئەکتیڤانەی خۆیان ببینن ، کە گەورە ئەزمووندارەکان بەتەنگیانەوە بێن و گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن ، ژیانێکی ئاسوودەو سەربەرزو مرۆڤانەیان بۆ بڕەخسێنن ؛ لەسەرێکی دیکەشەوە ، ئاڕاستەیەکی دروستی دوور لە خۆشخەیاڵیی بکرێن و واقیعیان وەکو خۆی پێبناسێنن ، ڕاستگۆیانە ئەرکەکانیان بەرامبەر واقیعەکەو ڕۆڵیان لە گۆڕانکاری و یەکبینەیی ژیانی کۆمەڵگا دیاریبکەن . بەهیچ کلۆجێک پەنا بۆ فریودان و چاوبەستکردنیان نەبەن و ، بۆ مەبەستی تایبەتیی ( خێڵ و عەشرەت و حزب و حکومەت و ...هتد ) بەکاریاننەهێنن .
گەنجان ئەو خوێنە گەشەن کە پێویستە لەهیچ بارودۆخێکدا گەمە بە هەست و سۆزەکانیان نەکرێت و ئەو خوێنە گەرمەیان لە پیسبوون و ساردبوونەوە بپارێزرێت . نابێت دیماگۆگیانە مامەڵەیان

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لەگەڵدا بکرێت و بە خراپی سوود لە کەم ئەزموونییان وەربگیرێت .

حزبەکان ، رێکخراوەکان ، لیستەکانی هەڵبژاردن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەر پەرلەمان و ئەنجوومەنێکی دیکەدا ، دەبێت بەرنامەی واقیعی و گونجاویان بۆ ئەم توێژە فراوانەی کۆمەڵ هەبێت ، بەرنامەیەک کە لە توانادابێت بە ئیمکانییەتی ئەو کاتەی کۆمەڵگا بەدیبهێنرێت .

بەگشتی گەنجان بە قۆناغێکی ناسکی تەمەنیاندا تێدەپەڕن . لەم تەمەنەدا ، لەنێوان یاخیبوون و رێزی گەورەکان و کەس و بابەتە کاریزمییەکاندا ، هەمیشە ئەوپەڕی راست یان چەپ دەگرن و بەدەگمەن هەڵوێستێکی میانەڕەویان دەبێت ، بۆیە کەشی دەروونییان ئامادەیە بۆ کارتێکردن و دەتوانرێت بۆ ئەجندە تایبەتییەکان ئیستیغلال بکرێن و لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی حزب و حکومەت و خێڵ و خزمایەتی و ...هتددا ( توهم ) یان پێبدرێت ، یان سنووری ماف و ئەرکیان لە چەند خاڵێکدا تەنگ بکرێتەوەو ، ئەرکە بەرفراوانە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان لێبشاردرێتەوە ، یان لانی کەم ئەو ئەرکانەیان لەلا سووک و کەمبایەخ بکرێت .

ماف و ئەرکی گەنجان لە کۆمەڵدا مەودایەکی فراوانی هەیە و لەچەند داوایەکی کورتبینانەدا کۆتایینایەت ، چونکە بەهرەداربوونیان لە مافەکانیان و رێگای گونجاو بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان ، بە باری گشتی کۆمەڵگاوە بەستراونەتەوە ؛ ئەگەر ئەو دوولایەنە بە یەکگرتوویی نەبینن و لەبەر تیشکی ئەو واقیعەدا هەڵسوکەوت نەکەن ، ئەوا زوو یان درەنگ لەبەردەم گرفتە گەورەکان و ئەو تەنگوچەڵەمانەی دێنە سەرەڕێی بەدیهێنانی مافەکانیان ، تووشی شۆک دەبن و سەرەنجام بێدەربەستی و نائومێدی و هیچگەراییان لەلا دروست دەبێت و ، ئیتر نرخ بۆ هیچ نەریت و بەهایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دانانێن . هەر کاتێکیش بەم حاڵەتە گەیشتن ، زۆر ئاساییە هەڵوێستی دژ بە کۆمەڵگاو دژ بە نەریتە کۆمەڵایەتییە باشەکان و دژ بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا ، هەر لە خێزانەوە تا دەگاتە کۆمەڵگەی مەدەنی و حزبەکان و پرنسیپە جیاجیاکانی فیکرو سیاسەت و ...هتد ، وەربگرن ، ئەمەش وەهایان لێبکات گیرۆدەی ماددە بێهۆشکەرەکان ببن و لە زەلکاوی بێزراوترین رەوشت و رەفتاردا نقوم بن ، یان سەری خۆیان هەڵبگرن و وڵات و کەسوکارو گەلەکەیان بەجێبهێڵن و روو لە دوارۆژێکی نادیار بکەن .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# دەربارەی هەڵوێستی ئایدیالیستی و ریالیستی لە کاری کارگێڕیدا

شێوەی پەیوەندی مرۆڤ بە دەروبەرەکەیەوە ، لایەنێکی چالاکیی ژیانە . پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەناو خێزاندا ، لەشوێنی کاردا ، لە پەیوەندی بەربڵاوی نێو کۆمەڵدا ، بەشیکی هەرە گەورەی رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت . لەم پەیوەندییانەدا ، تەبایی و ناتەبایی ، گونجان و نەگونجان ، رێکی و ناڕێکی ، وەک دیاردەیەک ئاسایین و رۆژانە روودەدەن . رەوتی ئاسایی ژیانی مرۆڤەکان یەکبینە بەم پرۆسە ئاڵۆزو ناکۆکەدا دەڕوات ، بۆیە هەمیشە مرۆڤ بەرەورووی گیروگرفتەکان دەبێتەوەو بە ناچاریی دەبێت بکەوێتە بەردەم هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردنێکی دروست بۆ ئەو گرفتانەی لەو دیاردانەوە سەرهەڵدەدەن و سەرەڕێی رەوتە ئاساییەکەی لێدەگرن .

مرۆڤ هەموو کاتێک هەڵەو کەموکورییەکانی خۆی نابینێ ، یان هەستیان پێناکات ، لەبەر ئەوە دەرەوەی پرۆسەکە هۆکارێکی گرنگە بۆ ناسینی خود کاتێک لەویوە ، لەدەرەوەی پرۆسەکەوە ، دەستنیشانی کەموکورتییەکانی دەکرێت و سەرنجی بۆ رادەکێشرێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

کاتێک سەرنجمان رادەکێشن و پاڵەپەستۆ لەدەرەوە بەرەو ناخی هۆشمان هوروژم دێنێت ، هەڵوێستێک وەردەگرین . وەرگرتنی هەڵوێست بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کارلێکە دەروونییەی هوروژمە دەرەکییەکە دروستیدەکات یەکێک لەم رێگایانە دەگرێتەبەر : یان بەپیر ئەو رەخنانەوە دەچین و بەرنامەی چارەسەرکردنی بۆ دادەنێین ، یان لەسەر نەریتی باوی کۆمەڵی خێڵەکی و عەشایەری ، بە مێشکێکی لەخۆرازی و تیرەگەرییانەوە لەسەر هەڵەکان سووردەبین و تەنهاو تەنهاخۆمان بەراست دەزانین و ، هەرچی سەرنج و راو ئامۆژگارییەک لەکایەدابێت رەتیدەکەینەوە .

لە کۆمەڵگایەکی داخراودا کە هەلومەرجی ئازادی لەگۆرێدا نەبێت و هەرکەسە بۆ خۆی و بەتەنها بڕیاری رەفتاری خۆی بدات و هەڵوێست وەربگرێت ، ئەو هەڵوێست و بڕیارە پابەندی رۆڵی کۆمەڵایەتی و کاریگەرێتی سیستمە کۆمەڵایەتییەکە دەبێت ، بەپێی ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەش کە هەرکەسە بۆخۆی دەستنیشانیکردووە ، کاردانەوەی بەرامبەر سەرنج و رەخنەکان دەردەبڕێت . کەسێک نییە لە هەموو ماوە جیاجیاکانی ژیانیدا ئەم هەڵوێست وەرگرتنە دەستەویەخەی نەبووبێت و رێگایەکی بۆخۆی هەڵنەبژاردبێ .

ئەو تاکەکەسانەی پڕوایان بەوە هەبێت کە کارەکانیان ، رەفتارەکانیان ، بیروبۆچوونیان ، دەبێت لە خزمەتی خەڵکیدا بێت ، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن گوێ بۆ خەڵکی شلبکەن و ، رێز لە بیروڕای ئەو کەسانە بگرن کە پێکەوە ، لە شوێنێک ، لە سنووری بەرژەوەندییەکی ناوکۆییدا دەژین ، تا شێوازی کارو رەفتاریان لەبەر تیشکی ئەو بیروڕایەی خەڵکیدا داڕێژنەوەو هەمیشە گۆرانکاریی لە شێوەی پەیوەندییەکان و ئاستی کارەکانیاندا بکەن .

رەخنەی خەڵکی هەمیشە سوودبەخشە ، جا ئەو رەخنەیە راستیی پێکابێت یان بۆچوونی هەڵەو تێگەیشتنی ئاوەژوو و تێروانینی سەرپێیی تێدا بێت . لەهەردوو باردا ، مرۆڤ دەتوانێت سوود لە رەخنەکان وەربگرێت . کاردانەوەی هەر یەکێکیش بەرامبەر ئەو رەخنەیەی لێیدەگرن لە یەکێکی دیکە جیاوازە . سەرکەوتن و بەپیرەوەچوونی رەخنەکەش بەندە بەو شێوە کاردانەوەیەوە ، چارەسەرکردنەکەش هەر بەو پێیە بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی ئەوریبازەی رەخنەلێگیراو لەسەریدەڕوات .

لێرەدا باسەکە لە دینامیزمی کاری کارگێریی فەرمانگەیەکدا چڕدەکەمەوە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە خەڵکەوە هەبێت ، بەدەر لەوەی سیستمی سیاسی لەدەستی هەر هێزو لایەن و گرووپێکدا بێت ، یان فەرمانبەر نەیاری سیستمەکە یان لایەنگیری بێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەو کەسانەی فەرمانگەیەک کۆیاندەکاتەوە ، لەڕووی کارگێڕییەوە پلەی جیاجیایان هەیە . زنجیرەی بەرپرسیارێتیش لەبەرپرسی یەکەمەوە تا کارمەندو کرێکارەکان جۆرێک لە پەیوەندی ستوونی پێکدەهێنێت . ئەم پەیوەندییە شێوەیەکی رەسمی وەردەگرێت و لەو سنوورەدا ، فەرمان و جێبەجێکردن و لێپرسینەوەو بەدواداچوون لە نێوان ئاستی سەرەوەو ئاستی خوارەوەدا دەبێت . بەڵام جگە لەو پەیوەندییە ستوونییە ، شیوەیەکی دیکەی پەیوەندی هەیە کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی لە نێوان کارمەندەکانی یەک پلەدا پێکدێت و ، کارلێکی ئەمان لەگەڵ کارەکەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونیدا ، رۆڵی خۆی لە چۆنیەتی راپەڕاندنی کارو خزمەتی خەڵکیدا دەبینێت . لەنێوان ئەم توێژەدا کە پەیوەندی ئاسۆیی پێکدەهێنن ، کەمتر شیوازی رەسمی کاریگەرێتی بەسەریانەوە هەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی جیهانبینی و باری سەرنجی تایبەتی هەریەکێکیان ، کاردانەوەیان ، هەڵوێستیان لە کارو ، لە خەڵکێک کە ئیشیان تێیاندەکەوێت وەردەگرن ، کە لە شێوەی باوی خۆیدا بەهەڵوێستی ئایدیالیستی و هەڵوێستی ریالیستی پێناسە دەکرێن . واتە لەنێو ئەو کارمەندانەی پەیوەندیی ئاسۆیی کار پێکەوە گرێیاندەدا ، دوو بیرکردنەوەو دوو هەڵوێست سەرهەڵدەدات : یەکێکیان ئایدیالیستانەو خودیانەو تەسکبینانەیە ، ئەویدیکەیان ریالیستانەو بابەتیانەو فراوانبینانەیە . دەشێت لەم دوو لایەنەی جیهانبینیدا ، لە سەرەتای کاردا ، لایەنێکیان زاڵبێت کە زێتر لایەنی ریالیستانەیە ، بەڵام لە قۆناغێکی دیکەدا گۆڕانی بەسەردادێت وئاستی راپەڕاندنی کارەکان دەکەوێتە نێو بازنەکانی چالاکی و دیدە جیاوازەکانەوە .

یەکێک لەو دیاردانەی هەتا رادەیەک گشتێتی هەیە ، چالاکی و هەڵسوکەوتی دڵسۆزانەو سەرگەرمیی و پاکی و بەتەنگەوەهاتنی کارو خزمەتی خەڵکییە کە هەموو فەرمانبەرێک یان کرێکاری فەرمانگەیەک ، بەتایبەتی ئەوانەی دیدێکی سیاسی – کۆمەڵایەتیی بەرچاوڕوونیان دەربارەی رۆڵی خۆیان لە کۆمەڵدا هەیە ، لە سەرەتای دەستبەکاربوونیان و بۆ ماوەیەک پەیڕەویدەکەن ؛ بەڵام ئەم بیرکردنەوەو هەڵوێستە لەسایەی کارگێڕییەکی گەندەڵدا جەزرەبەی بەردەکەوێت ، بەدەگمەن و تاکوتەرایەک نەبێت ، کارمەندەکانی دیکە بەرەو بیرو هەڵوێستی ئایدیالیستی و خودیانە هەڵدەخزێن : ئاستی کارەکانیان بەرە بەرە بەدوادادێت ، سەرگەرمییان بۆ کارەکان بەرەو ساردبوونەوە دەچێت ، بەنابەدڵی و بەگیانی لەکۆڵخۆکردنەوەوە کارەکان ئەنجامدەدەن و ، رێژەی گازاندەو پرتەوبۆڵەو ناڕەزایەتیان لە کارەکان بەرەو هەڵچوون دەچێت . واتە هەنگاو شوێنە ریالیستییەکەیان چۆڵدەکەن و بەرەو شوێنە ئایدیالیستێکە دەگوێزنەوە ، بەوەش لە خزمەتی خەڵک دەکشێنەوەو تەنها رۆژ

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەژمێرن و کات بەسەردەبەن ؛ ئەمەش گەندەڵیی زێتر کەڵەکە دەکات و بەو هۆیەوە ئەرکی چاکسازیی کارگێڕیی گرانتر دەبێت . ئەوانە کە بارودۆخی گەندەڵی ئەم گۆڕانەیان بەسەردەهێنێ ، ئەگەر سەرنجیان بۆ گۆڕانەکەیان رابکێشی و کاریگەریی نەرێیانەی ئەم هەڵوێستەیان لە کار نیشان بدەیت ، بە ئایدیالیستت لە قەڵەم دەدەن و هەڵوێستەکەی خۆیان وەها شیدەکەنەوە کە ریالیستانەیەو لەگەڵ واقیعی بارودۆخەکەو فەرمانگەکان و سیستەمی فەرمانڕەواییدا دەگونجێ .

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆ کارمەندێکی مولتەزیم بە خزمەتی خەڵکیی - بەدەر لە چۆنایەتیی سیستەمی سیاسی – دەبێت چ هەڵوێستێک وەربگرێت ؟ ئایا ئەویش خۆی بەدەم شەپۆلی گەندەڵییەوە بدات ؟ لە ئاستی گەندەڵییەک کە هەیە دەستەوسان دابنیشێ ؟ لە ئاستی هاوپیشە یان هاوکارەکانی بێدەنگ بێت و رێگەیان بدات بەشداریی ئەو گەندەڵییە بکەن ؟ یان بەپێچەوانەوە ، لە سنووری تواناکانیدا بەرهەڵستی ئەو گەندەڵییە بکات و هاوکارەکانی بەرەو رێگا راستەکە ئاڕاستەبکات .

لەڕاستیدا هەڵوێستی ریالیستانە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە گەندەڵی بە حاڵەتێکی دژ بە خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان دەزانێت ، بۆیە دەبێت لە پێناوی خەڵکدا هەوڵی بەدەستهێنانی هەڵوێستێکی نوێ و بنیاتنانی لەنێو کارمەندەکاندا بدرێت . بنیاتنانی ئەم هەڵوێستە نوێیە پەیوەستبوون دەخوازێت بە بیرکرنەوەو رەفتاری ریالیستانەوە ، تا دیدو بۆچوون لە بواری تەسکی کارێکی دیاریکراوی فەرمانبەرییەوە بۆ جیهانی فراوان و دنیای خەڵکیی بگوازرێتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش رێبازێکی هەمیشەیی دروست هەیە ، ئەویش شیکردنەوەی کارەکەیە ، دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانەیە کە پەیوەندییان بە حکومەت و گەندەڵییەوە هەیە ، لەگەڵ ئەو خاڵانەی پەیوەندییان بە خەڵک و کاری رێک و راستو پاکەوە هەیە . لەم شیکردنەوەیەدا ، لەنێو ئەم دوو لایەنە ناکۆکەدا ، دەبێت سەرەتا لایەنی سەرەکیی نێوان ئەو دوو دژە دیاریبکرێت و ، هەوڵی راکێشانی کارمەندەکان یان کەسی مەبەست بۆ تێگەیشتن و قەناعەت بە لایەنە سەرەکییەکە ، کە خەڵک و راستی و پاکی و دڵسۆزی و کاری خزمەتگوزارییە بەبێ بەرامبەر ، بدرێت . هەڵوێستی ریالیستی لە کار لێرەوە دەستپێدەکات . لەبەر ئەوە ، لە سنووری راستکردنەوەی هەڵەکان و دوورکەوتنەوە لە بەشداریکردنی کاری گەندەڵی ، هەندێ پێداویستیی سەرەکیی کار هەیە دەبێت رەچاوبکرێن و کارمەندە دڵساردبووەکانی لێئاگادار بکرێت و بۆ جێبەجێکردنیان هانبدرێن ، لەوانە :

1 ) ئامادەبوون بۆ شوێنی کار لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دوانەکەوتن بەبێ هۆو کۆسپێکی بەجی .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

2 ) ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو کارانەی لەبەردەستدایە بەپێی کاتی دانراو بۆ مانەوەو ، هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ڕۆژانەی کارەکان و دوانەخستنی بۆ ڕۆژی داهاتوو .
3 ) ڕاپەڕاندنی هەندێ کاری دیکە لە بواری یارمەتیدانی فەرمانبەرانی هاوکاردا بێ گوێدانە پێزانین و بێدەنگییان . دووبارەبوونەوەی ئەم هەڵوێستە کاریگەرێتی دەبێت و بارودۆخێکی نوێ لە پەیوەندی دۆستانەی نێوان فەرمانبەرەکاندا دێنێتەکایەوەودڵساردی کەم و کەمتردەکاتەوە .
4 ) یارمەتیدانی هەر فەرمانبەرێکی نوێ کە بۆ یەکەم جار دادەمەزرێ یان بە گواستنەوە دێت ، بۆ ئەوەی بتوانێت شارەزایی لە کارەکاندا پەیدابکات و لە ماوەیەکی کورتدا بە باشترین شێوە ئەو کارانەی بۆی دیاریکراوە ئەنجام بدات .
5 ) بەدواداچوونی ڕۆژانەی سەرجەمی کارەکان و ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی دواکەوتوون .
ئەم خاڵانەو چەندین خاڵی دیکە بنەمای کارێکی واقیعین کە دەڕژێنە نێو بەرژەوەندیی خەڵکییەوە ، بەدەر لەوەی فەرمانڕەواکان کێن .
کارمەندان ( فەرمانبەران ) . لەهەر شوێنێکدا کاربکەن ، وەک جەڕی نێو ماشێنێکی ئێجگار گەورەن . ئەمە ڕاستییەکە ناشاردرێتەوەو ، کارەکەیان لە خزمەتی سیاسەتی گشتی فەرمانگەکەیاندا دەبێت . ئەوان بیانەوێت یان نەیانەوێت بەشێوەیەک لەشێوەکان لە خزمەتی دەسەڵاتدارانی دەزگاکانی دەوڵەتدان . هەروەک چۆن کرێکارێک ناچارە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و خێزانەکەی هێزی کاری خۆی بفرۆشی بە سەرمایەدارەکان یان بە دەوڵەت ، فەرمانبەریش وزەو تواناو شارەزایی خۆی بەچەند پوولێک دەفرۆشێت بە دەوڵەت تا بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابینبکات . ئەم شێوەیە لە کارکردن ، بەتایبەتی لە فەرمانگە خزمەتگوزارییەکاندا زەقێتی چەوساندنەوەی کرێکارانی پێوە دیارنییە ، لەسەرێکی دیکەشەوە جەمسەرێکی پەیوەندیی بە خەڵکییەوە هەیە ، واتا بەشێکی زۆری ئەم کارە خزمەتگوزارییانە پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکییەوە هەیە . لەبەر ئەوە دەشێت لایەنێکی گرنگی توانای فەرمانبەر بخرێتە خزمەتی خەڵکەوە . ئەم لایەنە دەبێتە محەکی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی کارمەندەکە لەگەڵ خەڵکی و ، لەگەڵ چۆنیەتی بینینی دەوری خۆی لە کۆمەڵدا . بەم پێیە ڕێژەیەکی کارەکەی ناچێتە خزمەتی سیاسەتی گشتی دەوڵەتەوەو دەتوانێت ئاڕاستەی خزمەتکردنی خەڵکیی بکات . بەم جۆرە فەرمانبەر وەک تاکەکەسیش ڕۆڵی دەبێت و ، کاردانەوەی بەرامبەر پێداویستییەکانی خەڵک و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان ، سیمای ڕەفتارو هەڵوێستی دیاریدەکەن .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەر لەم روانگەیەوە بەربەرەکانیکردنی بنچینە یاساییەکانی کارو دیسپلینی رێکخستنی ئەو ئیشە کە دەوڵەت بە یاساکانی خۆی دیاریکردووە ، مەرج نییە هەموو کاتێک لەگەڵ هەڵوێستی رەتکردنەوەی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت یەکانگیربێت ، بۆیە دەبێت بە تێکڕایی تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن و بۆ هەر یەکەیان و بۆ هەر کاتێکیش بەجیا هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەر وەربگیرێت.
فەرمانبەرێک کە بارودۆخی کارەکەی لەگەڵ هەڵوێستی تایبەتی ئەودا لە سیستمی فەرمانڕەواو یاساکانی نەگونجێت ، دەبێت رەتکردنەوەکەی لەسەر بنچینەیەکی واقیعی دابڕێژێت و ، کەم و زۆر جەزرەبە بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک و کۆمەڵگا نەگەیەنێت . لە بواری کاری سیاسیدا دەتوانێت بەشداریی خەباتی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن بکات و ، لە بواری ئیعتیرازیشدا بە چۆنایەتی کارەکەی ، دەتوانێت لەگەڵ هاوپیشەو هاوکارەکانیدا هەڵوێستی یەکبخات و لە سنووری هەمان فەرمانگەدا یان بە شێوەیەکی رێکخراو لە ئاستێکی فراوانتردا لەڕێی کۆمەڵەو سەندیکاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ، ئامانجەکانی لە ئاستێکی بەرزدا رابگرێت و لە سنوورێکی یاساییدا ، ئەوەندەی یاسای کارپێکراو رێگەدەدات ، یان بەڕێگەکانی تێکۆشانی مەدەنی ، بۆ بەدیهێنانی بارودۆخێکی لەبارتر بۆ کارەکەی خەبات بکات و هەوڵی پاراستنی مافەکانی لە دەستدرێژیکردنی دەزگا ئیدارییە باڵاکانی دەوڵەت بدات و بەدوای راگرتنی هاوکێشەی مافەکان و ئەرکەکانییەوە بێت .
لێرەدا چەند خاڵێک لەو مافە سەرەتاییانە دەستنیشاندەکەین کە کارمەندان لێی بێبەشن و دەبێت هوشیاریی تەواویان لە بارەیانەوە هەبێت و لە پێناوی بەدەستهێنانیاندا تێبکۆشن و هەرگیز دەستبەرداریان نەبن ؛ دیارە بەپێی ئەو هەلومەرجەی بۆیان دەڕەخسێ ، هەرچەندە بەدەستهاتنی ئەو مافانە ، لە دوا شیکردنەوەدا ، پەیوەندیی بە گۆرانکاریی ریشەیی سیاسەتە گشتییەکەوە هەیەو رادەو ئاست و پانتایی و قووڵیی گەندەڵیش رۆڵی خۆی لە درەنگ و زوویی سەرکەوتن لەم کایەیەدا دەبینێت .
1 ) تێکۆشان بۆ کرێیەکی گونجاو کە ژیانێکی ئاسایی دابینبکات ، لەلایەک بە دانانی لانی کەمی مووچە کە ژیانی خێزانێک ( بەپێی تێکڕایی ژمارەی ئەندامانی خێزان لە وڵاتدا ) زامن بکات و ، لەلایەکی دیکە بە زیادکردنی مووچە لەگەڵ هەر زیادبوونیک لە نرخی کاڵاو پێداویستییەکانی ژیاندا . دەبێت مووچەی فەرمانبەران بەپێی دابەزینی نرخی دراوو ، پێبەپێی گرانی و جووڵانی بازاڕ گۆڕانی بەسەردابێت .
2 ) دابینکردنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کە بارودۆخێکی باش لە شوێنی کاردا پێکدەهێنێت ، واتا دروستکردنی شوێنکارێکی رێکوپێکی بێ کەموکووری بۆ ئەوەی کارمەند لەڕووی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەروونییەوە ئاسوودە بێت و بەوپەڕی کراوەیی و خۆشییەوە کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت . لەو پێداویستییانە :
1/2 پاکوخاوێنی فەرمانگەو جوانکاریی و ڕێکخستنی .
2/2 نوێیی کەلوپەلەکان .
3/2 دابینکردنی هۆیەکانی ساردکردنەوە لە هاویندا و ، هۆیەکانی گەرمکردنەوە لە زستاندا .
4/2 تەرخانکردنی شوێنێک بۆ پشوودانی کارمەندەکان کە خواردن و خواردنەوەی بە نرخێکی هەرزان تێدا بێت .
3 ) تەرخانکردنی هۆی هاتوچۆکردن بە خۆڕایی بۆ فەرمانبەران لە ماڵەوە بۆ فەرمانگەو ، بەپێچەوانەشەوە ، بۆ ئەوەی ئەرکی مشوورخواردنی چۆنیەتی گەیشتن و گەڕانەوە لەبەردەمیان سووکبکرێت ؛ ئەگەر ئەوەش نەلوا ، پێویستە ماوەی هاتن و چوون بەپێی پانتایی ئەو شوێنە بکرێتە بەشێکی سەعاتەکانی کارکردن ، واتا مووچەی لەسەر وەربگیرێت یان ماوەکەی لانی کەم بەیەک سەعات دیاریبکرێت و لەسەر دەوام حساب بکرێت .
4 ) کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن بەپێی قەوارەی کارەکان ، ئەوەش بەپێی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی کاروباری هەر فەرمانگەیەک ، یان بەپێی تێکڕای سەعاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە یەک ڕۆژدا .
5 ) دانی کرێی زیاد بە فەرمانبەران بەپێی سەعاتە زیادەکانی کارکردنیان لە سەروو ئەو ماوەیەی یاسا بۆ دەوامی ڕەسمی دیاریکردووەو ، زامنکردنی بەپێی یاسایەکی تایبەتی .
6 ) دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ فەرمانبەرو خێزانەکەی و ، چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان بە خۆڕایی لە نەخۆشخانەکانی حکومەتداو ، سنوور دانەنان بۆ ئەو ماوەیەی کارمەندی نەخۆش پێویستیی بە مۆڵەتی نەخۆشی هەیە .
7 ) پترکردنی ڕۆژەکانی مۆڵەتی ئاسایی و بە هیچ مەرجێکەوە گرێنەدرێت . دەبێت فەرمانبەر لە سنووری بڕیاردراودا بتوانێت مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت و ، بۆ ئیشە تایبەتییەکانی ڕێی لێنەگیرێت . دەبێت دانانی مەرجی کۆبوونەوەی شەش مانگ مۆڵەت بۆ کاتی خانەنشینی هەڵبگیرێت و ، ڕێزلێنان بە مووچەی شەش مانگ هەتا ساڵێک لەکاتی خانەنشینبووندا ببێتە بڕگەیەکی یاسای خانەنشینبوونی فەرمانبەران .
8 ) دەبێت لە نێو هەموو خاڵەکاندا ، ئەوەندەی پەیوەندی بە فەرمانبەری ژنەوە هەیە ، بارودۆخ و تەندروستی و ئەرکە زۆروزەبەندەکانی ژنان ڕەچاوبکرێت لەڕێی :
1/8 یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا لەڕووی کرێ و دەرماڵەو هەر ئیمتیازاتێکی ماددی و مەعنەوییەوەو کەسایەتیی یاساییان هاوتای کەسایەتیی پیاوان بێت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

2/8 سەعاتەکانی کارکردنی ژنان کەمتر بێت لە سەعاتەکانی کارکردنی پیاوان ، بەتایبەتی بۆ ئەو ژنانەی دووگیانن یان منداڵبەرن .
3/8 بە یاسا ڕۆژەکانی مۆڵەتی ژنان لە مانگێکدا زێتر بێت و ڕەچاوی باری تایبەتی تەندروستییان بکرێت . هەروەها بە یاسا مافی مۆڵەتی منداڵبوون و دایکایەتییان بۆ زامن بکرێت و هیچ مەرجێک لەلایەن فەرمانگەکانیانەوە بۆ ئەو مەبەستە دانەنرێت و مافەکانیان پێشێل نەکرێت .
ئەم خاڵانە ، واقیعیبوون بەرجەستەدەکەن ، چونکە هەریەکێکیان چارەسەرکردنی واقیعێکی وشکهەڵاتووی دواکەوتووەو پڕ بە کەموکوورییەکانی ئێستایە . واقیعیبوون دانانی چارەسەرکردنی دروستە لە شوێنی بوویەکی نادروستدا ، واتا لە واقیعێکەوە دەستپێدەکەیت و بە واقیعێکی باڵاتری دەگۆڕیت .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# دادگا تاوانبارێکی ئەنفالی ئازاد کرد !

یەکێک لە دیاردە سەیرو سەمەرەکانی جیهان بانگاشەی دادپەروەرییە . هەر چینە دێت و دادپەروەری بۆ بەرژەوەندیی خۆی پێناسە دەکات . هەر حزبە دێت و بڕیارەکانی خۆی بە ئەوپەڕی دادپەروەری دەزانێت . هەر حکومەتێک دێتە سەرکار یاساکانی خۆی بە بەرجەستەی دادپەروەری لە قەڵەم دەدا ؛ ئەوانە لە چەمکێک دەدوێن کە هێشتا بۆ یەک رۆژیش لەسەر رووی ئەم زەمینە نەهاتۆتە دی . لەبەر ئەوە سەیرەو سەیریش نییە ئەم دادپەروەرییە لە بەرگی جیاجیادا ببینین ، یان ملی یاساکان بەدەستی دادوەرەکانەوە ببینین ، چۆنیان بوێت وەها بایبدەن ، یان بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران - بیانی بن یان خۆماڵی - بێدادیی پێ بچەسپێنن ، یان هەق و ناهەق جێگۆڕکێ پێ بکەن .

ئەوەتا لە ئەنجام و بڕیارەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالدا ، شێوەیەک لەو ناهەقییە بەرچاومان دەکەوێت ؛ ئەوەتا تاوانبارێکی وەک ( طاهر العانی ) ئازاد دەکرێت و ، دادگا پاساوی ئازادکردنی بەوە دەهێنێتەوە کە گوایا بەڵگەنامەی پێویستی لەسەر نەبووە ! یان بە واتایەکی دیکە ، بە بێ تاوان گیراوە ، بێ گوناهە ، دەستی پاک و بێگەردەو بە خوێنی قوربانییانی ئەنفالدا نەچووە !

ئەوەی جێی سەرنجەو جۆری پێکهاتەی دادگاکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە ، بچووککردنەوەی تاوانەکان بوو بۆ تاوانی ئاسایی و ، بەو پێیەش یاسای عێراقی و بازنەی ( تاوان ) ە ئاساییەکان بۆ دادگا دیاریکرا .

لە راستیدا ئەوە دادگایەک نەبوو بە قەوارەی ئەو تاوانە گەورەیەی لە مێژووی رەشی بەعسییەکاندا بە ئەنفال ناسرا ، دادگا وەک تاکەکەسی ( مجرد ) لەو بەرپرسیارێتییەی هەیانبوو ، مامەڵەی لەگەڵ تاوانبارەکاندا دەکردو ، تەنها بە دوای بەڵگەی دیاریکراوی تاوانەوە بوو . دادگا بە پێی یاسای عێراقی بەڵگەی بەرچاوی بۆ ئیدانەکردن و حوکمدانی تاوانباران دەویست ، وەک چۆن بۆ حوکمدانی هەر بکوژێکی ئاسایی دەیەوێت .

بڕیاری ئازادکردنی ئەو تاوانبارە ، سەرەنجامی هەڵەیەکی بونیادیی بوو لە پێکهێنانی دادگادا . دادگا بێ رەچاوکردنی لایەنی سیاسی پێکهاتبوو ، سیاسەتی تێدا فەرامۆش کرابوو ؛ ئەگینا چۆن دەبێت تاوانبارێکی وەها کە ئەندامی سەرکردایەتی بەعس

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

بوو ، بەم شێوەیە ، قورتاری ببێت و لاپەڕە ڕەشەکەی بە بڕیاری دادگا سپی بکرێتەوە .

ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەو ، وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتی بەعس ، دوو جۆرە بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی: بەرپرسیارێتییەکی تاکەکەسی ، واتە بەرپرسیارێتی شەخسی لەبەکارهێنانی دەسەڵاتیدا لە هەر شوێن و جێوڕێیەکدا کاری کردبێت و ؛ بەرپرسیارێتییەکی ناوکۆیی بە کۆمەڵیش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە حزبییە باڵایەی بۆ نزیکەی چل ساڵ مەرگیان لە عێراقدا دەچاند .

ئەو وەک هەر ئەندامێکی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و نەتەوایەتی حزبی بەعس بەشێکی تاوانەکانی ڕژێمی لە گەردندایە ، نەک هەر بەرامبەر قوربانییانی ئەنفال ، بەڵکو بەرامبەر هەر هاووڵاتییەک کە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی بەعس زیانی جەستەیی و دەروونی یان ماددی و مەعنەوی پێگەیاندبێ .

ئەو دەزگایەی ڕژێمی بەعس کە بە هیچ لۆژیکێک ئازادکردن نایگرێتەوە سەرکردایەتیی هەرێمایەتی ( القيادةالقطرية ) ی بەعسە ، چونکە ئەندامانی ئەم دەزگا باڵایە داڕێژەرو جێبەجێکەری سیاسەتی فاشستیانەو ڕەگەزپەرستانەی ڕژێم بوون و ، هەر لەو ڕۆژەوەی دەسەڵاتیان زەوت کرد تا ڕۆژی رووخاندنیان ، لە تەواوی ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلانی عێراق و ناوچەکەیان کردووە بەرپرسیارن .

لەبەر ئەوانە هەمووی ، لانی کەمی " داد " ێک کە داگیرکەران و دەسەڵاتی ئەمڕۆ لە عێراقدا خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن ئەوە دەخوازێت کە ئەم تاوانبارەو سەرجەم تاوانبارەکانی دیکەی سەرکردایەتی بەعس کە پشکیان لە دەسەڵاتدا هەبووە ، بەرپرسیارێتی چل ساڵیان لێدانەماڵرێ و تاوانەکانیان لە تەوێڵیان نەسڕدرێتەوە .

دەبێت ئەوانە ، سزای ڕاستەقینەی خۆیان وەک زیندانیی هەتا هەتایی لە کونجی زیندانێکدا بەسەربەرن تا ئەو ڕۆژەی بەرەو گۆڕستان مل دەشکێنن .

حوزەیرانی ٢٠٠٧

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

# دەربارەی ئینتەرنێت و گرووپەکان

لەسەر تۆری کۆمەڵایەتیی فەیسبوک لە ئینتەرنێتدا ، بەشێوەیەکی فراوان ، پێکهێنانی گرووپی جیاجیا دەبینین . هەر گرووپە کۆمەڵێک لە بەشداربووانی ئەو تۆڕەی کۆکردۆتەوەو ، ئامانجێک ، مەبەستێک ، کەیسێکی بۆ خۆی دیاریکردووە . هەندێک لەو گرووپانە ئەکتیڤن و ، هەندێکیشیان هەر بەناو هەن و کارلێکێکی بەرچاو لەنێوانیاندا نییە .

سەرچاوەی پێکهێنانی ئەم گرووپانە بۆ سروشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە ، پەیوەندیی بە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە هەیە ؛ ئەو سروشت و خەسلەتانەی لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە لەسەر زەوی ، دیاردەیەکی بوونی مرۆڤ و چالاکییەکانی بووە ، چ لە ململانێیدا لەگەڵ سروشت و ، چ لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا .

مرۆڤ بێ کۆمەڵ نەیتوانیوە ئەو ململانێیە بەرەوپێشەوە بەرێت ، پێشکەوتنی ژیانیش سەرەنجامی ئەو کارە هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییە بووە کە گرووپە جیاجیاکانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر پێرەویانکردووە . بەم پێیە پێکهێنانی گرووپ لە ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵداو ، دیاردەی سەرهەڵدانی لەنێو نوێترین ئامرازەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا ، درێژەپێدانی ئەو رەوتە مێژووییەی کاری بەکۆمەڵە کە بەشێوەی جۆراوجۆرو بۆ مەبەستی جیاجیا پێکهاتووە .

ئەمرۆ بە هۆی ئەو ئیمکاناتەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رەخساندوویانە ، دەتوانرێت لە زۆر بواردا بەشێوەیەکی باش ، کە هەرگیز پێش ئەم بازدانە گەورەیەی زانست و تەکنەلۆژیا نەبووەو

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

نەبینراوە ، خەڵکی خۆی ڕێکبخات و بۆ بەدیهێنانی هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان سوودی لێوەربگرن .
سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندیدا ، دەشێت هەموو کایەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی و سەربازی و ئیداری و ... هتد ، بگرێتەوەو ، بەئاسانترین ڕێگە مەبەستەکان بەدەستەوە بدات . دەتوانێت شێوە تەقلیدییەکانی پەیوەندیی ئەندامانی گرووپێک یان پەیوەندیی گرووپەکان بەیەکەوە ببەزێنێت و ، لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتێکدا ، یان لەسەر ئاستی ناوچەیەکدا ، یان لەسەر ئاستی جیهاندا پەیوەندییەکان پێکبهێنێت و پەرەیان پێبدات ؛ لەبەر ئەوە بازنەی فراوانیی گرووپەکان بەپێی ئامانجەکان و سنووری هەڵسووڕان و کارکردنیان دەشێت لە ئەلقە ئەڵقەی جیاوازدا بن و هەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراوی بەرتەسکەوە تا گشت جیهان بگرێتەوە .
ئێمەی نەوەی ئەم سەدەو هەزارە نوێیە هەلێکی لەبارمان بۆ ڕەخساوەو ، بۆ ئەوەی لە کاروانی بەرەوپێشەوە کشاوی بەشەرییەت دوانەکەوین ، پێویستە لە دوا ئیمکاناتە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی سەردەم سوودوەربگرین و بیخەینە خزمەتی ئامانجەکانمانەوە .

# پەراوێزەکان

(1) ئەم وتارە لەچلەی مەرگی مامۆستادا ڕۆژی 2001/5/29 لە هۆڵی ڕۆشنبیریی لەسلێمانی ، لەلایەن نووسەرەوە خوێندرایەوە .

(2) مەبەست شەهید (جعفر عبدالواحد)ە کەلە 1976/11/21 دا ، لەگەڵ شەهیدان (شەهاب شیخ نوری)و (ئەنوەر زۆراب) لەزیندانی (ئەبوغرێب) لەسێدارە دران . ئەم وتارە کورتکراوەی وتارێکە ساڵی 1991 بۆ ئەو ئاهەنگی یادەوەرییە نووسیم کەنیاز وابوو لە (کۆیە) بۆی بکرێت بەڵام ئەو ساڵە نەکراو کە پاش یەک دوو ساڵ یادەوەریی کرایەوە بانگیان نەکردم .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

(3) (ئاگر) نازناوی شیعریی شەهید جەعفەر بوو ، ئەوەشم دوای شەهیدبوونی زانی لەرێگەی شیعرێکی کاک (خالد دلێر)ەوە کەبەو بۆنەیەوە دایناوو .
(4) ئەم کتێبە لە نووسینی (مام جلال)ەو بەزمانی عەرەبییە ، پێشکەشێکەی شیعری شاعیری گەورەی عەرەب (محمد مهدی الجواهری) یە .
(5) شیعرەکە بەناونیشانی (تنویمه الجیاع)ەو هەر ئەو دێڕانەم لە بیرماوە کە شەهید جەعفەر زۆری دەگوتنەوە ، بەپێویستیشم نەزانی لەبەر دیوانەکەی جەواهیری هەمووی بنووسمەوە چونکە مەبەست نموونەکەی شەهیدە بۆ ئەرکی کەسانی بلیمەت و شۆڕشگێڕ .
(6) کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد(کۆنگرەی راپەڕین)کە لە 15 – 17 ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1991دا لە شاری (شەقڵاوە) بەسترا ، دەربارەی ئەو نووسەرانەی لە زیندانەکانی رژێمی عیراقدان بڕیارێکیدا ، بەپێی ئەو بڕیارە دوای دەستبەکاربوونی دەستەی کارگێڕیی – مەڵبەندی گشتی ، دەبێت یەکێتیی نووسەران یاداشتێک دەربارەی چارەنووسی ئەو نووسەرانە ئاڕاستەی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات . یەکێک لەو نووسەرانە (فەهمی قەرەداغی) بوو کە لە 1980/11/29 وە لەلایەن دەزگا جاسوسییەکانی رژێمەوە بێ سەرو شوێن کرابوو .
فەهمی قەرەداغی ، یەکێکە لە نووسەرە قەڵەم بە بڕشتەکانی ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو کەلەبواری سیاسەو رۆشنبیرو رۆژنامەگەریدا دەنگێکی دیاربوو ، ئەندامێکی چالاکیی شانە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بوو .
ئەم چەند دێڕەم لەسێ کاتی جیاجیادا بۆ نووسی :
یەکەم بەشیان ، دوای راپەڕین ، لە کاتی بەستنی کۆنگرەی نووسەراندا وەک هەستێکی تایبەتی لەناخمدا خرۆشاو خەم و پەژارەی زیندانیکردنی ئەوی پێبووە وشەو ئەم پەخشانەی لێرسکاو لە ئاهەنگێکدا کە بەبۆنەی ئازادبوونی زیندانە سیاسییەکان لە (هۆڵی گەل) لە هەولێر سازدرا خوێندمەوە .

دووەم بەشیان ، دوای وتارێکی کاک (صلاح شیخ شەرەف) و دوو وتاری بەندەو بەڕێز (مام جلال) لە ژمارەکانی (1151 ، 1164 ، 1165) ی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا ، دیسان لە ناخمدا خەملی و ئەو وشانەی بەرهەم هێنا .
سێیەم بەشیان لە دوای تەواو بوونی پرسەی دایکم نووسیم کەلە 2000/6/2 دا کۆچی دوایی کردو بەحەسرەتی بینینەوەی (فەهمی) سەرینایەوە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

(7) بـۆ ئاگـاداریی خـوێنەرانی هێـژا لەو مـاوەیەدا ، کە نـزیکەی سـاڵێک و چەنـد مـانگێکی خایانـد ، سەرنووسـەری رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) بـووم یەک سـەروتارو سـێوتارم بەناوی (وتاری هەرێـم)ەوە نووسـیوە . لەم کتێـبەدا تەنها دووانیـــان پەخـــش دەکەم یەکێکیـــان ئەم وتـــارەیەو ئەویـدیکەیان وتـاری ((دەبێـت کەسـی شـیاو بـۆ شـوێنی شـیاو دابنرێـت)) کەلەبەشـی سـێیەمدایە ، دوو وتـارەکەی دیـکە ((کـۆنگرەی ئۆپۆزیـسیۆنی عێـراق و دەرفەتێکـی دیـکە بـۆ ستراتیژێکی یەکگرتوو)) و ((حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان خەونـی دێـرین و دەسـکەوتی مەزنـی گەلەکەمـانە)) کە لە ژمارەکـانی 154 و219 ی رۆژنـامەی (هەرێمـی کوردسـتان)دا بڵاوکـراونەتەوە ، لەبەر ئەوەی لەکـاتی بڵاوکردنەوەیانـدا چەنـد دەستەواژەو چەمکێکی تێـدا دەسـتکاریکرا مـۆرکی بیروبۆچـوونی منیان بەسەرەوە نەمـا بـۆیە هەر ئەو کـاتەو هەتـا ئێـستاش ، تەواو خۆم بە خاوەنیان نازانم ، لەبەرئەوە لێرەدا بڵاوم نەکردنەوە .

.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)